فایلی
ئەنفالی سپی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

# لاوان

42

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
گەلاوێژی ١٣٩٠ August 2011

- دەرئەنجامە نەرێتەکانی گیرۆدەیی
- کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان
- لە پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاددا کێ تاوانبارە؟
- سیاسەتی بەردەوامی بکوژانی لاوانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کلیلی دڵی ئافرەتان کامانەن
- چۆن یەک نامەی داواکاری بنووسین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!
هاوڕێیان و دۆستانی ئازیز!

لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بە نوێنەرایەتی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانەوە بە بۆنەی تێپەڕ بوونی **٦٦** ساڵ بە سەر تەمەنی پڕ لە سەروەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پیرۆزبایی‌یەکی گەرم لە خۆمان و لە ئێوە و لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان دەکەین.

تەمەنی پڕ لە شانازی و سەروەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مێژوویەکی پڕشەنگدارە لە بەربەرەکانی لە گەڵ دیکتاتۆری پاشایەتی سەرەڕۆیی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران و خەبات لە پێناو وەدیی‌هێنانی داخوازی‌یە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی و لەو ڕێگەیەدا بە هەزاران شەهید گیانیان بەخت کردووە. هەر لێرەدا سەری ڕێز و نەوازش لە بەرامبەر سەرجەم شەهیدانی ئەم حیزبە و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی دادەنوێنین و بۆ هاوسەنگەرانی ماوە لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی تەمەن درێژی بە ئاوات دەخوازین.

**٦٦** ساڵ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانی‌یەکانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە بەرهەمی لەخۆبردوویی و بەشداری هەزاران لاوی شۆرشگێر و ژنی کۆڵ نەدەرە کە توانیویانە بە بەردەوامی کاروانی ئەم حیزبە درێژە پێ بدەن و ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگا بوونەتە قەڵایەکی بەهێز و پۆڵایین بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری‌دا.

لە یادی **٦٦** ساڵەی دامەزرانی ئەم حێزبە تێکۆشەرەدا سەرکەوتنی یەکجارەیی بۆ بە ئاوات دەخوازین و هەردەم ئامادەین لە پێناو جێگیرکردنی دێموکراسی، دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی و یەکسانی و بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پشتیوان و یاری وەفاداری ئەم بزووتنەوە نیشتمانی‌یە بین.

سەرکەوێ خەباتی میللی دێموکراتیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.
بەرزو پیرۆز بێ یادی **٦٦** ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.
یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان،
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژماره: ٤٢ و٤٣
خەرمانانی ٢٧١١ی کوردی(١٣٩٠) بەرامبەر بە
سێپتەمبەری ٢٠١١ی زایینی

دەوری دووهەم، ساڵی یازدەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

## پێرست

سەروتار.......................................سەرنووسەر
فایلی ژمارە:
ئەنفالی سپی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
دەرەنجامە نەرێنییەکانی گیرۆدەیی لە سەر تاك و کۆمەڵگا..ل٤
هۆکارەکانی گیرۆدەیی و تووش بوون بە ماددە ............ل٩
ماددە هۆشبەرەکان چەکێکی نوێ بۆ تواندنەوەی کورد ...ل١٧
کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگای کورد ........ل١٩
سیاسەتی بەردەوامی بکوژانی لاوانی کورد.............ل٢١
کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی لە ..................ل٢٣
لە پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاددا کێ تاوان ...........ل٢٥
ماددە هۆشبەرەکان مەترسیدار ترین ....................ل٢٧
کۆماری ئیسلامی ئێران و ماددە هۆش ..................ل٢٩
ئێعتیاد (خوگرتن) بە ..............................ل٣٢
وەڵامی مرۆڤ کوشتن ئێعدام نیە کوشتن ...............ل٣٣
وتوێژی گۆڤاری لاوان لە گەڵ سەیران م ...............ل٣٧
با لە دەلاقەی سوریەوە تەماشای جیهان..................ل٣٩
ئایا بە بێ توندوتیژی ئاڵوگۆڕی کۆ...............ل٤٣
مێژووی پەیدابوونی زەوی و ژیان و ................ل٤٥
ئەوخونچانەی کە پێش پشکووتن هەڵ ............ل٥٠
زیزیم لێت....................................ل٥١
کلیلەکانی کردنەوەی دڵی ژنان ك ...............ل٥٢
سێدارەم شانازییە ............................ل٥٣
کەونە Z......................................ل٥٤
هومێد و ناهومێد...............................ل٥٨
چریکە ......................................ل٥٩
چیرۆکی فیرعەون و شەیتان....................ل٦٠
گەش بین و ڕەش بین لە ژیانی ..................ل٦١
سەدە هات و سەدە ڕۆی.......................ل٦٣
چیرۆکی ژیانی کچێکی سەر شەقام..............ل٦٤
کار و چالاکی....................................ل٦٧

خاوەن ئیمتیاز:
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
Email:
jalalsalehi@yahoo.com
٠٠٩٦٤٧٥٠١٥٦٣٤٦٢

**دەستەی نووسەران:**
وریا ساڵحزادە
سیروان مووساپوور
تەها ڕەحیمی
هەژیر عەبدوڵلاپوور

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی راد
**تایپ و دیزاینی ناوەوە:**
ئازاد محەممەدزادە

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: WWW.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تۆپ باران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێران و تورکیەوە



سەید جلال سالحی

بە شاهیدی مێژوو یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی جیهان کە تاکوو ئێستاش بێ دەوڵەتە و بەردەوامیش لە لایەن نەیارەکانیەوە چەوساوەتەوەو دەچەوسێشتەوە نەتەوەی کوردە، نەتەوەیەک کە پتر لە چل ملوێن حەشیمەتی هەیە و بەسەر چەندین دەوڵەت دا دابەش و کوت کوت کراوە. بەڵام پاش ساڵانێکی دووروودرێژ و خەباتی بێ‌پسانەوەی گەلی کورد، یەکێک لە پارچەکانی ڕزگار و نیمچە سەربەخۆییەکی وەرگرتووە، بەڵام هەر لە دەست پێکی ڕزگارکردنی ئێڕاقدا تورکیە بەناوی تورکمانەکانی کەرکووکەوە ویستی دەست لە کاروباری کوردستان وەربدا و نەیەڵێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، ئاسوودەیی بەخۆیەوە ببینێ. دیارە ئەوە بەخاتری چاوی ڕەشی تورکمانەکان نەبوو، بەڵکوو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە چاوی بە ئازادبوونی کوردستان هەڵ نایە، چونکە ترسی ڕێ نیشتبوو کە نەکا کوردەکانی خۆشی لێی وەخۆ کەون و داوای سەربەخۆیی بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئێرانیش دەستی لە تۆپ باران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێم نەپاراست. تۆپ باران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە لە لایەن ئەو دوو وڵاتەوە واتە ئێران و تورکیاوە بەردەوامە.

ئێستاش کە دەبینین ماوەیەکی زۆرە سنوورەکانی خاکی هەرێمی کوردستان بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگەی پژاک و پەکەکەی لێیە بە بەردەوامی هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ دەکەن و قوربانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لەو ماوەیەدا زیاتر خەڵکی سڤیل و بێ تاوان زیانی گیانی و ماڵی وێ کەوتووە نەک پێشمەرگەی پژاک! بۆ وێنە لە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان(١٣٩٠)دا شوانێک لە چۆمان بە فیشەکی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران لە چەند کیلۆمێترییەوە بە قەنناسەی دووربین دار گیانی لە دەست دا. ئەوە ئیدی باسی ئەو کەسانەی دیکە ناکەین کە لە ئاکامی هێرشی هەوایی و زەمینیەوە بوونە قوربانی و بە دەیان  و سەدان سەر مەڕ و ماڵات تێداچوون و بە دەیان بنەماڵە ئاوارە بوون.

سەردەمانێک بوو تورکیە بە کوردیان دەگوت تورکی شاخی، بەڵام ئێستا دەبینێ پارچەیەکی کوردستان ڕزگار بووەو ترسی ئەوی لێ نیشتووە کە لە داهاتوودا لە ڕووی ناچاریشەوە بووبێ، دەبێ دان بە بوون و مانی نەتەوەیەکدا بنێ کە نزیک بە سەدەیەک حاشایان لێ دەکرد. جا بۆیە سروشتی‌یە ئەوان بە هەر نرخێک بووبێ دەیانەوێ پێش بە بەرەوپێش چوونی کورد لە هەموو ئاستەکان و پارچەکان‌دا بگرن. جا کەواتە بە بیانووی بوونی پێشمەرگەی پژاک لە چیاکانی قەندیل بە هاوکاری کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران ئەو هێرشانەیان چ لە ڕێگای ئاسمانی و چ لە ڕێگای زەمینیەوە دەست پێ کردوە تا لەو ڕێگایەوە خەڵکی پێ چاو ترسێن و بتۆقێنن، بەڵام بۆ خۆشیان باش دەزانن کە ئەوە خەیاڵێکی خاوە و کورد بەو جۆرە بایانە نەلەرزیوەو ناش لەرزێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران نەک تەنیا لە ڕێگای تۆپ باران کردنی سنوورەکانەوە کە بە ئاشکرا و بە بەرچاوی دونیای دەرەوە دەی کا، بەڵکوو لە ڕێگای نهێنیشەوە بە بڵاوکردنەوەی ماددەی موخەدیر و ڕەوانەکردنی ئافرەتانی سۆزانی و تووش بووی نەخۆشی ئایدز بە هۆی سیخوڕەکانیەوە بۆ نێو هەرێمی کوردستان دەستی نەپاراستووەو بۆ تێکدانی ئاسایشی خاکی کوردستان چی لە دەست هاتبێ تەنەخی نەکردوە. ئیتر یارمەتیدانی تیرۆریست و گرووپە تێکدەرەکانی دیکەش لەوێ ڕاوەستێ!

ئەگەر تورکیە و ئێران مەبەستیان لەو تۆپ باران کردنانە پژاک و پەکەکە بوایە، ئەوە تەنیا هێرشیان بۆ ئەوان دەکرد و کاریان بەسەر خەڵکی مەدەنی و سڤیلەوە نەدابوو، بەڵام وەکوو ئاماژەمان پێ کرد ڕاستەوخۆ سێرەیان لە خەڵکە سڤیلەکە گرتووەو ئەو دوو هێزەش لە چاو خەڵکە مەدەنیەکە کەمترین زیانیان وێ کەوتووە، لە حاڵێکیش دا پەکەکە بەر لە جێژنی ڕەمەزان و پژاکیش لە ١٤ی خەرمانانەوە ئاگربڕیان ڕاگەیاندوە. کەواتە تۆپ باران کردن لە پای چی و بۆچی! ئەگەر بۆ تێکدان و ئاژاوەنانەوە نەبێ.

دەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین کە هەم حکوومەتی تورکیە و هەمیش کۆماری ئیسلامی ئێران چارەی هیچ کوردێکیان لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانەدا ناوێ و چاویان بە ئازادبوونی هیچ کام لە پارچەکانی کوردستانیش هەڵ نایە و بۆ شێواندنیشی چیان لە دەست بێ درێغیان نەکردوەو ناشی کەن، کەواتە گەلی کورد بە گشتی دەبێ بۆ خۆی وشیار و ئاگا بێ و فریوی نەیارەکانی نەخوا و تەنیا شتێکیش کە ئەوان لێی دەترسێن یەکگرتنی کوردەکانە و ئەوانیش بە هەر نرخێکی کە بۆیان بکرێ هەوڵ بۆ لێک بڵاوبوون و دووبەرەکی نانەوەی دەدەن، بۆیە دەبێ ئێمەی کورد بە لێک نزیک بوونەوەو یەکگرتنمان ئەو خەون و ئاواتەیان پێ بەرینە ژێر گڵ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org













کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەرەنجامە نەرێنییەکانی گیرۆدەیی لەسەرتاك و کۆمەڵگا



## ئا: پێشرەو

گیرۆدەیی وەک پەتایەکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک زیان و دەرەنجامی نەرێنی بەدواوەیە کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بە بەشێکیان بکەین:

١: زیان و دەرەنجامە باوەڕی و ئایینییەکان
٢: زیان و دەرەنجامە ڕووحی و دەروونییەکان
٣: زیان و دەرەنجامە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان
٤: زیان و دەرەنجامە ئابوورییەکان
٥: زیان و دەرەنجامە سیاسییەکان
٦: زیان و دەرەنجامە جەستەیی و تەندروستییەکان

### ١: زیان و دەرەنجامە باوەڕی و ئایینییەکان:

بێگومان ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرا و سەلمێنراوە کە ئەقڵی ساغ لە جەستەی ساغ دایە. ئەگەر جەستەیەک بە هۆی بە کارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان حاڵەتی خۆی لە دەست بدا و خراپ و ئاڵوودە بێ، ناتوانێ بە دروستی بیربکاتەوەو بڕیار بدا.

کاتێک ئاوەزو ئەقڵێکی ساغ و سەلیم بوونی نەبێ، بێگومان کات و پارەش لەو ڕێگایانەدا بە کار دێن کە هیچ سوودێکیان بۆ مرۆڤ نەبێ. تاکی گیرۆدە بە ئاسانی بیرو باوەڕە ئایینییەکانی لە ژێر پێ دەنێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژێک زیاتر ماددە دڵخوازەکانی بە دەست بێنێ. ئێمە دەبینین کە تاکی گیرۆدە بە ئاسانی درۆ دەکا، دزی دەکا، زۆر جار هاوسەرەکەی ناچار بە لەش فرۆشی دەکا، تەنانەت ئامادەیە منداڵەکانی بفرۆشێ بۆ ئەوەی پارەی کڕینی ماددەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابین بکا. ئەمەش ڕاست بە مانای لە ژێرپێنانی بیرو باوەڕە دینی و ئایینیەکانە. مرۆڤی گیرۆدە هیچ شتێکی بۆ گرینگ نیە، تەنیا لە بیری وەدەست هێنانی مادده دڵخوازەکانیەتی هەر بۆیە دەرحەق بە دین و ئایینەکەی کەمتەرخەم و بێ موبالات دەبێ.

**٢: زیان و دەرەنجامە ڕوحی و دەروونییەکان:**

مادده هۆشبەرەکان شوێنەواری گەورەو قەرەبوونەکراو لەسەر ڕووح و دەروونی کەسی گیرۆدەبوو دادەنێن. بەشێوەیەک کە ئەو بۆ کەسێکی سەر لێ شێواو، خەماوی، کز و مات، گۆشەگیرو لاواز دەگۆڕن.

تاکی گیرۆدە، هاوسەنگیی دەروونی تێک دەچێ و خەمساردی و بێمووبالاتی دەرحەق بە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا، تەسلیم بوون لە بەرامبەر پێشهاتەکان، ئیرادەی لاواز، کەمتەرخەمی لە ئاست بەرپرسایەتییە تاکی و کۆمەڵایەتییەکان و هەڵەکردن لە بڕیاردان لە تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار و کردەوەی کەسێکی گیرۆدەن.

کەسانی گیرۆدە لە باری سۆزی و عاتیفییەوە، نابالغ و پێ نەگەیشتوو، سەرکێش، بێقەرار و خاوەن هەستێکی دژایەتی و شەڕانگێزین.

**٣: زیان و دەرەنجامە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان:**

کەسانی گیرۆدە بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگان. هەربۆیە ئەگەر ئەوان بەم دەردەوە گیرۆدەن، بێشک بەشێک لە کۆمەڵگا بەم دەردەوە دەناڵێنێ. بە قەولی "سعدی:"

بنی آدم اعضای یکدیگرند
که در آفرینش زیک گوهرند
چو عضوی به درد آورد روزگار
دگر عضوها را نماند قرار

کەوایە ئەوانیش پەیوەندییان بەو کۆمەڵگایەوە هەیە کە تێیدا دەژین و گشت کار و هەڵس و کەوتیان کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا دادەنێ. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێک لە زیان و دەرەنجامە ئەخلاقی و

**کەسانی گیرۆدە لە باری سۆز و عاتیفەوە دەگەنە پلەی سیفر و ئەم هەستە لەواندا دەکوژرێ. بە هیچ شێوەیەك لە فکری دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی هاوسەر و مناڵەکانیان نابن. گەورەترین ئامانجیان پەیداکردنی پارەی ماددەکانە. ئیتر بۆیان گرینگ نییە هاوسەر و مناڵەکانیان تووشی چ ڕۆژگارێکی ڕەش دەبن و چ چارەنووسێك چاوەڕوانیان دەکا.**

کۆمەڵایەتییەکانی گیرۆدەیی دەکەین:

ئەلف: لە نێوچوونی ئاسایش و هێمنایەتی بنەماڵەکان:

ئەو بنەماڵانەی کە کەسی گیرۆدەی تێدایە، ئاسایش، ئارامی و حەسانەوە، غیرەت و عیززەت گۆڕانیان بەسەر دادێ و هەر ئەمەش کاریگەری لە سەر تەواوی کۆمەڵگا دادەنێ و قەوارەو پێکهاتەی بنەماڵە و کۆمەڵگا درزی تێدەکەوێ، چونکە بنەماڵە لە تاکەکان و کۆمەڵگاش لە بنەماڵەکان پێک هاتووە.

گیرۆدەکان نە تەنیا بەدیهێنەر و بەرهەم هێنەر نین، بەڵکوو ئەو بەکارهێنەرانەن کە بێجگە لە زیانی کۆمەڵایەتی خاوەنی هیچ هونەرێکیتر نین. تاکی گیرۆدە دەرحەق بە ئەندامەکانی بنەماڵەی خۆی، هەست بە بەرپرسایەتی ناکات. خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لەرزۆک و ناجێگیرە. باوەڕی بە کەسانیتر نیە و دابین بوونی پێویستیەکانی خۆی لە سەرووی کەسانی-ترەوە دەبینێ.

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کاریگەری نەرێنی و مەترسیدار لە سەر ڕەوشی ژیان، ئاسایش و هێمنایەتی، پەروەردە و بارهێنان و ئەخلاق و ڕەوشتی بنەماڵە دادەنێ. ئەنجام دانی تاوان و جینایەت بۆ کەسانی گیرۆدە سووک و ئاسانە و دەست بۆ هەر چەشنە کارێکی چەپەڵ و نامرۆڤانە دەبەن کە هەر ئەم جۆرە کار و کردەوەیەی ئەوان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ئاسایش و هێمنایەتی کۆمەڵگا دادەنێ.

ب: پەرەسەندنی بێڕوحمی و نەمانی سۆز و عاتیفەی ئینسانی:

کەسانی گیرۆدە لە باری سۆز و عاتیفەوە دەگەنە پلەی سیفر و ئەم هەستە لەواندا دەکوژرێ. بە هیچ شێوەیەک لە فکری دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی هاوسەر و مناڵەکانیان نابن. گەورەترین ئامانجیان پەیداکردنی پارەی ماددەکانە. ئیتر بۆیان گرینگ نییە هاوسەر و مناڵەکانیان تووشی چ ڕۆژگارێکی ڕەش دەبن و چ چارەنووسێک چاوەڕوانیان دەکا. هەست بەوە ناکەن کە زۆرجار هاوسەرەکانیان بۆ پەیداکردنی لەتێک نان بۆ مناڵەکان لە دەرگای هەر مەرد و نامەردێک دەدەن و ڕووی سوور لە سەر ژیانی مناڵەکانیان دادەنێن. بۆیان گرینگ نییە مناڵەکانیان بە بینینی ڕوحم و سۆزی باوکانیتر دەرحەق بە مناڵەکانیان، تووشی چ ئازارێکی دەروونی دەبن و زۆر شەو و ڕۆژ بە ناهومێدی سەردەکەنەوە.

ج: زاڵ بوونی هەژاری و چارەڕەشی بە سەر بنەماڵەکاندا:

گیرۆدەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە زۆر بنەماڵە بێ سەرپەرست یان تووشی هەژاری و چارەڕەشی بن. بە شێوەیەک کە زۆربەی ئەو بنەماڵانەی کە سەرپەرستی بنەماڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کەسانی گیرۆدە هەستی بڕوا بەخۆ بوون لە دەست دەدەن و دەرحەق بە ئەرك و كارە پێسپێردراوەكانیان كەمتەرخەم دەبن. هەر بۆیە دەبینین كە لە زۆر شوێن ئەركەكانیان بە دروستی بەڕێوە نابەن

تووشی گیرۆدەیی بووە، مناڵەکانیان لە جێگای ئەوە کە خەریکی خوێندن و زانست بن، لە شەقامەکان دەست فرۆشی دەکەن. تەنانەت زۆر جار لەلایەن سەرپەرەستی گیرۆدەوە غەدریان! لێ دەکرێ و ئەو برە پارەیەی لە سەر شەقامەکان کۆی دەکەنەوە، لە دەستیان دەردێنن.

د: کەمتەرخەمی دەرحەق بە پەروەردە و بارهێنانی مندالەکان:

یەکێکی تر لە ئاسەوارە نەرێنییەکانی گیرۆدەیی لە سەر کۆمەڵگا، زۆر بوونی منالی سەرشەقام، بێئەخلاق و شەڕانییە.

کاتێک سەرپەرەستی بنەماڵە بە تایبەت باوک لە گەڵ هاوڕێی وەک خۆی خەریکی بەسەر بردنی سات و کاتی خۆی بێ و لەو لاشەوە دایک لە دەرەوەی ماڵ خەریکی پەیداکردنی پاروە نانێک بۆ خۆی و منالەکانی بێ، ئاشکرایە کە چ جۆرە منداڵێک پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگا. زۆربەی ئەو منداڵ و تازەپێگەیشتووانەی لە تەمەنی کەمدا تووشی دزی و کاری ناشایست دەبن، منداڵی ئەم جۆرە بنەماڵانەن.

ح: زۆر بوونی تاوان و جینایەت لە کۆمەڵگادا:

کەسانی گیرۆدە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی تاوان و جینایەت، قەتڵ و مرۆڤــ کوژی لە کۆمەڵگا دان.

تاکی گیرۆدە بۆ ئەوەی خەرجی ماددە هۆشبەرەکان دابین بکا، بە ئاسانی درۆ دەکا، دزی دەکا، پیاو دەکوژێ و تەنانەت ئەندامەکانی جەستەی منالەکانیشی (وەک گورچیلە و...) دەفرۆشێ و... .

خ: پەرەسەندنی دیاردەی لەش فرۆشی و زۆر بوونی ژنانی لەش فرۆش:

تاکی گیرۆدە بە هۆی لاوازی و تێک چوونی حاڵەتی جەستەیی ناتوانێ هاوسەرەکەی ڕازی بکا و لە باری سۆز و خۆشەویستی و کاری سێکسی و ژن و مێردایەتیی‌یەوە هاوسەرەکەی تووشی مەینەتی و بێبەشی دەبێ. بەم هۆیەوە زۆربەی ئەوانەی کە ئیمان و ئیرادەیەکی قایم و پتەویان نیە، بە ئاسانی خۆیان لە دەست پیاوانی بێگانە دەنێن بۆ ئەوەی ئەم کەم و کورتی‌یە قەرەبوو بکەنەوە. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەکە دیاردەی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگادا پەرە بستێنێ و زۆر کەسیش بە خۆیەوە سەرگەرم بکا. لە لایەکی‌تر، زۆر جار چاو لە دەست بوون و نەبوونی پووڵ و پێداویستی دەبێتە هۆکارێک بۆ تووش بوونی هێندێک لە ژنەکان ـــ بە تایبەت ئەوانەی لە باری ئیمان و ئیرادەوە لاوازن ـــ بەم کارە ڕژد و چەپەڵەی ناو کۆمەڵگا.

ع: چوونە سەری ئاماری تەڵاق و جیابوونەوەو لێک هەڵوەشانی بناغەی بنەماڵە:

لەو بنەماڵانەی دایک و باوک ماددەی هۆشبەر بەکاردێنن، زۆر جار تەڵاق و جیابوونەوەو هەڵوەشانی بنیاتی بنەماڵە پێش دێ. چونکە بنەماڵەیەک سەرپەرستەکەی چەندین ساڵ لە بەندیخانە یان لەسەرشەقام و کۆڵانەکاندا بە سەر بەرێ، لە ئاگری ڕەنجەڕۆیی و بێ هیوایی دا دەسووتێ و زۆرجار هاوسەرەکەی داوای تەڵاق و جیابوونەوە دەکا، چونکە توانای درێژەدانی ژیانی لە گەڵ وەها کەسێک نامێنێ و ناچارە گۆڕان بەسەر شێوەی ژیانی دا بێنێ.

غ: زۆربوونی ڕووداوی هات و چۆ:

بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بێ‌شک دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەکانی لێخوڕین و هات و چۆ، چونکە کاتێک شۆفیرێک ماددەی هۆشبەر بە کار دێنێ، وا بیر دەکاتەوە کە هێزی مێشکی زیاتر بووەو هەست بە ترسی کەمتر و ئاسایشی زیاتر دەکات. بەڵام مەسەلەکە تەواو بە پێچەوانەیە، چونکە بە هۆی بە کارهێنانی ئەم ماددانە ڕووداو و پێشهاتی زۆر ناخۆش و مەترسیدار دێنە پێش. زۆربەی شۆفیری ماشێنە گەورەکان بەم بۆچوونە کە بەکارهێنانی ماددەکان دەبێتە هۆی لەنێوچوونی خەو، تووشی گیرۆدەیی دەبن. بێ‌ئاگا لەوە کە کاتێک بۆ ماوەی چەند کات ژمێر ئەم ماددەیان لێ ببڕێ، ئەگەری توو بوونیان بە ڕووداوی ناخۆش زیاتر دەبێ.

ف: تێک چوون و ئاڵۆزی لە کاروبارە پیشەیی و بەڕێوەبەرایەتی‌یەکان:

کەسانی گیرۆدە هەستی بڕوا بەخۆ بوون لە دەست دەدەن و دەرحەق بە ئەرک و کارە پێسپێردراوەکانیان کەمتەرخەم دەبن. هەر بۆیە دەبینین کە لە زۆر شوێن ئەرکەکانیان بە دروستی بەڕێوە نابەن و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە بێ‌نەزمی و شپڕێوی لە سیستمی ئیداری و دام و دەزگا و کارگە و کارخانەکاندا پێش بێ و کارەکان بە کەم و کورتی یان بە هەڵە و تێکەڵ پێکەڵی ئەنجام بدرێن.

ئەم مەسەلەیە تەنیا پێوەندی بە توێژێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگاوە نییە، بەڵکوو داوێنی گشت توێژەکان دەگرێتەوە. زۆر دکتۆر دەبینین کە بە هۆی گیرۆدەییەوە ناتوانن کارەکانیان بە دروستی ئەنجام بدەن. زۆر ئەندازیار دەبینین کە کارەکانیان بێ‌سەرنج و ڕەچاوکردنی خاڵە فەننی و ... تەواو دەکەن و... . کەوایە زۆربوونی گیرۆدەیی دەبێتە هۆی شپڕێوی و تێک چوونی ڕەوتی ئاسایی کارەکان لە نێو کۆمەڵگادا و وەدیار کەوتنی کەم و کورتی بە ئەرک و کارەکانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



داهاتووی ئەو منداڵە بە کوێ دەگا

ق: لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی:

کەسانی گیرۆدە بڕوایان بە خۆیان نییە و بە ئاسانی پێگە و جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا لە دەست دەدەن. بە شێوەیەک کە نایانەوێ کەسێک بیان بینێ. پێوەندییان لە گەڵ دنیای دەرەوە بە ڕادەیەکی بەرچاو دەپچڕێ. زۆربەی حەشیمەتی نێو کۆمەڵگاش لە بڕوا پێ کردن و هاونشینی و پێوەندی لە گەڵ ئەم جۆرە کەسانە خۆ دەبوێرن و هیچ کەس ئامادە نییە بۆ ساتێکیش لە پەنایان بمێنێتەوە. تەنانەت هێندێک جار هاوسەر و منداڵەکانیش (ئەگەر باوک گیرۆدە بێ) نایانەوێ بیان بینن و تەنانەت حەز بە زیندوو بوونیشیان ناکەن.

**٤: زیان و دەرەنجامە ئابوورییەکان:**

ئابووریی باش و تەندروست دەماری ژیانی هەر بنەماڵە و لە ئاستێکی باڵادا هەر دەوڵەتێک دێتە ئەژمار. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بێجگە لە زیان و زەرەری تەندروستی و هەڕەشەیەک کە بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکانی ساز دەکا، زۆر زیان و دەرەنجامی گەورەو قەرەبوونەکراوی ئابووری بۆ تاکی گیرۆدە، بنەماڵەکەی و کۆمەڵگا بە گشتی بەدوا خۆیدا دێنێ.

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هێزی کاری وڵات دادەبەزێنێ و دابەزینی هێزی کار دەبێتە هۆی داشکانی بەرهەمی نێوخۆ و کەم بوونەوەو داشکانی بەرهەمی نێوخۆیی دەبێتە هۆی بەستراوەیی ئابووری و لە ئاکامدا هەژاری ئابووری و هەژاری فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا پەرە پێ دەدا. بە بڵاوبوونەوەو پەرەئەستاندنی هەژاری لە نێو کۆمەڵگادا، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی کەسانی گیرۆدە و تووش بوو بە ماددەکان زیاد دەکا و بەم پێیەش بەڵارێداچوون و تاوانیش لە کۆمەڵگادا بەرەو زیادبوون دەڕوا. ئەو سەرمایەی کە لە لایەن گیرۆدەکانەوە ئاگری پێوە دەنرێ، ئەگەر لە ڕێگایەکی باشدا خەرج بکرێ، دەتوانێ بەستێنی کار و پیشەی زۆر هەموار بکاو ئابووری وڵاتیش برەو پێ‌بداو قازانج و بەرژەوەندییەکەشی بۆ هەموو کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

زیانە ئابوورییەکانی گیرۆدەیی دەتوانین بە سەر چەند جۆرێک دا دابەش بکەین:

ئا. کەسانی گیرۆدە بە هۆی ئەوە کە خاوەنی جەستە و بیرو تەنانەت مێشکی ساغ و تەندروست نین، ناتوانن کارەکانیان لە کارگە، کۆمپانیا و دامەزراوە حکومەتی و غەیرەحکومەتی‌یەکان بە دروستی بەڕێوەبەرن. بەم هۆیەوە ناتوانن لە ڕێڕەوی ئابووری وڵاتدا بەشدار بن.

ب. زۆر کەسی بلیمەت و هەڵکەوتە و خاوەن پیشەی نێو کۆمەڵگا، بە هۆی گیرۆدەیی‌یەوە دەستیان لە تەواوی داهێنان و ئافراندنی بەرهەمی نوێ هەڵگرتووە و بوونە کەسانێکی بەکارهێنەر و سەرباری کۆمەڵگا. ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوە کە لە باری ئابوورییەوە زەبری گەورە لە بنەماڵە و کۆمەڵگا بدرێ.

پ. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ئاماری گیرۆدەکانی وڵاتێک(بۆ نموونە ئێران) بدەینەوە و ڕۆژانە تەنیا ٥٠٠ تمەن بۆ ماددەی هەرکەسێکی گیرۆدە حەساو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەین، دەردەکەوێ کە بەو برە پارەیە لە مانگێک یان لە ساڵێک دا دەتوانرێ چەندین قوتابخانە، کارەگە یان ... هتد، دروست بکرێن.

ت. عیلاج و چارەسەرکردنی کەسانی گیرۆدە، پێویستی بە نەخۆشخانە، دەرمان، دوکتۆر و پسپۆڕ و پەرستاری تایبەت هەیە، گشت ئەوانە پووڵ و پارەیەکی زۆریان دەوێ. کەوایە گیرۆدەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە هێز و سامانی وڵات لە جێگای بەکارهێنان لە شوێنی تردا، بۆ ئەم مەبەستە بە کار بهێنرێ. بێجگە لەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدرا، گیرۆدەیی زۆر زیان و دەرەنجامی‌تری ئابووری بە دوا خۆیدا دێنێ کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: خەرج کردنی هێز و سامانی زۆر بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ قاچاغی مادده هۆشبەرەکان، بەرزبوونەوەی دەرسەدی تەمبەڵی و بێکاری بەهۆی قاچاغ و بەکارهێنانی ماددەکان، پەرەئەستاندی کەسب و کاری نائاسایی و نایاسایی و ... هتد کە هەریەک لەم بابەتانە هەڵ دەگرێ باسێکی تایبەتی لەسەر بکرێ.

**٥: زیان و دەرەنجامە سیاسی‌یەکان:**

داگیرکەران و چەوسێنەران بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر هێندێک لە نەتەوەکانی تردا بسەپێنن، هەوڵی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی مادده هۆشبەرەکان لە نێو ئەو نەتەوە و وڵاتانەدا دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی لاوەکان و هێزی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایە لەنێو بەرن. بێ‌گومان، کاتێک ئەوان بتوانن توانای بیرکردنەوە لە کۆمەڵگایەک بگرن، کاتێک بتوانن کۆمەڵگایەک بەستراوە بە خۆیان بکەن، کاتێک بتوانن توانا و هێزی نیزامی و بەرەنگاری لاوانی وڵاتێک بە تریاک و حەشیش و ... لە ناو بەرن، زۆر بەئاسانی دەتوانن لە هێرش بۆ سەر ئەم وڵاتانە سەرکەوتوو بن و بە خەرجێکی کەمترەوە ئەو وڵاتە بێننە ژێر ڕکێفی خۆیان. کەوایە کاتێک هێزی سەرەکی کۆمەڵگایەک، تووشی گیرۆدەیی یان قاچاغی مادده هۆشبەرەکان بێ، ئیتر لە بیری بەرەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ بێگانەکان دا نابن و بەم شێوەیە هێمنایەتی و ئاسایش و ئارامی ئەو وڵاتە تووشی مەترسی دەبێ.

لەم نێوەشدا لاوان کە سەرمایەی هەرەگرینگی کۆمەڵگان، زیاتر دەبنە نیشانەی تیری داگیرکەر و نەیاران و ...

**٦: زیان و دەرەنجامە جەستەیی و تەندروستی‌یەکان**

شتێکی ڕوون و ئاشکرا کە تەنانەت گیرۆدەبووەکانیش حاشای لێ ناکەن، زەرەر و زیانێکە کە بە هۆی گیرۆدەییەوە وەجەستەیان دەکەوێ. بۆ وێنە زەردبوون و ڕزینی ددانەکان لەو کەسانەدا کە گیرۆدەی تریاک و هێرۆئین و هتدن. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زیانی قەرەبوو نەکراو لە سەر جەستەی گیرۆدەکان و هەروەها لەسەر پەیکەری کۆمەڵگا دادەنێ. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێک لەو زیان و دەرەنجامە نەخوازراوانە دەکەین:

- لاواز بوونی خانەکانی مێشک
- لاوازی خانەکانی مێشکۆڵە(مخچە)
- هەوکردنی دەماری چاو(بینینە دەمار) کە سەرەنجام دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزی بینایی.
- گەورە بوونی سپڵ
- ڕشانەوە و ژانەسەری زۆر
- بێ‌توانا بوونی پیاوان لە کاری سیکسی و سەرەنجام نەزۆک بوونیان
- دابەزین و کەم بوونەوەی مەیلی سیکسی لە ژنان دا
- قەبزیی زۆر و خوێن بەربوون و هێندێک شێواوی و ئاڵۆزی لە کۆئەندامی هەرس کردن وەک برینی دوازدەگرێ، هەوکردنی گەدە، بێ ئیشتیایی‌و... .
- نەخۆشییە پێستی‌یەکانی وەک خروو، پەیدابوونی پەڵەی پێستی، ئاوسان و چرچ بوونی ڕووخسار و دەم و چاو
- دابەزینی پەستانی خوێن و سەرەگێژە و دەیان زیان و نەخۆشی‌تر کە بە هۆی

**کەسانی گیرۆدە بە هۆی ئەوە کە خاوەنی جەستە و بیرو تەنانەت مێشکی ساغ و تەندروست نین، ناتوانن کارەکانیان لە کارگە، کۆمپانیا و دامەزراوە حکومەتی و غەیرەحکومەتی‌یەکان بە دروستی بەڕێوەبەرن. بەم هۆیەوە ناتوانن لە ڕێڕەوی ئابووری وڵاتدا بەشدار بن.**

● ●

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە کەسانی گیرۆدەدا سەرهەڵ دەدەن.

بێجگە لەو نەخۆشی‌یە تاکەکەسی‌یانە کە ئاماژەیان پێ کرا، گیرۆدەیی دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەو زۆربوونی نەخۆشی جۆراوجۆر لە نێو کۆمەڵگادا. کەسانی گیرۆدە بە ئاسانی کۆمەڵگا تووشی نەخۆشی ئایدز و دەیان نەخۆشی‌تر دەکەن، چونکە بە هیچ چەشنێک لە بیری لەبەرچاوگرتنی ڕێنمایی‌یە تەندروستی‌یەکان دا نین و زۆر جار ئەم نەخۆشی‌یانە لە ڕێگای بەکارهێنانی سۆرەنگی هاوبەشەوە دەگوازرێنەوە. کەوایە هەر کۆمەڵگایەک کەسانی گیرۆدەی زیاتری بن، نەخۆشی و بەڵای زیاتری بەسەردا دەبارن.

سەرچاوەکان: لە ئارشیوی گۆڤاری لاوان دا پارێزراون.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هۆکارەکانی گـیرۆدەیی و تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان



ئا: سیروان مووساپوور

کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ئەمڕۆ لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەییدا وەک کێشەو گرفتێکی گرینگ و سەرەکی خۆی دەنوێنێ. کێشەیەک لەگەڵ ئەوەی کە کۆڕی گەرموگوڕی گەلێک خێزان و بنەماڵەی لێک هەڵوەشاندووەو گوڵی تەمەنی سەدان و هەزاران لاوی سەر ئەم گۆی زەوییەی هەڵوەراندووە، کۆمەڵگای جیهانیشی بەرەورووی جۆرێک قەیران و مەترسی کردۆتەوە.
بەسەرنجدان بەوەی کە سەرهەڵدانی هیچ دیاردەیەک بێ هۆکار و بەربوار نابێ، توێژەرانی ئەم بوارەش کۆمەڵە هۆکارێکیان وەک هۆیەکانی تووش بوون بە ئەم ماددانە دەست نیشان کردووە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١. هۆکارە دەرمـــانی‌یەکان
٢. هۆکارە دەروونـــی‌یەکان
٣. هۆکارە بنەماڵەیی‌یەکان
٤. هۆکارە کۆمەڵایەتی‌یەکان
٥. هۆکارە فەرهەنگی‌یەکان
٦. هۆکارە سیـــاسی‌یەکان

## ١. هۆکارە دەرمانی‌یەکان:

زۆر جار مادده هۆشبەرەکان بە تایبەت پێکهاتەکانی تریاک بۆ سوکنایی پێدان و ئارام کردنەوەی ژان و دەرد بە پێشنیاری دوکتۆر یان کەسانیتر کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەر ئەو هێوربوونەوە کاتی‌یە، مرۆڤــ بۆ لای دووبارە بەکارهێنان و لە کۆتاییدا بەرەو گیرۆدەیی ڕادەکێشێ.
زۆر جاریش بە هۆی نەبوونی دوکتۆر و ئێش و ئازاری زۆر، بە مەبەستی ئارام بوونەوەیەکی کاتی نەخۆشەکان تووشی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبن. بەڵام بە دووبارە و چەند بارە کردنەوەیان، گیرۆدەیی وەک وەیشوومەیەک دنیای روونیان لێ تاریک دەکا.
هێندێک لە شێوەکانی بە کارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە نێو خەڵکدا بریتین لە:
ــ دووکەڵی تریاک لە ناو گوێی منداڵان کردن بە مەبەستی لابردنی گوێ ئێشە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

— ڕاگرتنی سەر و دەم و چاوی منداڵان لە هەمبەر دووکەڵی تریاک بە مەبەستی لاچوونی هەڵامەت.

— دانانی تریاک لە سەر ددان یان ڕاگرتنی دووکەڵی تریاک لە ناو دەمدا بە مەبەستی لابردنی ژانی ددان.

— کێشانی تریاک بەمەبەستی لابردنی ژانە سەر، سینگ ئێشە، دەرکردنی ماندوویی و شەکەتی و بێ‌خەوی و....

لە هەمووی ئەم حاڵەتانەدا، نەخۆش بۆ لابردنی ژان و دەردی نەخۆشیەکەی کەڵک لەم ماددانە وەردەگرێ، بەڵام بە هۆی ئەوە کە لە سەر بەکارهێنانیان بەردەوام دەبێ، لە کۆتاییدا زۆر جار گیرۆدەیی بە دوا خۆیدا دێنێ.

### ٢. هۆکارە دەروونـــییەکان:

نیگەرانی، هەست بە تەنیایی، خەمباری و بێ هیوایی، لاوازی پێوەندییە عاتیفیو سۆزیەکان، هەست کردن بە لێنەهاتوویی و لە هەموان گرینگتر بڕوا بە خۆ نەبوون، لە هۆکارە دەرونییەکانی تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکانن.

— مێشکی ماندوو و دەروونی دژ و گرژ، ماددە هۆشبەرەکان بە باشترین سەوقات و ماددەی شادی بەخشی خۆیان دەزانن. ئەو کەسانەی کە مێشک و دەروونیان، بە خێرایی کاریگەری لەسەر دادەنرێ و هەست ناسکن و زوو هەڵ دەچن، ئەوکەسانەی لە بەرامبەر پێشهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستەوەستان و مل کەچن و لە هەمبەر ساردی و گەرمییەکانی ژیان زوو تێک دەچن و هەروەها توانای خۆڕاگری و ڕاوەستان لە بەرامبەر چەرمەسەری و کوێرەوەریەکانی ژیانیان نییە، بۆسەرکەوتن بە سەر دژواریەکانی ژیان و گەیشتن بە ئاسوودەییەکی دەروونی، خۆیان بە موحتاجی دەرمانێکی ژان بڕ و هێورکەرەوە دەزانن کە بۆ ماوەیەک خۆیان لە بێ‌خەبەریدا ڕاگرن و دەرحەق بە پێشهاتەکان بێ خەم بن و بە قسەی خۆیان لە هەڵا و هەنگامەکانی ژیان خۆ

**زۆربەی لاوەکان لەم قوناغە دایە کە تووشی هەڵە دەبن و دەکەونە داوی کەسانی نالەبار و بە لاڕێداچوو و بە دوای ئەویشدا تووشی گیرۆدەیی دەبن. چونکە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوورییەکانیان و قوتاربوون لە دەس هات و هاواری دایك و باوکیان و ڕاکردن لە چەنگ شەڕ و گرفتەکانی ئەوان، هەوڵ دەدەن بە کێشانی جگەرەیەك یان کەڵك وەرگرتن لە ماددەیەکی هۆشبەرو نەشەهێنەر خۆیان ئاسوودە بکەن.**

دوور بگرن. هەر بۆیە کاتێک ئەم کاریگەریە لە ماددە هۆشبەرەکاندا دەبینن، پەنایان بۆ دەبەن. بێ‌ئاگا لەوە کە پەنابردن بۆ ئەم ماددانە لە چەنگ تاڵی‌و تەنگەژەکانی ژیان، وەک لە قوڵکە هاتنەدەر و لە چاڵ کەوتن و "لە کۆڵک ڕەوینەوەو بەسەر بەرازدا کەوتنە."

### ٣. هۆکارە بنەماڵەییەکان:

بنەماڵە ئاڵۆزەکان(ئەو بنەماڵانەی لە پێوەندی نێوان ئەندامانیاندا گیروگرفت هەیە)، ناکۆکییەکانی ناوخێزان و هەروەها بوونی ئەندامی گیرۆدە لە ناو بنەماڵەدا لە هۆکارە هاندەرەکانی تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکانن.

— بنەماڵە ئاڵۆزەکان:

گرینگیی کاریگەری بنەماڵە لەسەر ڕەفتار و کردەوەی تاک بە ڕادەیەکە کە زۆربەی خاوەن ڕایانی بواری کۆمەڵناسی سەرنجی تایبەتییەیان پێ‌داوە. ئەو کاریگەرییەی بنەماڵە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیو.... لە سەر تاک هەیەتی، هیچ کام لە بنیاتەکانییەری ناو کۆمەڵگا لە سەر تاکیان نییەە. بەڵام لە بیرمان نەچێ هێندێک مەسەلە هەن کە ئەگەر بنەماڵە دەرحەقیان کەمتەرخەم بێ، بێ شک دەبنە هۆکارێک بۆ گیرۆدەیی منداڵەکان بۆ نموونە:

شێوازی پەروەردەو بارهێنانی منداڵ، شێوەی ژیان، شێوەی هەڵس و کەوتی دایک و باوک لە گەڵ منداڵ، زۆریی منداڵ و پێ ڕانەگەیشتنیان بە شێوەیەکی باش، بوونی کەسانی بێگانە لە ناو بنەماڵە کە شێوەی بارهاتن و ژیانیان جیاوازە، جیاوازی دانان لە نێوان منداڵان و گرینگیدان بە یەکێک و گوێ نەدان بە یەکێکیان، باری ئابووری بنەماڵە و پیشەی سەرپەرستی بنەماڵە، ئاستی زانیاری و خوێندەواری دایک و باوک، پێگەی کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێ‌بوون و....

ئەگەر لاوی کوڕی بنەماڵە بە جێگای گەیشتن بە ئامانج و ویستە دەروونییەکانی خۆی و شوێنی ئاسایش و خۆشترین لانەی حاوانەوەی خۆی نەزانێ، بێ‌گومان هەوڵ دەدا لە دەرەوەی ماڵ بە دوای ویست و ئاواتەکانیدا بگەڕێ. زۆربەی لاوەکان لەم قوناغە دایە کە تووشی هەڵە دەبن و دەکەونە داوی کەسانی نالەبار و بە لاڕێداچوو و بە دوای ئەویشدا تووشی گیرۆدەیی دەبن. چونکە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوورییەکانیان و قوتاربوون لە دەس هات و هاواری دایک و باوکیان و ڕاکردن لە چەنگ شەڕ و گرفتەکانی ئەوان، هەوڵ دەدەن بە کێشانی جگەرەیەک یان کەڵک وەرگرتن لە ماددەیەکی هۆشبەر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەداخەوە زۆرجاریش هێندێك كار و پیشە دەبنە هۆی گیرۆدەیی. بۆ نموونە شۆفێرەكان بە مەبەستی پێشگیری لە خەوهاتن لە كاتی ڕۆیشتن بە ڕێگادا بە تایبەت ڕێگای دوورو درێژ، كەڵك لە ماددەی هۆشبەر وەردەگرن كە هەر ئەم شێوە بەكارهێنانە زۆر جار ئەوان تووشی گیرۆدەیی دەكا. یان هێندێك لە وەرزشوانەكان بە خواردنی ماددەی هۆشبەری وزەهێنەر لە كاتی كێبركێدا تووشی گیرۆدەیی دەبن.**

● ●

نەشمەهێنەر خۆیان ئاسوودە بکەن.

ــــ ناکۆکی‌یەکانی ناوخێزان:

توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەو باوەڕەن کە کۆمەڵگا پێکهاتوو لە بنەماڵەکانە. بەپێی کۆنترین نووسراوەکانی ئەخلاقی، کۆمەڵگا کاتێک هێز و وزەی لە دەست دەدا کە ئەندامەکانی، ئەرکە بنەماڵەیی‌یەکانیان جێ‌بەجێ نەکەن. بۆ نموونە کۆنفوسیوس پێی وابوو کە بەختەوەری و پێشکەوتن بۆ ئەو کۆمەڵگایەیە کە خەڵکەکەی وەک ئەندامێکی ناو بنەماڵە، ڕەفتار و کردەوەی دروست و تەواویان هەبێ. بەو مانایە کە هیچ کەس لە ئەرکەکانی خۆی دەرحەق بە منداڵەکانی بێزار و وەڕەز نەبێ. چونکە بنەماڵە بناغەی سەرەکی پێکهێنەری پێکهاتەکانی کۆمەڵ و بوونی هەموو ڕێساکانی‌یەری کۆمەڵایەتی پێوەندی‌یەان بە بەشداری لە سیستمی بنەماڵەدا هەیە.

ناکۆکی و ناتەبایی هەمیشەیی لە ناو بنەماڵەدا یان لەدەستدانی دایک و باوک یان هەردووکیان لە تەمەنی منالیدا، کاریگەری زۆری لەسەر تاک لە بنەماڵەدا هەیە و دەتوانێ ئەو بۆ لای یەکێک لە ماددە هۆشبەرەکان ــ هەرچەند لە سەرەتادا لە شتی وەک جگەرە دەست پێ دەکا پاڵ پێوەنێ.

دەروون پزیشکی ناسراوی فەرانسەوی، پرۆفیسۆر هویر، لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی "توێژینەوە لە مەڕ تاوانکاری، تاوتوێ کردنی ٤٠٠ پەروەندەی منالانی تاوانبار لە ساڵی ١٩٤٤ لە پاریس" بەو ئاکامە گەیشت کە لێک بلاوبوونو لێک ترازانی شیرازەی بنەماڵە، کاریگەری لە سەر تاوانباربوونی منالان هەیە و لە سەدا ٨٣ی منالانی تاوانبار لە بنەماڵە ئالۆز و لێک ترازاوەکانن.

ــــ بوونی ئەندامی گیرۆدە لە ناو بنەماڵەدا:

بوونی ئەندامی گیرۆدە لە ناو بنەماڵـەدا هۆکارێکی گرینگە بۆ هاندانی ئەندامانی تری بنەماڵە بۆلای گیرۆدەبوون. ئەو کاریگەری‌یەی تاکی گیرۆدە لە بنەماڵەدا لەسەر ئەندامانی‌یەر هەیەتی، لەوانەیە دۆستی گیرۆدە لە سەر ژیانی دۆستانی‌یەری نەبێ. چونکە بە هۆی ئەوە کە ئەوکەسە بەشێکی زۆری ساتەکانی ژیانی لەو بنەماڵەیەدا بەسەر دەبات و شوێنی مانەوە و حاوانەوەیەتی، ئەو نەفرەت و بێزاریەی کە ئەندامی ساغ لە گیرۆدەیی هەیەتی، وردە وردە لە ناوبچێ و ببێتە پاڵنەرێک بۆ ڕووکردنە گیرۆدەیی.

بە گشتی کەسانی گیرۆدەی ناو بنەماڵە بە تایبەت دایک و باوکی گیرۆدە، بە چەند شێوە دەتوانن کاریگەریان لە سەر گیرۆدەبوونی ئەندامانی‌یەر هەبێ:

یەکەم: لە ڕێگای هاندان و دڵ گەرم کردن.

دووهەم: ئامادەکردن و لەبەردەستدابوونی پێداویستی و کەرەسەی پێویست بۆ تووش بوون بەم حاڵەتە.

سێهەم: لە ڕێگای کەمتەرخەمی و چاوپۆشی لێ‌کردن و دوور نەخستنەوەی ئەوان لەو شوێن و شێوە ژیانەی کە خۆیان سازیان کردووە.

ئەو کەسانەی کە لە نێو گیرۆدەکاندا ژیان بەسەردەبەن و شەو و ڕۆژ بۆن و دووکەڵی ئەم ماددانە هەڵ دەمژن و شێوەی بەکارهێنانیان دەبینن، بێ‌گومان وردە وردە بۆ لای ئەنجام دانی ئەم کارانە هان دەدرێن و شێوەی کەڵک لێوەرگرتن و بە کارهێنانیان فێر دەبن. سەرەنجام تووشی ژیانێکی نەخوازراوی بێزراو دەبن و تا وەهۆش خۆیان دێنەوە، ئیتر کار لە کار ترازاوە و خەرمانی ژیانیان بە بادا کراوە.

بێ‌گومان هاوسەری گیرۆدە لە ناو بنەماڵەدا هۆکارێکی گەلێک مەترسیدارە. چونکە ژن و مێرد بە هۆی نزیکایەتی هەمیشەیی، زیاتر لەوەی کە مەترسیان بۆسەر منالەکانیان هەبێ، مەترسی‌یان بۆ سەر ژیانی یەکتر هەیە. تاکی گیرۆدە لەبەر سێ مەسەلە هەوڵ دەدا بە شێوەی جۆراوجۆر هاوسەری خۆی تووشی ئەم ماددانە بکات.

١) پێشگرتن لە ئامۆژگاری و سەرکۆنەی هاوسەرەکەی.

٢) پێشگرتن لە ئەگەری ڕۆیشتن و جوێ بوونەوە.

٣) بوونی هاوڕێ و هاودەمێک بۆ کاتەکانی بەکارهێنان و نەشەبوون.

بە چاوخشاندنێک بە سەر هێندێک فایلی پێوەندیدار بە بابەتەوە، دەردەکەوێ کە باوکانی گیرۆدە یان بلاوکەرەوەی ماددە هۆشبەرەکان، ئەغلەب بۆ ڕاگرتنی پێوەندی ژن و مێردایەتی و پێشگرتن لە هەڵوەشانی بنەماڵە ئەوانیش بۆ بەشداری لە بەکارهێنان یان بلاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان هان دەدەن. بۆ ئەوەی فکری تەلاق و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیابوونەوە بە مێشکیان دانێیە و وەک مۆرەی گونجاو و ژێردەستی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرن.

**٤. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

هەژاری، بێکاری، هەبوونی هاوڕێی گیرۆدە و ناڵەبار، دەست پێڕاگەیشتنی ئاسان بە ماددەکان، نەبوونی سەیران و سەرگەرمیی سالم، جۆری کار و پیشە و هەروەها کەم بوونی ئەوین و خۆشەویستی و .... لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی گیرۆدەیین.

ـ هەژاری:

لەو لێکۆڵینەوانەی هەتا هەنووکە لەم بوارەدا ئەنجام دراون دەرکەوتووە کە، بەشێکی بەرچاوی گیرۆدەکانی هەر کۆمەڵگایەک لە کەسانی هەژار و دەستەنگ پێک هاتوون. ئەمەش بەو مانایە نیە کە لە نێوان هەژاری و گیرۆدەییدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە، چونکە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەشێکی زۆر لە خەڵک هەژارن بەڵام گیرۆدە نین. بەڵام لەبەر ئەوەی لە پەنا هەژاری زۆر گیروگرفت و کێشە و نەخۆشییەر سەر هەڵ دەدەن، کە دەبنە هۆی ئەوە کە کەسانی نەدار و هەژار بەرەو گیرۆدەیی هان بدرێن. کەسانی دەوڵەمەند بۆ چێژ وەرگرتن و خۆڕانان و خۆنواندن گیرۆدەی ئەم ماددانە دەبن، کە زۆر جار شانازی بە کێشان و بەکارهێنانیان دەکەن بەڵام کەسانی هەژار و نەدار لە بەر نەهامەتی و بەدبەختی خۆیان.

ــــ بێکاری:

بێکاری و نەبوونی پیشە و کار، هاوکات لە گەڵ هۆکارگەلێکی جۆراوجۆری وەک گوشاری ئابووری بە هۆی بێکاری و بوونی وەخت و کاتێکی ئازاد و ڕەها، کە ئەغڵەب بە هۆی کەمی و نەبوونی شوێنی پەروەردەیی، بە سەرگەرمی بێبایەخو بەلاڕێدا بەر پڕ دەبێتەوە، لە هۆکارە گرینگەکانی ڕاکێشان و پەیداکردنی دۆستانی خراپ و ناڵەبار کە هاندەر و ڕێخۆشکەری تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکانن. بێکارە هەژارەکان بۆ بەدەست هێنانی کار و کاسبی تووشی ئەم ماددانە دەبن، بەڵام بێکارە خۆش گوزەرانەکان بۆ ڕابواردن و ڕازاندنەوەی کۆڕ و کۆبوونەوەی کایە و قومار لە کەش‌وهەوایەکی باشتردا.

پێویستە ئەوەش زیاد بکەین کە لە نێوان بێکاریو گیرۆدەییدا پێوەندییەکی دوو لایەنە هەیە:

ئەگەر لە لایەک بێکاری دەبێتە هۆی تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکان (بەکارهێنان یان مامەڵە پێ کردنیان) لە لایەکیتر تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکان زۆر کەسی تووشی بێکاری دەکەن. چونکە بێکارەکان هەموویان تەنیا لە بەر بێکاری تووشی بەکارهێنانی ماددەکان نابن، بەڵکوو زۆر جار زۆر کەس بە هۆی تووش بوون بە ماددەکان تووشی بێکاری دەبن.

ــــ هەبوونی هاوڕێی گیرۆدەو ناڵەبار:

یەکێک لەو مەترسییەانەی هەمیشە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤە سالم و پاکەکانی کۆمەڵگا دەکا و ئەوان تووشی هەڵدێرگەی لە ناوچوون و بە لاڕێدا چوون دەکا، هەبوون و هات و چۆی دۆستانی ناڵەبار و بە لاڕێدا چوویە. زۆرجار هاوڕێیەتی لە گەڵ مرۆڤە گیرۆدەکان، درەنگ یان زوو تاک تووشی گیرۆدەیی دەکات.

زۆربەی گیرۆدەکان لە کاتی دۆستایەتی





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

**ئەو لێکۆڵینەوانەی هەتا هەنووکە لەم بوارەدا ئەنجام دراون دەرکەوتووە کە بەشێکی بەرچاوی گیرۆدەکانی هەر کۆمەڵگایەك لە کەسانی هەژار و دەستەنگ پێك هاتوون. ئەمەش بەو مانایە نیە کە لە نێوان هەژاری و گیرۆدەیی‌دا پێوەندیی‌یەکی ڕاستەوخۆ هەیە. چونکە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەشێکی زۆر لە خەڵك هەژارن، بەڵام گیرۆدە نین**

●●

کەسانی‌تر ئەوان بۆ لای بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هان دەدەن. ئەوان دایپم لە خۆیاندا هەست بە کەمایەسی و زەبوونی دەکەن و هەوڵ دەدەن کەسانی‌یەریش ڕاکێشی ئەو دۆزەخە بکەن کە خۆیان تێی‌دا جینگڵ دەدەن. هەتا لەم ڕێگایەوە هەم یار و هاودەمێک بە خۆیانەوە زیاد بکەن، هەم خەتا و هەڵەی خۆیان لە گەڵ ئەوان دابەش بکەن‌و کەمتر تانە و تەشەریان لێ بدرێ.

لە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، زۆر جار دەردەکەوێ کە رۆڵی هاوڕێی گیرۆدە بۆ بە لاڕێدا بردنی کەسانی نزیکی، شتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئەوە راست وەک ئەوە دەچێ میوەیەکی رزیو لە ناو سندووقێک میوەی ساغ و خاوێن دابنێین دەبینین کە بەشێکی زۆر لەوان دەرزێنێ. مرۆڤی گیرۆدەش ئەم دەورە دەبینێ. واتە: لە مرۆڤــ پرسیار مەکە، لە دۆستەکەی بپرسە. چونکە هەر هاونشینێک وەشوێن نزیکانی(دۆستان) خۆی دەکەوێ. فیردۆسی شاعیری ناوداری فارس دەڵێ:

"تو اول بگو با کیان زیستی پس باتو گویم که تو کیستی"

واتە: تۆ سەرەتا پێم بێژە لە گەڵ چ کەسانێک دەژی، هەتا پێت بڵێم ئەتۆ کێی.

لێرەدا ئەرکی سەرشانی هەرکەسێکە کە تا دەتوانێ لە هەڵبژاردنی دۆستدا وردبین بێ و ئەرکی دایکان و باوکانی ئازیزیشە تا ئەو جێگایەی دەتوانن لەم بوارەدا یارمەتیدەری منداڵەکانیان بن.

ــ دەست پێ‌ڕاگەیشتنی ئاسان بە مادده هۆشبەرەکان:

زۆری و دەست پێ‌ڕاگەیشتنی ئاسان بە ماددەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی گیرۆدەبوونە. بە چەشنێک کە لەو وڵاتانەی خەریکی چاندن و بەرهەم هێنانی خەشخاشن، تاکەکانی کۆمەڵگای ئەو وڵاتە زیاتر گیرۆدەی تریاک دەبن. لەو وڵاتانەی خەریکی چاندنی شادانەن، گیرۆدەبوون بە حەشیش و لەو وڵاتانەی گیای کۆکای تێدا دەکرێ، گیرۆدە بوون بە کۆکایین زیاتر بەرچاو دەکەوێ. هەروەها لەو شارە گەورانەی کەرەسەی گۆڕینی تریاک بۆ هێرۆئین و مۆرفین بوونی هەیە، قوربانیانی ئەم دوو ماددەیە زیاتر لەوانی‌ترن. بێجگە لەوانەش لەزۆر جێگا دەسکەوتنی مادده هۆشبەرەکان بە نهێنی و نیوەنهێنی و زۆر جاریش ئاشکرا گەلێک ئاسانە و، تاکی بەکارهێنەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ماددەی دڵ خوازی خۆی وەدەست بێنێ. ئەمڕۆکە نەتەنیا لە شارەکان بەڵکوو لە زۆر گوندی بچووکیش کەسانی بڵاوکەرەوەی مادده هۆشبەرەکان هەن‌و بازرگانیان پێوە دەکەن.

ــ نەبوونی سەیران و سەرگەرمیی سالم:

ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە. لە کۆمەڵگادا چاوی بە دونیا هەڵێناوە و لە کۆمەڵگادا دەتوانێ درێژە بە ژیان بدا. لە تەنیایی بێزارە و کۆمەڵایەتی بوون یەکێک لە خەسڵەتە ئینسانی‌یەکانی هەر مرۆڤێکە و هەروەک پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و خەوتن هەیە، پێویستی بە سەیران و شوێنێک بۆ حەسانەوە و دەرکردنی ماندوویی و شەکەتی هەیە.

نەبوونی سەرگەرمیی سالم و پێویست بۆ ئەو کاتانەی مرۆڤــ بە هۆکارگەلێک خەریکی ئەنجام دانی کار نی‌یەوە و بێکارە، یەکێک لە هۆکارەکانی کۆمەڵێک لادان و دژەنۆرم دێتە ئەژمار. چونکە بۆ ئەوەی کە ئەوکەسە خۆی بە کارێکەوە خەریک بکا و کاتەکانی پڕ بکاتەوە، بە پێی هەل و مەرجی کات و شوێنی خۆی دەست بۆ هێندێک کار دەبا. جا لێرەدایە ئەگەر کۆمەڵگا خاوەنی سەرگەرمی‌و کەرەسەی سالم و پێویست نەبێ، مرۆڤــ لەوانەیە ڕوو لە سەرگەرمی نەشیاو و ناپاکی وەک گیرۆدەیی بکا و کاتەکانی بێکاری لە جێی ئەوەی کە بە شتی باش پڕ بینەوە، بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و هەڵس و کەوت لە گەڵ دۆستانی ناباب پڕ دەبنەوە.

لە هەر حاڵدا ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە سەرگەرمی ناسالم و نەشیاو تاک بەرەو کاری نەشیاو پاڵ پێوەدەنێ. فرانسیس دووگە دەڵێ:

ــــ "بە من بێژن کاتەکانی بێکاریتان چۆن تێ‌پەڕ دەکەن، هەتا بڵێم کە کێن و منداڵەکانتان چۆن پەروەردە دەکەن."

ــــ جۆری کار و پیشە:

لەوانەیە ئەگەر هێندێک کار و پیشە وەک هۆکارگەلێک بۆ تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان لە قەڵەم بدەین، شتێکی سەیر بێ. بەڵام هەروەک بێکاری زۆر جار دەبێتە هۆی بەکارهێنان و ڕووکردنە ماددەکان، بەداخەوە زۆرجاریش هێندێک کار و پیشە دەبنە هۆی گیرۆدەیی. بۆ نموونە شۆفێرەکان بە مەبەستی پێشگیری لە خەوهاتن لە کاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**جا لێرەدایە ئەگەر کۆمەڵگا خاوەنی سەرگەرمیو کەرەسەی سالم و پێویست نەبێ، مرۆڤـ لەوانەیە ڕوو لە سەرگەرمی نەشیاو و ناپاکی وەك گیرۆدەیی بکا و کاتەکانی بێکاری لە جێی ئەوەی کە بە شتی باش پڕ بینەوە، بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و هەڵس و کەوت لە گەڵ دۆستانی ناباب پڕ دەبنەوە.**

ڕۆیشتن بە ڕێگادا بە تایبەت ڕێگای دوورو درێژ، کەڵک لە ماددەی هۆشبەر وەردەگرن کە هەر ئەم شێوە بەکارهێنانە زۆر جار ئەوان تووشی گیرۆدەیی دەکا. یان هێندێک لە وەرزشوانەکان بە خواردنی ماددەی هۆشبەری وزەهێنەر لە کاتی کێبرکێدا تووشی گیرۆدەیی دەبن. هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نییەیە کە وەرزش کردن یا هەر کاریکیتر ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گیرۆدەیی. بە پێچەوانە وەرزش کردن نەتەنیا هۆی گیرۆدەیی نیە، بەڵکوو لابەری ئەویشە. ئەوەی گرینگە شوێنی وەرزش تێداکردن و مەبەستی وەرزشوانەکەیە.

ــــ کەم بوونی ئەوین و خۆشەویستی و بێبەشییەکانی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی ماشێنیی ئەمڕۆ:

ئەمڕۆکە دنیا بە هەموو پان و بەرینی خۆیەوە، بۆ مرۆڤـ جێگایەکی تەنگە! ئینسانی ئارام و بێخەمی دوێنێ بە شێوەیەک کۆیلە و بەندەی پیشە و سەنعەت بووە کە ئینسانییەتی لە بیر چۆتەوە و دنیایەکی پڕ لە فشار و دەرد و ڕەنج و ناڕەحەت و بەتاڵ لە ئەوین و خۆشەویستی پێک هێناوە کە زۆر جار بۆ ڕزگار بوون لەم گوشارانە پەنا بۆ مەشرووبە ئەڵکۆلیەکان و ماددە هۆشبەرەکان دەبا بۆ ئەوەی ساتێک ئارام بگرێو ماوەیەک خەم و خەفەت لە دڵ وەدەر بکا.

### ٥. هۆکارە فەرهەنگییەکان:

گۆڕانی بەهاکان، مەودا و درزی فەرهەنگیی نێوان چینەکان، سست بوونی بیر و باوەڕە ئایینی و نەریتییەکان، پەرەسەندنی هەستی بێ هیوایی و ناهومێدی، ڕوانگەی باش و ئەرێنی لە مەڕ ماددە هۆشبەرەکان، نەبوونی زانیاری لە سەر زیانی ماددەکان، لاسایی کردنەوەو باوەڕە چەوت و هەڵەکان لە هۆکارەکانی تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکانن.

ــ سست بوونی بیرو باوەڕە ئایینی و نەریتییەکان:

پەشێوی، بەلاڕێدا چوون و یاخیگەرییەکان هەموویان حیکایەت لە شتێک دەکەن ئەویش دوور کەوتنەوە لە ئەسڵی ئیمانە. چونکە مرۆڤی بێ ئیمان پابەندی هیچ ئەسڵ و ئەساسێک نیەو هیچ گرینگییەک بە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان نادا. لاوازی بنەما ئایینییەکان و سست بوونی بڕوا بەخوا، بۆتە هۆی ئەوە کە مرۆڤـ لە کاتی تووش بوون بە ناخۆشی و پێشهاتە خەم هێنەرەکانی ژیان ڕوو لە ماددە هۆشبەرەکان بکا. بۆ ئەوەی چەند ساتێک ئارام بگرێو خۆی لە خەم و خەفەتی کاولە دونیایە! دوور بکاتەوە!

ــــ نەبوونی زانیاری لە سەر زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان:

نەبوونی زانیاری پێویست لە سەر زیانەکانی ئەم ماددانە، یەکێک لە هۆکارەکانی تووش بوون بەم ماددانەیە. لە بەر ئەوە کە مرۆڤـ ئاگاداری ئاسەوار و کاریگەری هەموو شتەکان نییەیە و زۆر جار بە هۆی بێ ئاگایی و نەبوونی زانیاری لە گەڵ دیاردەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بە جێگای قازانج تووشی زیان و زەرەر دەبێ.

ــــ لاسایی کردنەوە:

هێندێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی چاولێکەری و لاسایی کردنەوە لە کۆمەڵگادا بلاو دەبنەوە. گرینگی پێڕەوی کردن لە مۆد بۆ هەموان دیار و بەرچاوە. گیرۆدەبوونیش بە هۆی لاسایی کردنەوە زیاتر پەرە دەستێنێ بە تایبەت بۆ لاوان کە توانای لاسایی کردنەوە لەواندا بەهێزترە، مەترسی ئەوە هەیە کە زیاتر لەم شێوەیە کەڵک وەربگرن.

بێگومان زیاتر لە هەموان هەوڵی بچووکەکان لە لاسایی کردنەوەی گەورەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ. بە تایبەت کە ئەم لاسایی کردنەوە پێویستی بە هەوڵدانێکی تایبەتیش نەبێ. بۆ وێنە ئەگەر قوتابییەک بە شێوەیەکی هەمیشەیی سەروکاری لەگەڵ باوکێکی کارکەر و چالاکە، ئەم شێوە دڵگەرمی و سووربوونە لە کاردا، لە باوکی وەدەست ناهێنێ، بەڵکوو بە هۆی توانایی و ئیستعدادی باشەوە ڕیزی نمرەکانی باش دەبێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر باوکی جگەرەکێش بێ، منداڵەکە حەز دەکا خۆی گەورەتر نیشان بدا و هەرچی زووتر دەست بە کێشانی جگەرە دەکا. بێجگە لەوە ئەگەر باوکێک خۆی سیگارکێش بێ، ناتوانێ بە باس کردنی زیانەکانی سیگار منداڵی خۆی لەم کارە وەگێڕێ. وەها باوکێک گرینگییەکی ئەوتۆ بە جگەرەکێشانی منداڵەکەی نادا. یان لە ڕێگای بە کارهێنانی هەڕەشە و زۆرەوە، هەوڵی مەنع کردنی دەدا، بەڵام میوەی ئەم مەنع کردن و هەڕەشەیە بۆ منداڵەکان زۆر شیرینە. چونکە ئەوان بە دزییەوە دەست بە کێشانی جگەرە دەکەن. بەڵام لە بنەماڵەیەک کە دایک و باوک جگەرەکێش نین، سروشتییە کە ڕێنوێنی و بەڵگەهێنانەوەکانیان کاریگەرتر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵخۆشکەرتر دەبێ. گەورە ئاوێ دەرژێنێ، بچووک پێی لێ دەخشێنێ.

هەڵ کردن و کێشانی جگەرە لە لایەن ئەکتەر و شانۆکارە جوانەکانیش ئەم گومانە لەلای نەسڵی هاوچەرخدا پێک دێنێ کە بە کێشانی سیگار، مرۆڤێکی خۆش تیپ و سەرنجڕاکێش‌تر دەبێ و گرینگی زیاتری پێدەدرێ.

هەروەها کێشانی جگەرە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن مامۆستای قوتابخانەکان ئەم بۆچوونە لای قوتابی‌یەکان بە هێزتر دەکا کە گوایە جگەرە کێشان زەین لەسەرخۆیی مامۆستا زیاتر دەکا. هەروەها بەکارهێنانی جگەرە لە لایەن دوکتۆر و کادرە دەرمانیەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە جەماوەری خەڵک ئەو هەموو بابەتانەی لەسەر زیانەکانی جگەرەکێشان بڵاو دەبنەوە، بە هێند نەگرن.

لە ڕاستی‌دا دەتوانین بڵێین ئەگەر تازە لاوێک یەکەم جار، کێشان و بەکارهێنانی ماددەگیرۆدەیی هێنەرەکان لە کەسانێک لە چینەکانی خوارێ و کەسانی بێ ناو و نیشان سەیر بکا، هیچ کات هەوەس و مەیلی ئەم کارەی بە دڵدا نایەت. بەڵام بەداخەوە ئەم کردەوە کرێت و ناشیرینە ئەغڵەب لە کەسانی گەورەتر لە خۆی (لەباری تەمەن، ناوبانگ‌و پێگە و پایەوە) بە تایبەت باوک، مامۆستا، مەلا، دەوڵەمەند، بەرپرس و پزیشکەکان دەبینێ. هەربۆیە ئەم کارەی کەرەسەیەکە بۆ دەرخستنی کەسایەتی و نیشانەی چوونەسەری پلە و پایەی کۆمەڵایەتی دەزانێ و دەست بە لاسایی کردنەوە دەکات.

ـــ باوەڕە چەوت‌و هەڵەکان:

باوەڕە چەوت و هەڵەکان و بڕوا بەو باوەڕانە، یەکێکی‌تر لە هۆکارەکانی تووش بوون بە ماددە هۆشبەرەکانن. لێرەدا ئاماژە بە چەند باوەڕی چەوت و هەڵەی ناو کۆمەڵگا دەکەین کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی مرۆڤـ قەناعەت بە خۆی بێنێ و ڕوو لە بەکارهێنانیان بکات.

**داگیرکەران لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە چەکی گیرۆدەیی بۆ لەناوبردنی بەها و بایەخە ئایینی و مەعنەوی و میراتە کلتووریەکان و لاوازکردنی بنیاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کەڵکیان وەرگرتووە.**

● ●

ئا: بردنەسەر و بەهێزکردنی توانای سێکسی و پێشگرتن لە ... بڵاوبوونەوەو برەوسەندنی باوەڕو دەرەنجامە چەوت و هەڵە فەرهەنگی‌یەکان، کە بە شێوەی تەڵقین لە مێشکی خەڵکدا جێ‌دەگرن، بەستێنی گیرۆدەبوونی نەسڵی ئینسانیی هەموارتر دەکەن.

یەکێک لەو مەسەلانە، بڵاوکردنەوەی ئەم باوەڕەیە کە هێندێک لە ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی بەهێزکردنی توانای هەڵچوونی سێکسی‌و پێشگیری لە زوو تەواوبوون لەم کارە. لە حاڵێکدا لە ڕوانگەی زانستی‌یەوە ئەم مەسەلەیە ڕاست نی‌یە و نەتەنیا نابنە هۆی بە هێزکردنی توانای سیکسی، بەڵکوو حەز و مەیلی سیکسی لە وجوودی مرۆڤـدا لەناو دەبەن! بەڵام بە داخەوە ئەم بۆچوون و باوەڕە هەڵەیە تا ڕادەیەک جێگای خۆی لەناو خەڵکدا کردۆتەوە و تەنانەت لە هێندێک ناوچەدا شەوی بووکێنی تریاک بە زاوا دەدەن.

ب: کەم کردنەوەو هێور بوونەوەی ژان‌و دەرد:

زۆربەی نەخۆشی‌یەکانی مرۆڤـ ژان و دەردیان پێوەیە، بۆ نموونە نەخۆشی ئێسک و جومگەکان، ددان ئێشە، پشت ئێشە و... زۆر جار لەلایەن کەسانێکەوە کێشان و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان وەک چارەسەرێک بە کەسانی هەڵگری ئەم نەخۆشی‌یانە پێشنیار دەکرێ. بەڵام بێ‌خەبەر لەوە کە ئەم ماددانە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ژان و دەرد هێور دەکەنەوە و لەسەر خودی نەخۆشی و هۆی سەرەکی پێک‌هێنەری دەردەکە هیچ کاریگەری دانانێ. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە نەخۆش بەم باوەڕە کە ئەم ماددانە دەتوانن چارەسەرێک بۆ دەردەکەی ئەو بن، دەست بە بەکارهێنانیان دەکا و لە ماوەیەکی کورتدا پێ‌یان گیرۆدە دەبێ. بێ‌ئاگا لەوە کە دەرد، هەستێکی ناخۆشی نیشاندەری نەخۆشی یان گرفتو پەشێوی لە کاری یەکێک لە ئەندامە جۆراوجۆرەکانی جەستەی مرۆڤە.

دەرد، بۆ خۆی نەخۆشی نی‌یە، بەڵکوو چرایەکی وریاکەرەوەیە کە بە ئێمە دەڵێ: لە شوێنێک لە لەشی ئێوەدا نەخۆشیەک خۆی مەڵاس داوە کە دەبێ بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێ. کەوایە بە جێی لابردنی ژان و دەرد دەبێ لە فکری چارەسەر و لابردنی نەخۆشی‌یەکەدا بن.

بە خۆشی‌یەوە ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتنی بواری زانست، چارەسەر بۆ نەخۆشیەکان گەلێک ئاسانە و دەوا و دەرمانی باش و جۆراوجۆر بۆ چارەسەر دەست دەکەون. کەڵک وەرگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان بۆ هێور بوونەوەی ژان و دەرد جگە لەوەی کە گیرۆدەیی وەک پەتایەکی شووم و ڕووخێنەر بەدوا خۆی‌دا دێنێ، دەبێتە هۆی ئەوە کە نەخۆشیەکە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە ناخ و جەستەی مرۆڤـدا ڕێگە داکوتێ و زیاتر تەشەنە بستێنێ کە لە ئەنجامدا چارەسەرکردنەکەشی دژوارتر دەبێ.

ج: پێک هێنانی دونیایەکی خەیاڵی بە هۆی چێژ وەرگرتن لەم ماددانە:

چێژ وەرگرتنی کاتی لەم ماددانە دونیایەکی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت بۆ ئەم جۆرە کەسانە دەخووڵقێنێ. هێندێک لەم ماددانە وەها شوێنەوارێک لە سەر ئەوان دادەنێن کە لە مێشکی خۆیاندا دونیایەکی خەیاڵی دروست دەکەن کە تێیدا دەست پێ ڕاگەیشتن بە هەر شتێک ئاسانە و بە لە بیرکردنی خەم و خەفەت، تووشی چەشنێک خەیاڵ پڵاو و خۆشی درۆیین دەگەن.

پێک هاتنی حاڵەتی نەشەبوون دەبێتە هۆی هەست بە ئازادی لە کار و کردەوەدا، بە جۆرێک کە تاکی گیرۆدە، بیر لە دنیایەک ئاوات و ئارەزووی بێ‌بڕانەوە دەکا و بە بوونی وەها ڕوحیەیەکی درۆیین و دوور لە پێوەرەکانی بیر و ئاوەز بەرەوپێش دەڕوا.

### ٦: هۆکارە سیاسی‌یەکان:

مێژوو دەربڕی ئەو ڕاستی‌یەیە کە هەمیشە داگیرکەران بۆ درێژەدان و پەرەپێدان و ڕاگرتن و پاراستنی دەسەڵاتی داگیرکارانە و بەهێزکردنی باری ئابووریی خۆیان، کەڵکیان لە پەرەپێدانی گیرۆدەیی وەرگرتووە. نموووونەی هەرە بەرچاوی ئەم ئیددیعایەش شەری تریاکە(جنگ تریاک)!

بڵاوبوونەوەی خێرای ماددە هۆشبەرەکان لە سەرانسەری دونیادا سەرەڕای ئەو قازانج و داهاتەی کە بۆ باندە قاچاخچیەکان هەیەتی، بێ‌شک دەرخەری یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی داسەپاندنی حاکمییەتی سیاسی و هاوواتایە لە گەڵ تەنیا ڕێگاچارەی دەرچوونی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە لە بن بەستە نیزامیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ شۆڕش و ڕاپەرینە خەڵکی‌یەکانی سەرانسەری جیهان و دەست پێ کردنی سیستمێکی نوێی ئیمپریالیستی بە شێوەی دیاردەیەکی گەندەڵی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی بە تایبەتمەندی‌یەکانی دنیاخۆری خۆیان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو.

داگیرکەران لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە چەکی گیرۆدەیی بۆ لەناوبردنی بەها و بایەخە ئایینی و مەعنەوی و میراتە کلتووریەکان و لاوازکردنی بنیاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کەڵکیان وەرگرتووە.

**دوژمنان باش دەزانن بە پیادەکردنی سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆیان لەم بوارەدا، لاوان دەکەنە مۆرەگەلێکی سست و بێ‌حاڵ و بێ‌باوەڕ و بێ ئامانج و بە جێگای ئەوەی کە بەرەو خوێندنگا و زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان هەنگاو هەڵگرن، چڕ و چڵکن، گرژ و کوڵکن لە گۆشە و کەناری شەقام و شارەکاندا دەکەون و بیری ئینسانییەت و ئازادی خوازی‌یان لە نێو دەچێ و چرای ئاوات و ئامانجەکانیان دەکوژێتەوە**

●●

داگیرکەر، هەمیشە بە بازرگانی کردن و بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان هەوڵی لەناوبردنی بایەخە شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان داوە و دەیدەن. هەوڵی داگیرکەران ئەوەیە بە بڵاوکردنەوە و برەوپێدانی ماددە هۆشبەرەکان و فەساد و بێ‌ئەخلاقی، فەرهەنگی خۆڕاگری و گیان بازی ئەم گەلانە بۆ فەرهەنگی مل کەچ بوون و کۆیلەیی و تەسلیم بوون بگۆڕن. دوژمنان باش دەزانن بە پیادەکردنی سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆیان لەم بوارەدا، لاوان دەکەنە مۆرەگەلێکی سست و بێ‌حاڵ و بێ‌باوەڕ و بێ ئامانج و بە جێگای ئەوەی کە بەرەو خوێندنگا و زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان هەنگاو هەڵگرن، چڕ و چڵکن، گرژ و کوڵکن لە گۆشە و کەناری شەقام و شارەکاندا دەکەون و بیری ئینسانییەت و ئازادی خوازی‌یان لە نێو دەچێ و چرای ئاوات و ئامانجەکانیان دەکوژێتەوە.

بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا دەبێ شتێک لە یاد نەکەین ئەویش ئەوەیە کە داگیرکەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ ماددە هۆشبەرەکان لە ناو میللەتاندا بڵاو ناکاتەوە. ئەو ناتوانێ لە هەر شوێنێک پێی خۆش بێ گیرۆدەیی پەرە پێبدا. هەر بۆیە ویستی داگیرکەری جیهانی ئەگەر زۆربوون و هەرزان بوونی نرخی ماددە هۆشبەرەکانیشی لە گەڵ بێ (کە هەر هەموویان هۆکارن بۆ گیرۆدەیی) ناتوانن ئیرادەی گەلان بەچۆک دا بێنن، بە مەرجێک مرۆڤەکان بۆ خۆیان حەزی لێ نەکەن. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەو شعوور و ئیختیارە و دەتوانێ بە پشت بەستن بە ئیمان و باوەڕەکانی پێشگیری لە بەرێوەچوونی پیلانەکانی دوژمنانی بکات. هەربۆیە لاوانی ئاگا و وشیاری نەتەوەکەمان دەبێ پشت ئەستوور بە ئیرادەی پتەو و پۆڵایینی خۆیان بەرەنگاری گشت پیلانە چەپەڵەکانی ناحەزانی نەتەوەکەمان ببنەوە و ئەگەر دوژمنان بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی بە لاڕێدا بردنی ئەوان دەدەن، ئەوانیش بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەنگاری پیلانەکانیان ببنەوە.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە بێجگە لە ماڵپەڕی ئینتێرنێتی، کەڵک لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:


١: از میکده تا ماتمکده اعتیاد، محمد برفی.

٢: جوانان، مواد مخدر، اعتیاد. ایوب گنجی.


***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ماددەسڕکەرەکان چەکێکی نوێ بۆ توانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئازاد محەممەدزادە

کورتەیەک:

ئەگەرچی سیاسەتی پاکتاوکردن و ئاسیمیلاسیۆن، قڕکردن و قەڵاچۆکردن و مانەوە لە باری دواکەوتوویی گەلی کورد هەمیشە لە بیر و ناخی چەپەڵ و دزێوی داگیرکەراندا بووە، لەو لایەنەشەوە کوردستان هەمیشە سەرەکی‌ترین و شوێن و جێ‌بەجێ کردنی پلانەکانی حکوومەت بۆ سەرکوتی خەڵک بووەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە کە سیما و ڕووخساری گەلی کورد بە ناحەزی پێشانی دنیای دەرەوە بدەن و هەموو جۆرە مافێکی ئەتنیکی و ئینسانی ئەم گەلە بەش خوراوە پێشێل بکەن و ئینکار لە بوونی نەتەوەی کورد لە پرۆژەی سیاسەتە کۆنە پەرستانە و ڕەگەز پەرەستانە و وشک بیرانەی خۆیاندا پەرە پێ دەدەن. ڕژێمە داگیرکەرەکان و تەنانەت دووژمنانی دیکەش لە مێژووی زۆر دورەوە تا ئێستاشی لە گەڵ دابێ لە هێنانی ناوی کورد و وڵاتێک بە ناوی کوردستان و دروست بوونی کیانێکی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا ترسیان ڕێ نیشتووەو بە دابەش کردنی ئەم خاکە هەوڵیان داوە ماڵی کورد پچڕ پچڕ و دابەش بکەن و دووبەرەکی و چەند بەرەکی بخەنە نێو خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی دوژمنان لەم نێوەدا توانیان چەند هێڵێکی دەستکرد لە خاکی کوردستان دروست بکەن و هەوڵیان داوە کە کوردستان لە هەموو بوارێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگی لە بەرامبەر وڵاتان و نەتەوەکانی دیکەدا دوابخەن و بە سەرکوت کردن و زەبر و زەنگ ئامادە بوون باجێکی زۆریش بدەن بۆ ئەوەی کە دەنگی کورد بە گوێی دونیای دەرەوە نەگا و گەلی کورد بێ‌بەش بێ لە گەشە کردن و پیشەسازی و بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆی. دوژمنان چەندین کارەساتی نامرۆڤانەیان لە دابەش کردن، داسەپاندنی شەڕی زۆرەملێ بە دژی خەڵکی بێ دیفاع و بێ دەرەتان و مەزڵووم و ئاشتی خوازی کورد، وێران کردنی ماڵ و سامان و کوشتنی سەدان هەزار مرۆڤی بێ تاوان لە پیرو پەککەوتە و ژن و منداڵ و لاو ڕا بگرە تا وەرزێڕ و کرێکار و نووسەر و ئاسیمیلاسیۆن کردن، قەڵاچۆ کردن، ئێعدام، تیرۆر و ڕەشە کوژی و زیندانی و ئاوارە کردن و کیمیاباران کردن و .... هتد، هەمووی ئەم کردەوە نامرۆڤانە لە سەر خاک و خەڵکی کوردستان تاقی کراونەوە. بەڵام داگیرکەران لەم نێوەدا تەنیا خۆیان دۆڕاوی ئەم شەڕانە بوون و نەیان توانی ڕەگی پتەوی خۆڕاگری و نیشتمان پەروەری لە ناخی کورددا بپچڕێنن و قەڵای پۆڵایینی گەل بڕووخێنن. ناچار داگیرکەران لەم دوایانەدا بە دەست پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەمڕۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم چەکە بە نوێترین پلان دادەنێ بە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تێوەگلانی لاوان و خەڵکی هەژار درێژە بە سیاسەتە نەنگەکانی خۆی دەدا.

● ●

کردنەوەی سیاسەتی چەپەڵ و دژە ئینسانی نوێ هاتنەوە کە ئەویش سیاسەتی ڕووخان و تێکدانی مێشکەکان و لاوەکانە. بەڵێ ئەم چەکە کە زۆر لە چەکەکانی پێشووی دەستی داگیرکەران ماڵ وێرانتر و زۆر بێ دەنگە و بێ ڕەنگە مادده سڕکەرەکانن کە وەربۆتە ژیان و ماڵ و مێشکی لاوان و خەڵکی کوردستان. بەڵێ ئەم چەکە هێندە بەهێزە کە مرۆڤ لە مرۆڤ بوون دەشواتەوە چ دەگا بە نیشتمان پەروەری و خۆڕاگری و هەست و بیر و هۆش، ئەمڕۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم چەکە بە نوێترین پلان دادەنێ بە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تێوەگلانی لاوان و خەڵکی هەژار درێژە بە سیاسەتە نەنگەکانی خۆی دەدات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم ماددانە بە نرخێکی هەرزان و بە دەستی هێزەکانی خۆی لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە. هەتا ئێستا ڕێژەیەکی زۆر لە لاوان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان گیرۆدەی ئەم ژەهرە بوون. ڕێژیم بە ملیتاریزە کردن و ئەمنی کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێ ڕانەگەیشتن و نەدانی ئیمتیازی خزمەت گوزاری بەم ناوچەیە هەوڵی داوە کە خەڵکی کوردستان هەر لە قاڵبی قڕکردن و خەفەکردن بە شێوەی جوراوجۆر تاقی بکاتەوە.

**ناسین:**

مادده سڕکەرەکان دوو جۆرن کە دروست دەبن، هێندێکیان لە ڕووەکان بەرهەم دێن و هێندێکیشیان بەو تاقمە دەگوترێن کە لە ئاوێتە کیمیایەکان پەیدا دەبن. ئەم پێکهاتەیە کە دەبێتە هۆی تیک چوون و لە هۆش بردنی مرۆڤ و کارلێک دەکات لە گەڵ هەڵس و کەوتی جەستەیی و دەروونی و لەدەستدا نەمانی کۆنترۆڵی مێشک و جەستە.

دەتوانین ئەم ماددانە دابەش بکەینە سەر ۳ گرووپ کە هەر گرووپێک چەندین جۆر لە خۆ دەگرێ.

مادده سڕکەرە وشکەکان:

وەک تریاک، کراک، مۆرفین، هیرۆئین، حەشیش، گراس، ناس، کۆکایین، کریستاڵ، شیشە، کە هەرکام بە شێوەیەک لە لایەن بەکارهێنەر و تووشبوو بە ماددەکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

مادده سڕکەر و هۆشبەرەکان واتە خواردنەوە ئەلکولی‌یەکان:

شەراب، ویسکی، بیرە. شەربەتە سەرخۆشکەرەکان و ئارەقی دەست ساز.

حەبەکان:

حەبەکانی X و ترامادۆڵ و متانۆل... هتد.

**تێوەگلاندن:**

یەکێک لە سەرەکی‌ترین ڕێگاکانی گیرۆدەیی بەتایبەت لاوان بە مادده هۆشبەرەکان.

— ئەوە ئەرکی بنەماڵەیە کە چاوەدێری بکەن بە سەر منداڵەکانیان بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاری و لاویەتی‌دا. کەم گرینگی پێدانی بنەماڵە و کۆمەڵگا و حکوومەت و نەبوونی کەرەستەی خزمەت گوزاری و کات پڕکردنەوە بۆ هەرزەکاران و لاوان.

— گوێ نەدانی بنەماڵە و کۆمەڵگا و حکوومەت بە نیسبەت ڕاهێنان و بارهێنانیان و گرینگی نەدان و پێ ڕانەگەیشتنیان بە شێوەیەکی گشتی، زەخت و فشاری نێو کۆمەڵگا و بنەماڵە و بە تایبەتی دایک و باوک کە کار دەکات لە سەر هەست و بیری ناسکی منداڵەکانیان.

— تووش بوون بە خەمۆکی و دڵەڕاوکی و ترس و کەم ڕوویی و شەرم و نەدانی زانیاری پێویست لە لایەن گەورەکانەوە وادەکا کە هەرزەکاران و لاوان نەتوانن لە بەرامبەر کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا خۆ ڕاگر بن.

— دەست پێ ڕانەگەیشتن و کەم دەرامەتی و بێ کاری و دروست بوونی بۆشایی لە نێو ژیان و نەبوونی شوێن گەلێکی تایبەت بە کات پڕ کردنەوە و ڕوون کردنەوە و ئاگادار کردنەوەی لاوان.

— وەدی نەهاتنی حەز و ئارەزوو و هیواکانی لاوان لە ڕاستی دا سەرەکی‌ترین هۆکارن بۆ تێوەگلاندنیان بە مادده هۆشبەرەکان و سڕکەرەکان.

— نەبوونی یاسایەکی ڕێک و پێک و کارگێر بۆ ئیدارەکردن لە نێو حکوومەت و کۆمەڵگا و بنەماڵەدا. ئاگادار نەبوونی دایک و باوک لە چۆنیەتی هەڵس و کەوتی منداڵەکانیان بەتایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاری و لاویەتی دا.

— هەڵکوتانە سەر منداڵ و بێ ڕێزی و بێ حورمەتی و شکاندنی بیر و هەستی ناسک و شێواندنی دەروونی لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە.

— نەبوونی ئازادیی‌یەکی نیمچە سنووردار کراو لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگا بە سەر منداڵەکانیاندا بە فەزای دەرەوەی ماڵ. باوەڕ بەخۆ نەبوون و ڕەش بینی منداڵ و تووڕەیی و دڵەڕاوکێ.

— کەم دەرامەتی و خراپی باری ئابووری کۆمەڵگا و بەربەست دروست کردنی حکوومەت لە سەر ڕێگای ئازادی تاکە کەسی و دانانی یاساو ڕێسای وشک و نەگونجاو بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگای کوردستان دا

ئارا

بۆ چوونە نێو باسی مادده هۆشبەرەکان پێویستە بە کورتیش بێ باسێک لە گیرۆدە بوون(ئیعتیاد) بکەین.

ئیعتیاد یان گیرۆدە بوون بە مانای خووگرتن بە شتیک کە نەتوانی بە سانایی لێی ڕزگار ببێ بە شتێک کە لە ژیانیدا تووش بووە. مادده هۆشبەرەکان شکڵ و شێوەی جۆراو جۆری لە نێو بازاڕەکانی جیهاندا هەن و دەستاو دەستیان پێ دەکرێ کە لێرەدا ئاماژە بە چەند جۆر و شێوەی بەکارهێنانیان دەکەم.

ئا. گراس: وەک تووتن وایە و ڕەنگی سەوزە و لە گەڵ سیگار بەکار دێ. تاکی بەکارهێنەر بێ خواستی خۆی کاری خۆنەویست دەکا. گراس لە گەڵای شادانە دروست دەبێ.

ب. حەشیش: وەک قیر ڕەش و نەرمە و گەرم دەکرێ واتە وشک دەبێ و لە گەڵ سیگار بەکار دێ. تاکی بەکار هێنەر بەرچاوی هەمیشە ڕەشە.

ج. تریاک: بە شێوەی جۆراو جۆر هەیە بۆ وێنە، جۆرێکی لوول کراوی هەیە لە سەر سورب گەرم دەکرێ و هەڵی دەمژن، هەروەها هێرۆیین، کراک، شیشە، کریستاڵ، ماریجوانا، مۆرفین و کۆکایین و ... هتد کە ئەم مادده هۆشبەرانە بەشێکن لە مادده ئیعتیاد هێنەرەکان کە پێیان دەڵێن ئۆویتۆئید و هەروەها بەکار هێنەرەکان وەک حەبی X یان مێتادۆن، ترامادۆڵ و حەبە کۆکایین‌دارەکان کە پێیان دەڵێن ماددەی تەوەهوم زا، بوونە ئەنفالی سپی دنیای پێشکەوتوو.

کراکیش بەشێکە لە مادده هۆشبەرەکان کە ئەویش بە شێوازی جۆراوجۆر هەیە. دەتوانم بڵێم کە کراک لە ئێستادا کوشندەترین مادده هۆشبەرەکانە کە تاکی کراکی دوای ماوەیەکی بەردەوام کە بەکاری دێنێ، لەشی دائەرزێ تا وای لێ دێ کاتێک کە بە فشارێکی کەم دەستی رابکێشی دەستی لێ دەبێتەوە، یان کەسی بەکارهێنەر ئەوەندە کراک بەکار دێنێ کە مێشکی دەپژێنێ، بێ گومان تا دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک نارەحە دروونی‌یەکان کێشەی سەرەکی کۆمەڵگا بێ ، مادده هۆشبەرەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بە جۆرەکانی زیاد دەکا و دەبێتە هۆی بەڵای ماڵ وێرانکەرێکی دیکە.

هاوکات لە گەڵ دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان، دیاردە ئابووری‌یەکانی وەک بێکاری و لە خوارەوە بوونی داهات و هەروەها کێشە سیاسی‌یەکان بۆ ئەو وڵاتانەی کە شێوازی سیستماتیک شوێن یان شوێنگەلی جیاواز دەکەنە ئامانج بۆ باشتر بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی خۆیان، هەروەک لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا دەبیندرێ. بۆ وێنە ئەو شوێنانەی کە پێی دەڵێن ئیدارەی دژی بەربەرەکانی لە گەڵ مادده هۆشبەرەکان بۆخۆی کانگای بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرە. تەنانەت لە بەندیخانەکانیش‌دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو هەڵس و کەوتێک لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ئینتزامی دایە، بەڵام ئەو کەسانەی کە پێشینەی سیاسیان هەیە هەوڵ دەدەن بە هەموو جۆرێک موعتادیان بکات. ئەمە لە کاتێک دایە کە دەسەڵات بەرپرسیارە لە پاراستنی گیان و ماڵی کۆمەڵگا. جێی ئاماژەیە کە لە ڕێگاوبانەکانیش‌دا گواستنەوەی لە شارێک بۆ شارێکی دیکە زۆر ئاسانە، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە ئەم کارانە دەکەن مۆرەی خۆیانن و هیچ کەس ڕێگریان نابێ. هێندێک لە ماددەکان بە تایبەتی حەشیش چاوی بەکارهێنەر جوان و خومار دەکا و ئەم شتەش بۆتە بیانوویەک بۆ ماددە هۆشبەرەکان تا بتوانن دزە بکەنە نێو گەنجان بۆ ئەوەی کە هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە مێشکیان لە هەر جۆرە هەستی جوان و مرۆڤ دۆستی و ئازادی بسڕنەوە. ئەوەش ڕوونە ئەگەر مێرمنداڵێک تووشی ماددەی هۆشبەر بێ جیا لە بیر کردنەوە لە چۆنیەتی بەدەست هێنانی ماددەکە مێشکی بۆ هیچ شتێکی دیکە ناچێ. تەنانەت لە نێو بنەماڵەکەشی‌دا بە دەستی‌یەوە دەناڵێنن بۆ وێنە ئەگەر سەرپەرەستی بنەماڵەکە تووش بێ ئەوەندەی دیکەش شیرازەی ئەو بنەماڵەیە لێک دەترازێ کە بێ گومان ئێستا بۆتە کێشەی سەرەکی زۆربەی بنەماڵەکان بۆ جیا بوونەوە، چونکە کاتێک سەرپەرستی بنەماڵە تووشی دەبێ بوار خۆش دەکا بۆ تووش بوونی ئەندامانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە، چونکە لە زۆربەیان‌دا منداڵەکان ماددەکەیان بۆ وەدەست دەخەن کەوایە بە ئاسانی دەستیان دەکەوێ و کاتێک ئەو بنەماڵە موعتاد بوون، ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەوروبەریان تا وای لێ دێ لەو بنەماڵەوە بۆ بنەماڵەیەکی دیکە تا دەگاتە کۆمەڵگا و کۆمەڵگاش بەرەو نەمان و گەندەڵی دەکێشرێ. تریاک لە ئێراندا مێژوویەکی درێژی هەیە و لە کاتی دەسەڵاتی سوڵتان و شاکاندا بە تایبەت لە سەردەمی قاجارەکان لە نێو بنەماڵە گەورەکاندا وەک بنەماڵەی

> **ئەوەمان لە بیر نەچێ کە کۆمەڵگا لە دوو توێژی دەوڵەمەند و هەژار پێك هاتووەو ئەگەر تاکی تووش بوو لە بواری ئابووری‌یەوە کەم داهات بێ نزیکترین ڕێگا کە بۆ بەدەست هێنانی ماددەکە دەیبینێتەوە ئەوەیە کە لەش فرۆشتن و قوربانی کردنی کەسانی دەوروبەری هەتا دەگاتە فرۆشتنی پێداویستی‌یەکانی نێو ماڵ و تەنانەت فرۆشتنی نرخ و بەها مرۆڤایەتی‌یەکانی بنەماڵەکەی.**

●●

وەزیر و سەرۆک عەشیرەتەکان تاکوو پلەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و ئەمەش وەک نەریتێکی سوننەتی لەنێو بنەماڵەدا باو بووەو تا ئێستاکەش ئەو نەریتە لە کۆمەڵگای ئێراندا باوەو لە هەمان کات‌دا بەکارهێنانی تریاک هێزو وزەیەکی زۆر بە مرۆڤ دەدا و زیاتر بە مەبەستی دەرمانی بە کاری دەهێنن و جۆریک ئازار شکێنە و هەن ئەو کەسانەی کە بە هۆی ئازاری جەستەیی‌یەوە تریاکیان بەکار هێناوە، هەروەها هەشن ئەو کەسانەی بەهۆی نەفس نزمی و چڵێسی و دامرکادنەوەی هەوا و هەوەسیان تریاکیان بەکار هێناوە کە لە کۆتایی‌دا وایان لێ هاتووە و تووشی تێوەگلاو بوون و کەوتوونەتە ئەو گێژاوەوە.

ئەوەمان لە بیر نەچێ کە کۆمەڵگا لە دوو توێژی دەوڵەمەند و هەژار پێک هاتووەو ئەگەر تاکی تووش بوو لە بواری ئابووری‌یەوە کەم داهات بێ نزیکترین ڕێگا کە بۆ بەدەست هێنانی ماددەکە دەیبینێتەوە ئەوەیە کە لەش فرۆشتن و قوربانی کردنی کەسانی دەوروبەری هەتا دەگاتە فرۆشتنی پێداویستی‌یەکانی نێو ماڵ و تەنانەت فرۆشتنی نرخ و بەها مرۆڤایەتی‌یەکانی بنەماڵەکەی. تەنیا ئەوەندەش بەسە بۆ زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ڕادەی لەش فرۆشی و بێ بەندوباری لە کۆمەڵگادا. هەروەها بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئایینی شیعەدا مەجازە و ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ تووش بوونی کۆمەڵگا بە ئێعتیاد، بەڵام هاوکات لە گەڵ زیادبوونی ماددە هۆشبەرەکان ئەگەر زانیاری و یارمەتی زیاتری بنەماڵەکان لە سەر ئاسەوارە خراپەکانی ماددەکان بەگشتی بکرێ ڕێژەی ئێعتیاد کەم دەبیتەوەو ئەمەش بە کەسانی دەسەڵاتدار و کەسایەتی‌یە ئایینی‌یەکان و سەرپەرستی بنەماڵە دەکرێ و ڕاگەیاندنیش دەتوانێ کاریگەری گرینگی هەبێ لەم روانگەوە. جێگای خۆشحاڵی‌یە کە ئێستا لە کوردستان‌دا بە تایبەت ڕێکخراوگەلێکی خۆبەخش چالاکن و کاریان ناسینی کەسانی موعتاد و یارمەتی دانیان بۆ دەرمان کردنیان، چونکە لە ڕوانگەی رۆشنبیران و پسپۆڕانەوە ئێعتیاد نەخۆشی‌یە نەک تاوان. جێگەی ئاماژەیە کە بەشێکی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە خۆیان موعتاد بوون کە وازیان هێناوەو تامی ژیانی تازەیان چێشتووەو هەوڵ دەدەن تووش بووانی دیکە بۆ ژیانی دووبارە بگەڕێننەوە. هیوادارم کە هەستی مرۆڤ دۆستی هەر کام لە ئێمە ئەو ئیجازەمان پێ بدا کە بتوانین لە گەڵ ئەم هەموو بەربەستانە، یارمەتی تاکی تووش بوو بکەین بۆ ئەوەی کە نەبادا ڕۆژێک خۆمان تێوەگلێین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سیاسەتی بەردەوامی بکوژانی لاوانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگەی مادده هۆشبەرەکانەوە





وریا ساڵحزادە

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هێندەی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆنە. مرۆڤی کۆن بە پێی ژیانی سەرەتایی خۆی هەموو جۆرە گژوگیایەکی تاقی کردۆتەوە، ئەو ڕووەکانەی ناسیوە کە دەخورێن و ئەوانەشی دەست نیشان کردووە کە زیانبەخش و ژەهراوین. پەی بە چەندین دەرمان و چارەسەری ڕووەک بردووە کە هەتا ئەمڕۆ تەنانەت لە وڵاتە پێشەسازی‌یە هەر پێشکەوتووەکانیش‌دا هەر شوێنی خۆیان هەیە. لەم بوارەدا حەکیم و زانای ئەوتۆ پێگەیشتوون کە پاشا و کاربەدەستان قۆزیویانەتەوە وەک دکتۆر و پسپۆڕی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. بێ گومان ئەو ئەزموونانە بەدەرنەبووە لە دۆزینەوەی چەندین ژەهر و ماددەی بکوژ و ماددەی هۆشبەر. بەڵگەی ئەوە لە بەر دەست دایە ئەفیون(تریاک ) لە لایان سوومەری‌یەکانەوەو ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین بەکار هاتووە، دۆزینەوەی حەشیش لە لایەن حەکیمە چینی‌یەکانەوە لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٠٠ی پێش زاییندا کە دەکاتە ٤٦٠٠ ساڵ لەمەبەر بە یەکێک لە بەڵگە کۆنەکانی بەکارهێنانی دەرمان و مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت. حەکیمە چینی‌یەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەم ماددەیە کەڵکی پزیشکی تیدایە و دەتوانن بۆ چارەسەری نەخۆشی کەڵکی لێ وەربگرن. بەڵام هێندەی پێ نەچوو بۆیان ڕوون بۆوە کە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە بەڕادەیەکی زۆر، کاریگەری خەراپ لە سەر مێشک دادەنێ و دەبێتە هۆی گیرۆدەیی. لەو کاتەوە ئەو دەرمانە وەک بوومەلەرزەیەک کاریگەری خۆی لەسەر کلتووری مرۆڤایەتی بەجێ هێشتووە. مێژووی مادده هۆشبەرەکانیش لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوی‌یەکان کە سەرەتا کاربەدەستانی سەفەوی بە مەبەستی تەریک خستنەوەی پەرێشانی‌یەکان بەکاریان دێنا تاکوو بەر لە سەدەی ١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تریاک لە ئێران‌دا بە شێوەیەکی بەرفراوان نەدەچێندرا و تریاک کێشانیش زۆر باو نەبوو. کێشانی تریاک لە ئێراندا لە سەردەمی ناسرەدین شا دەست پێ دەکا و لە سەردەمی <>ئەمیر کەبیر>>یش چاندنی خەشخاش لە دەوروبەری تاران وەک تاقی کردنەوە هاتۆتە ئەنجام دان. بەڵام کە دەسەڵات دەگاتە دەست کۆماری ئیسلامی و خومەینی ڕێبەرایەتی شۆڕشی گەلانی ئێران دەگرێتە دەست و حیزبەکەی خومەینی(جمهوری اسلامی ایران) خۆی بە سەر گشت دەزگا و ناوەندەکاندا دەسەپێنێ، مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان خۆی لە قۆناغێکیتردا دەدۆزێتەوەو دەبێتە چەکێکی بەردەوام یانی چەکێکی بکوژ بەرامبەر بە گەلانی ئازادی خواز، چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوچە زوڵم لێکراوەکان. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی بە شێوەیەکی سیستماتیک سیاسەتی لە نێوبردنی لاوانی لە ڕێگای گیرۆدەکردنیان بە مادده هۆشبەرەکان پیادە دەکا. ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ڕێگەی بەکرێ گیراوانی خۆی بە ئازادی‌یەکی تەواوەوە مادده هۆشبەرەکان لە نێو لاوانی کورددا بە نرخێکی هەرزانتر لە ناوچەکانی‌تری ئێران بڵاو دەکاتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر لە لاوانی کورد لەو ڕێگەیەوە گیانی خۆیان لە دەست داوە. دەتوانین بڵێین یەکەم سیاسەتی بەردەوام بکوژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕیگەی

مادده هۆشبەرەکانەوە زیندانیانی سیاسی و ئازادی خوازانن کە لە بەندیخانەکان دا تێکەڵاوی تاوانباران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکانیان دەکەن. دوایین بەڵگەشمان مان گرتن لە خواردنی ڕۆژنامەوان کەماڵ شەریفی لە زیندانی میناب لە باشووری ئێرانە کە گەرمترین ناوچەیە بە ٣٠ ساڵ زیندان حوکم دراوەو هاوبەندی‌یەکانی هەموویان تووش بووان و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکانن بێ گومان سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە گشت لایەنێکەوە سیاسەتێکی دژە کوردانەیە و لە هیچ هەلێک بۆ ناشیرین کردنی ڕووخساری کەسایەتی سیاسی، زانستی، ئەدەبی، ڕووناکبیر و ئایینی‌یەکان سڵ ناکاتەوە چاوی بە دیتنی هەرێمەکەمان لە کوردستانی گەورە هەڵ نایە هەر بۆیە جار جارە چەند گرووپ و کەسانێک بە چەند کیلۆ ماددەی هۆشبەرەوە ئەودیوی باشووری کوردستان دەبن و درێژە بە سیاسەتی بێ دەنگی کورد کوژی دەدەن کە بەخۆشی‌یەوە چەند جار لە لایەن دڵسۆزانی نیشتمانەوە ناسراون و دەست بەسەر ماددەکانیان‌دا گیراوەو لە ناو براوە. ئەوەی لە سەر ئێمە پێویستە و ئەرکێکی نیشتمانی‌یە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە بەگشتی و لاوان بە تایبەتی لە بەرامبەر سیاسەتی نکۆڵی کردنی گەلی کورد و بە لاڕێ دا بردنی کۆمەڵگای کوردستانە، دەربازیان بێ و بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بن تا لە داوی سیاسەتی بەردەوام بکوژ و

**مێژووی مادده هۆشبەرەکانیش لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوی‌یەکان کە سەرەتا کاربەدەستانی سەفەوی بە مەبەستی تەریك خستنەوەی پەرێشانی‌یەکان بەکاریان دێنا تاکوو بەر لە سەدەی ١٩ تریاك لە ئیران‌دا بە شێوەیەکی بەرفراوان نەدەچێندرا و تریاك کێشانیش زۆر باو نەبوو**

ئینکاری ڕێژیمی ئێران نەکەون، چونکە هەر نەتەوەیەک بە مافەکانی خۆی ئاشنا نەبێ خۆی لە هاوکێشەکان‌دا نەدۆزێتەوە هیچ پەیامێکی بۆ نەوەکانی داهاتوو پێ نابێ.

***







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی لە کوردستان دا

ئەحمەد مەکلاوەیی

پاش ئەوەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا سەرکەوت، ئاخوندەکان دەسەڵاتیان لە دەست خۆیاندا قەبز کرد و بەرامبەر بە گەلانی ئێران سەنگەریان گرت. بەڵام لەو سەنگەر گرتنەیاندا زیاتر ئاوڕیان لە کوردستان دایەوە بە مەبەستی سەرکوت و کپ کردنی بڵێسەی بیری نەتەوەیی لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دا کەوتنەخۆ و دەستیان دایە پیلانگێڕی و هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد کە ناوی جیهادیان لە سەر دانا و بەو ناو و بیرو باوەڕەیان هەزاران لاو و پیرو پەک کەوتەی کوردیان کوشت و قەتل و عامێکی بەرچاو و بێ بەزەیی‌یانەیان لە کوردستان وەڕێ خست کە ئاسەواری ئەو کوشت و کوشتارە ئێستاش کە ئێستایە لە سەر زۆر لە خەڵکی کوردستان ماوەتەوە و زۆر کەس بە کەم ئەندامی لە جێدا کەوتوون و کەسیش نیە لێیان بپرسێ و ئاوڕیان لێ بدەنەوە.

لەم کوردستانەدا(رۆژهەڵاتی کوردستان) گوند و شارو گەڕەک و... نیە کە پیاوەکانی ڕێژیمی ئاخوندی تاوانیان تێدا نەخوڵقاندبێ و داخیان بە دڵی دایک و باوک و کەس وکاری زۆر لە خەڵکی کوردستانەوە نەنابێ. دەسەڵات بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەوەش نەوەستان و لە کاتی شەڕی ئێران و ئێراقدا بە سەدان و هەزاران کەسیان لە کوڕی کورد بە زۆرە ملی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کرد و بوونە خۆراکی قەل و داڵ و ئێستا کە ئێستایە نە گەڕاونەوە نە گۆڕیشیان دیارە. ئەوانەی لە کوردستان بۆ بەرەکانی شەڕ بەڕێ کران زۆریان مێرمنداڵ بوون کە بە پێی قانوونی نێونەتەوەیی نەدەبوو بنێردرێنە ئەو شەڕە ماڵ وێرانکەرە. جگە لەوەش لە دەشت و چیاکانی کوردستاندا زۆر لاوی کورد بوونە سێرەی گوللەی چەکی کۆنە پارێزان و شەهید کران. لە زۆربەی گوندەکانی کوردستاندا بە دەستووری ئاخوندەکان پاستارەکانیان بە سەدان لاو و مێرمنداڵ و پیرو پەک کەوتەیان کردنە سێرەی تاقی کردنەوەی تفەنگچی‌یەکانی خۆیان و شەهیدیان کردن و بە خوێنی خۆیان خاکی کوردستانیان سوور کرد. لە کاتی هێرش بردنیان بۆ سەر کوێستانەکان و مووچە و مەزرای خەڵکی کوردستان ، دەیان شوان و وەرزێر و کاسبکاری کوردیان خەڵتانی خوێن کرد. قەیرانێکی ئابووری گەورەیان لە کوردستان‌دا دروست کرد کە زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ڕوویان بۆ کاری قاچاغی لە سنوورەکان کرد کە لەو ڕێگایەشدا لە لایەن پاستارەکانەوە بە سەدان کەسیان لێ کوژرا. بەڵام بەوەش نەوەستان و لە ناوچە سنووریەکاندا دەستیان بە مین ڕێژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# کراک

**دەبێ لاوانی کورد بەگشتی و لاوانی ڕووناکبیر بە تایبەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ بنبڕ کردن و لەقاودانی پیلانی دوژمنانی کورد دەست بدەنە نێو دەستی یەکتر و لە ڕێگای جۆراوجۆری وەك ڕاگەیەنە گشتییەکان خەڵکی کوردستان زیاتر لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکەنەوە تا ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان زیاتر بەرەو موعتاد بوون نەچن و پیلانی دوژمن تێك بشکێنن.**

ڕێگاکان کرد و بەدەیان کەسیان لەوانەی کە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانی ماڵ و منداڵیان ڕوویان لە کاری قاچاغی کردبوو کوشت و بریندارکرد کە لەوانە زۆریان کەم ئەندام بوون کە ئێستا کەس نیە ئاوڕیان لێ بداتەوە و پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات. ئاخوندە دڵ ڕەشەکان بە هەموو ئەو جینایەتانە نەوەستان و دەستیان دایە پیلانێکی گڵاوتر و دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان کرد و هەزاران کاسیان تووشی ئەو نەخۆشییە کرد کە ئێستا دەبینن لە کۆڵانی گوند و بازاڕی شارەکاندا کەوتوون و دەناڵێنن و هەڵوەدان؟!

ڕێژیم مەبەستی سەرەکی لەوەدا ئەوە بوو کە لاوانی کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە بکا تا فکرو بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕبوون نەکەنەوە و وردە وردە بیری نەتەوەیی لە مێشکی لاوانی کوردستاندا بمرێنێت. لێرەدایە کە دەڵێین: دەبێ لاوانی نیشتمان پەروەر و گەل دۆستی کوردستان لەوە ئاگادار بکرێنەوە، تا زیاتر ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواری نەکەونە پیلانی دووژمن و برینی قووڵتری لە بیری کوردایەتی نەدرێ.

سەرانی کۆماری ئیسلامی بەوەش نەوەستان و چەندین ساڵە دەستیان هاویشتۆتە نیو باشووری کوردستان و چاویان بەو کەمە ڕووناکییەش هەڵ نایە و دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان کە تا ئێستا چەندین کەس لەوانەی ئەو کارە دەکەن لە سنوورەکان لە لایەن پارێزەرانی کوردستانەوە گیراون. هەر بۆیە دەبێ لاوانی کورد بەگشتی و لاوانی ڕووناکبیر بە تایبەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ بنبڕ کردن و لەقاودانی پیلانی دوژمنانی کورد دەست بدەنە نێو دەستی یەکتر و لە ڕێگای جۆراوجۆری وەک ڕاگەیەنە گشتییەکان خەڵکی کوردستان زیاتر لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکەنەوە تا ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان زیاتر بەرەو موعتاد بوون نەچن و پیلانی دوژمن تێک بشکێنن. لە کۆتاییدا دەڵێم: مەرگ بۆ ئەو ڕێژیمەی کە دەی هەوێ مرۆڤەکان جا لە هەر تیرەو نەتەوەو کۆمەڵگایەک بن بەرەو موعتاد بوون بەرێ و خەڵک تووشی ئەو نەخۆشییە گڵاوە بکا. سڵاو لەو دەسەڵاتانە کە پارێزەری مافی مرۆڤەکانن و ڕێز بۆ مافی هەموو مرۆڤەکان لە هەر تیرەو نەتەوە و گەلێک بن دادەنێ و دژایەتی مادده هۆشبەرەکان دەکا و هەوڵ بۆ بنبڕ کردنی موعتادبوون دەدەن.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاددا کێ تاوانبارە؟*،






سیروان مووساپوور

"ئێعتیاد" ئەو بەڵایەی کە دەبێتە هۆی سیس بوونی گوڵی ژیانی گەلێک لاو و تێک ڕووخانی بناخەی کۆشکی هیوا و ئاواتی زۆر ژن و پیاو، ئەمڕۆکە وەک دیاردەیەکی جیهانی و مەسەلەیەکی گرینگی کۆمەڵایەتی زیاتر لە هەر کاتێک شادەمارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕێک دەگووشێ و هەر ڕۆژەی کەسانێکی زیاتر تووشی بێچارەیی و ڕۆژەڕەشی دەکات.

بەکارهێنان و گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان لە لایەک و لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بازرگانی کردن بەم ماددانە و لە لایەکی‌تر و لەلایەن بەشێکی دیکە لە خەڵک، دوو دیاردەی مەترسیدار و دوو بابەتی گرینگ و باس هەڵگرن. باس کردن لە ئێعتیاد، مێژووی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، جۆر و شێوەی بەکارهێنانیان، قۆناخەکانی گیرۆدەیی، نیشانەکانی تاکی گیرۆدە، هۆکار و پاڵنەرەکانی تووش بوون بەم ماددانە، دواهات و خەسارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و تەندروستی‌یەکانی ئەم ماددانە لەسەر تاک و کۆمەڵگا، هۆکارەکانی ڕووکردنە بازرگانی پێوەکردن و بڵاوکردنەوەیان و هەروەها ڕێگاکانی خەبات دژی ئەم ماددانە بابەتگەلێکی جێگای باس و لێ وردبوونەوەن و پێویستیان بە نووسینی دەیان وتار و کتێب و بەستنی سەدان کۆڕ و سیمینار هەیە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی نووسینەکەی ئێمەیە، باسێکی کورتە لەسەر تاوانبارانی سەرەکی پەرەئەستاندنی ئەم دیاردەیە لە کوردستان.

بەکارهێنان و گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان و بازرگانی پێوەکردنیان شتێک نییە کە تایبەت بە وڵاتێک، ڕەگەزێک یان تەمەنێکی دیاری کراو بێ، بەڵکوو لە گۆشە و کەناری جیهان و لە نێو ژن و پیاو و لە لایەن پیر و لاو ئەنجام دەدرێ. کوردستانیش وەک بەشێکی بچووکی ئەم جیهانە پان و بەرینە لەم پەتا ماڵ وێرانکەرەو لەم چەکە بێ تەقەیە بە دوور نییە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا نە تەنیا لە شارە گەورەکان، بەڵکوو لە دێهاتەکانیش ڕووی لە زیاد بوونە و دەست ڕاگەیشتن بە مادده سڕکەرەکان لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە.

گشت لایەک دەزانن کە نیزامی حاکم لە ئێراندا، وەک ڕێژیمێکی زاڵم و لە هەمان کاتدا فێڵاوی، بۆ لەناوبردن و بە چۆک داهێنانی نەیارانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران، لە هیچ کردەیەوەکی دژی گەلی‌یانە درێغی ناکاو کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێ. ئەگەر زۆر جار لە تیرۆر یان ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ لەناوبردنی نەیارانی کەڵک وەردەگرێ، بێ‌گومان دەتوانێ لە مادده هۆشبەرەکان وەک چەکێکی بێ‌دەنگ لە گشت قۆناغ و سەردەمێکدا کەڵک وەرگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش نەتەنیا لە ناوخۆی ئێران بەڵکوو لە دەرەوەی ئێرانیش بێ‌کار دانانیشێ و ئەوەی لە دەستی بێ، دەیکات. ماوەیەک لەمەوبەر ئاژانسی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانی نیجریە ڕایگەیاند کە دەستی بەسەر بارێکی **١٣٠** کیلۆیی هێرۆئینی نێردروا لە ئێران داگرتووە کە لە نێو کەل و پەلی ترۆمبێل سازیدا شاردراوەتەوە.

لە کوردستانیشدا ئەوە کە بڵاوبوونەوەی مادده سڕکەرەکان و پەرەئەستاندنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاردەی ئێعتیاد دەستی کۆماری ئیسلامی لە پشتە، هیچ گومانێکی تێدا نییە. هەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم ماددانە لە ڕێگای دەست و پێوەندەکانی و هاوکاری بازرگان و فرۆشیارانی ئەم ماددانە هەتا تەرخان نەکردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم دیاردەیە و... بەڵام با بۆ جارێکیش بێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین ئاخۆ لە پەرەئەستاندنی ئەم دیاردەیە و بەکارهێنانی ئەم ماددانە تەنیا دەوڵەت تاوانبارە؟؟ یان لە پەنا تاوانباری سەرەکی تاوانبارانی تریش هەن؟!

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەکارهێنانی هیچ ئامرازێک و نانەوەی هیچ داوێک بۆ لەناوبردنی نەیاران و بێدەنگ کردنی هاواری خەڵک لە گەرووی بە تایبەت لە کوردستان، بە دوور نییە و تاوانباری سەرەکی پەرەپێدانی ئەم ماددانەیە. دەوڵەت بە هۆی دابین نەکردنی کار بۆ خەڵک بە تایبەت لاوان، ڕێگا نەگرتن لە ئاسان دەس کەوتنی ئەم ماددانە، هاوکاریی بازرگانان و فرۆشیارانی مادده هۆشبەرەکان، تەرخان نەکردنی بوودجەی پێویست و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم پەتایە و... وەک تاوانباری سەرەکی ئەم دیاردەیە لە کوردستان دێتە ئەژمار. بەڵام لە بیرمان نەچێ کە کەس یان کەسانێکی دیکەش لەم ناوەدا بێ تاوان نین.

تاکی بەکارهێنەر یەکەم تاوانباری ئەم دیاردەیەیە جا بە هەر بیانوویەک و هەر هۆکارێکی لە پشتەوە بێ. مرۆڤ دەتوانێ بە ئیرادەیەکی پتەو زۆر بە ئاسانی نە تەنیا لە بەرامبەر مادده سڕکەرەکان بەڵکوو لە بەرامبەر بەڵای زۆر مەترسیدارتر و پیلانی زۆر گەورەتر ڕابوەستێ جا لە لایەن هەر کەسێکەوە بێ. بۆ ئینسانی خاوەن ئیرادە هیچ شتێک ئەستەم نییە. بە قەولی شکسپیر: "ئەو کەسەی کە غیرەتی ئەنجام دانی کار و ئەرکی شیاوی هەیە، مرۆڤە". یان وەک ئەوەی ویلیام فالکێر دەڵێ: "ئەگەر ئینسان نەتوانێ خۆی بە پلەیەکی بەرزتر لەوەی کە هەیە بگەیەنێ، بوونەوەرێکی لاواز و بێ نرخە". بۆیە مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە ژیانیدا و بێشک لە تووش بوون بەم دیاردەیەش بێتاوان نییە لانی کەم ئەوانەی کە بە بیانووی نەخۆشی و زیاد کردنی حەزی سیکسی و پێشگیری لە خەوهاتن و ... گیرۆدەی ئەم ماددانە دەبن.

بنەماڵە وەک یەکەم وێستگەی ژیانی مرۆڤ و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن وەک دووهەم شوێنی ژیانی زۆربەی ئینسانەکان، دەتوانن لە پێگەیاندنی ئەواندا بە تایبەت لە قۆناخی لاویدا ڕۆڵێکی ئەرێنی و باش بگێڕن و بە ئاگاداری کردن، چاوەدێری کردنی هەڵس و کەوت و هاموشۆکانیان، دانی زانیاری پێویست لەسەر ماددەکان و خەسارەکانی تووش بوون و زۆر بابەتی‌تر ڕێگە نەدەن دێوەزمەی مەرگ و نەهاتی سواری شان و پیلی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بێ. ئەم دوو شوێنە گرینگ و بەرپرسە، ئەگەر بە باشی بە ئەرکەکانیان هەڵنەستن و لە ڕاپەڕاندنی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لە ئاست کەسانی‌تر لە ئەستۆیانە بێ‌خەم بن، بێ گومان ئەوانیش لەم نێوەدا بێ‌تاوان نابن.

دەڵێن ئینسان ڕۆڵەی ئەو شوێن و کۆمەڵگایەیە کە تێیدا گەورە دەبێ و پێ‌دەگات. کەوایە کۆمەڵگاش بە گشتی لە پەرەئەستاندنی ئەم دیاردەیە بێ‌گوناح نی‌یە. ساڵەهایە ئەو شێعرە فارسییەمان دێتە بەرگوێ کە:

**"بنی آدم اعضای یکدیگرند**
**که در آفرینش ز یک گوهرند.**
**چو عضوی به درد آورد روزگار**
**دگر عضوها را نماند قرار."**

بەڵام بەڕاستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا وایە؟! دەیان "عجو" تووشی ئێش و برک و ژانن بەڵام باوەڕ بفەرموون "عجو"ەکانی تر مچوڕکێکیان بە لەش دانایە و مێشێکیان لێ میوان نییە. تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند ڕێپێوانی ناڕەزایەتی دژ بە پەرەستاندنی دیاردەی ئێعتیاد وەڕێ خراون؟ چەند دەوڵەمەند پارەیان بۆ سازکردنی شوێنێک بۆ ڕاگرتن و باش کردنەوەی کەسانی تووشبوو تەرخان کردووە؟ و دەیان پرسیاری تر. بەڵام ئەوە لە حاڵێک دایە کە بۆ مەسەلەیەکی ئابووری و کردنەوە یان داخستنی بازاڕچەیەک زۆر جار چەندین ڕۆژ مانگرتن هەبووە. زۆر جار بینیومانە یەک کەس بە تەنیا پارەی سازکردنی مزگەوتێکی داوە یان بەچەند کەسی بۆی بە شار و دێهاتاندا سووڕاونەوە. باشە تۆ بڵێی سازکردنی شوێنێک بۆ چاک کردنەوەی کەسانی گیرۆدە لە جێگای سەیرکردنیان بە چاوێکی سووک، لانی کەم لە باری مرۆڤایەتی‌یەوە هیچ نرخێکی نەبێ؟ تۆ بڵێی گەڕاندنەوەی کەسێک بۆ باوەشی بنەماڵەکەی و ڕزگار کردنی لەو زەلکاوەی کە تێی کەوتووە، خۆشی‌یەک بە دڵ و دەروونەکان نەبەخشێ؟ و...

ئەنجام: دیاردەی تووش بوون بە ماددەسڕکەرەکان دیاردەیەکە تایبەت بە وڵاتێک، تەمەنێک یان ڕەگەزێکی دیاری کراو نی‌یە. کوردستانیش وەک بەشێکی بچووکی ئەم گۆی زەوی‌یە لەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بە دوور نییە. لەگەڵ ئەوەی کە تاوانباری سەرەکی لە پەرەئەستاندنی دیاردەی ئێعتیاد لە کوردستاندا، حکوومەت و دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی سەر بە ئەون بەڵام تاک، بنەماڵە، ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێنان و کۆمەڵگا بە گشتی تێیدا بێ‌تاوان نین. تاک بە ئیرادەیەکی پتەو، بنەماڵە و ناوەندەکانی پەروەردە بە ئاگاداریی زیاتر و پێدانی زانیاریی باشتر، کۆمەڵگاش بە خەباتێکی گشتگیر و وەخۆهاتنەوەیەکی بەرپرسانە لە ئاست ئەم خۆرکە کۆمەڵایەتی‌یە، دەتوانن گشت پیلانەکانی حکوومەت لەم پێوەندییەدا بکەنە بڵقی سەرئاو و بە هەمووان "میهن خویش را کنیم آباد".

*تێبینی:

ئەم بابەتە پێشتر لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# مادده هۆشبەرەکان مەترسیدارترین چەکی کۆماری ئیسلامین لە کوردستاندا

**مەسعوود فەتحی**

مادده هۆشبەرەکان کە بەشێوازی سیستماتیک و وەک دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ شۆڕشگێڕبوونی خەڵکی ئەم ناوچانە بە کار دەهێندرێن. تاکی تووش بوو دەکاتە نەیاری خۆ نەخواستووی هەرەسەرەکی خۆی و بنەماڵە و کۆمەڵگا. مێژووی بەکارهێنانی هۆشبەرەکان لە کوردستان وەک ناوچەکانیتری نێو جوگرافیای ئێران نیە و کوردان تازە پێیاکەوتوانی ئەم چەمکەن. یان لانی کەمی دەتوانین بڵێین کە ئەگەر کوردستانی پێش دەسەڵاتی ئاخوندەکان و لە هێندێک لەو شارانەی کە دراوسێی نزیکی شارە فارس و تورک نشینەکان ئەو ماددانە بەکار دەهاتن. ئەوا زۆر بەکەمی و چین یان چین گەلێکی تایبەت لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارانەی دەگرتەوە کە پێوەندی کاری بنەماڵەیی یان رۆژانەیان لە گەڵ خەڵکانیتری جگە لە کوردان بوون. بەڵام پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی شاڵاوی مەرگەساتی هۆشبەرەکان پانتایی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە کە کاتی دەسەڵاتی محەممەد رەزا رەحیمی وەک پارێزگاری پارێزگای کوردستان(بەرەچەڵەک کوردو خەڵکی شاری قوروە) کە ئێستا جێگری یەکەمی مەحموودی ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێرانە و بەرپرسی گەندەڵی ئابووریشی لەسەرەو معیاری جێبەجێکەری ئەو گەلاڵە نەگریسە لە کوردستان لە لایەن کوردان و بە تاوانبارترین کەس هاتا ئێستا پێناسەکراوە. جێی وەبیر هێنانەوەیە ناوبراو وەک پارێزگاری ئەو کاتی پارێزگای کوردستان و لە زمانی رێبەری ئایینی ئێران خامنەیییەوە لێ بووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە چەندین ساڵ بوو بۆ بە ئامانج گەیشتنی کاروانی خەباتی رزگاری خوازی خەڵکی کوردستان و لە نێو ریزەکانی ئۆپوزیسیۆنی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی جێگیر بوون ڕاگەیاند و بەم جۆرەش قۆناغێکی دیکەی شەری داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی ماف خوازی کوردستان دەست پێ کرد. قۆناغێک کە چ پێوەرێکی مرۆڤی، ئیسلامی، مێژوویی و سەردەمیانەی یاسایی شەری پێوە دیار نیە و پیناسەی هەرە ڕاستەقینەی داگیرکەرانی کوردستانە.

کوردستان ناوچەیەکی لە بواری ئابووری هەژار و خەڵکێکی کەم داهاتی لێ دەژی و نەبوونی ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەبوونی بەردەوامی دۆخێکی پۆلیسی زەوت و پێشێل کردنی تەنانەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتاییترین مافەکانی تاک و... کەشی هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی پلانی گەندەڵی وڵات بە ڕێژەی تەمەن لاوی کوردستانیان لە بارتر دەکرد. جێگەی سرنج ئەوەیە کە دەسەڵات بە پێی پلانە پێشتر داڕێژراوەکەی کوردستان، قۆناغ بە قۆناغ لە حەشیش و گراس و تریاکەوەو هەر جارەیان و بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار واتە هێرۆئین و کراک و شیشە و... بۆ وێنە پاش ئەوەی کە تریاک لە کوردستان جێگری بۆ خۆش کراو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان لە قوتابی و خوێندکار و مامۆستا و نووسەر و شاعیر و بازاری کوردی تێوە گەڵاندووەو لە ساڵی ۱۳۷۹ و ۸۰دا لە ناکاو نرخی ئەو ماددەیە دوو تا سێ قات بەرز و تەنانەت بۆ ماوەیەکی بەرچاو وەدەستخستنی ئاستەم و هاوکاتیش هێرۆئین بە تایبەتمەندییەکانیەوە وەکوو شتێکی هۆشبەر و هەرزانتر و کەم جێگیرتر و کەم کات گرتنیش هاتە بەردەستی تووش بووان لە ناچار خوازیارانی ئەو ماددانە بە خەویش بۆ بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە بەکاریان هێنا خاڵی کۆتایی بوو لە سەردێری ژیانیاندا. هاوکات بە پێی پلان کە سەرنجی زۆرێک لە قەڵەمە ڕەخنەگرەکانی ناوخۆ و تاراوگەنشینی ڕاکێشا، دەوڵەتی ئێران سنوورەکانی نێوان خۆی و ئەفغانستانی بە جۆرێک داخست کە کاروانچیانی بە ماشێنی چوار لاق بازرگانی پێکەری ئەو ماددانە تووشی بەربەست بوون و ئیدی مرۆڤەکان بە کۆڵ لە سەختە ڕێپێو دەبوو مەودایەکی تاقەت پڕووکێنی بڕی زۆریان ببڕیبایە. هەتا بڕێک لەو مادانەیان لە ئەفغانستان بۆ ئێران سنوور بڕ بکردایە. هەر بۆیەش دیسان و لەوە پێش دا هاوردەکردنی قەبەی وەک تریاک هەم ئاستەم وهەم کەم داهات و هەمیش ئیدی هێرۆئین و کراک لە هەموو بوارەکانەوە گونجاوتر دەبوو بەوەشەوە نەوەستا و ڕەوتیکی نێو بن واتە بن پێ کردنی لابرا و تۆڕەگەلی گوریز کردنی هیرۆئین و شیشە وکراک سەرەتا لە بلووچستانەوە و پاشان شارەکانی ناوەندی ئێران و دواتریش کوردستان دەستی پێ کرد. شایانی باسە هۆشبەرەکان لە لایەن مەراجعی تەقلیدی شیعەکان بە حەرام ناناسرێ و تا کاتی دەسەڵاتداریەتی تاڵەبانیش لە ئەفغانستان کە ۹۰ لە سەدی تریاکی هەموو جیهانی لێ بەرهەم دێ. ئەو ماددەیە بە مۆری دەوڵەتی ئەفغانستانەوە هەناردە دەکرا. دیسان جێی باسە کە داهاتی زۆری ئەو بازرگانیە چەپەڵە هەتا ڕادەیەک کە لە کرینی پاش چەک و چۆل ڕێژەی دووهەمی داهاتی لە جیهانی نوێ بە شێوازی بازرگانی قەدەغەیە بۆ خۆی تەرخان کردووە. نەخۆشانی توش بوو بەو ماددانە بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕابواردنی ڕێژەی نیازی جەستەیی و دەروونی خۆی بە زۆرینە دەست دەدەنە تاوانی کرین و فرۆشتن و بۆ ئەو ئامانجەش هەر جارەو کەسانی تری وەک خۆیان دەکەنە قوربانی نیازەکانیان. بە کەرەستە بۆ زۆرتر و نزیکتر بوونەوە لە ئامانج واتە وزەدار بوونەوەی کاتی و بەردەوام. ئەو کۆمەڵگایەی کە پەتای ڕەشی ئەو هۆشبەرانەیان بە سەردا هاتووە، نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر و هەر دەڕوا وکۆمەڵگایان ... دەبێ تەنانەت سوز و پەیمانی ئەویندارانی ژن و شوو بۆ دەسەپێنی. تووش بووی نەخۆشی بەتریاک و هێروئین و کراک و شیشە، بە تایبەت بۆ خاوێن بوونەوەی جەستەی لەش هەتا نۆ مانگ دابڕانی بەردەوام و چاوەدێری پزیشکی پێویستە، بەڵام پاش ماوەی تێکدەرانی ئەو ماددانە لە دەروونی ئەودا هەتاهەتایین. هەرچەند بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرسە بە گشتی هیز و تواناییەکی زۆری نێونەتەوەیی و ناوچەی بۆ هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەوێ، هەتا فەلسەفەی(تەقازا) واتە داواکاری بۆ هۆشبەرەکان وشک و بەم جۆرەش (مەرزە) واتە بەرهەم هێنان و بازرگانی پێ کردنی بن بڕ بکرێ، بەڵام

**نەخۆشانی توش بوو بەو ماددانە بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕابواردنی ڕێژەی نیازی جەستەیی و دەروونی خۆی بە زۆرینە دەست دەدەنە تاوانی کرین و فرۆشتن و بۆ ئەو ئامانجەش هەر جارەو کەسانیتری وەک خۆیان دەکەنە قوربانی نیازەکانیان. بە کەرەستە بۆ زۆرتر و نزیکتر بوونەوە لە ئامانج واتە وزەدار بوونەوەی کاتی و بەردەوام.**

● ●

لە وڵاتی ئێمەدا کە سیستمی دەسەڵات بە بەرپرسیاری سەرەکی ئەو ئاواتانەیە قۆڵ هاڵماڵینێکی جیدیی و کاری بەردەوام و فەرهەنگ سازییەکی بەرینی دەوێ کە هەر تاکێکیکورد لە سەر ئەم گرفتە بەرپرسیار بکا و لە هەموان زیاتر و گرینگتر ئەرکی دەنگ و ڕەنگی و زمانی گەلەکەی قەڵەمی کوردییە کە بە زانیاری بەخشین و ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی شەقام و کۆڵان بۆ سازدانی خۆیان بەشداری خۆبەخش لە مەڕ سڕینەوە و بێ باندەڕۆکردنی هۆشبەرەکان هەتا ئاسۆیەکی ڕوونتر بخەنە بەردەم داهاتوو و چیدی پوتانسیەلەکانی کورد نەبنە قوربانی پیلانەکانی دەسەڵاتی سارد و سەپاو و پاوان خوازی داگیرکەرانی کوردستان.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆماری ئیسلامی ئێران و مادده هۆشبەرەکان




شەونم نورانی

پرسی مادده هۆشبەرەکان ئەمڕۆ لە جیهاندا پرسێکی گرنگە و، شوێنەوارێکی بەرچاوی لەسەر ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی داناوە. بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدارو هەڕەشە لە کۆمەڵگا جیهانیی دەکا. ئەو کێشەیە لە ئێراندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەگەر ئێران لە لایەک لەسەر ڕێگا سەرەکیەکانی ئەو ماددەیە کە لە ئەفغانستان و پاکستانەوە بەرەو ئورووپاو وڵاتانی کەنداو دەچێ، لە لایەکی دیکەوە لە بارەی ئێعتیادیشەوە ژمارەی موعتادەکان لە ئێران، لە ریزی هەرە پێشەوەی وڵاتانی جیهان دایە و ئێستا دووهەمین وڵاتی جیهانە لە دوای چین.

هەر وەک لە ڕاپۆرتەکاندا بەرچاو دەکەوێ، پێشتریش لەئێراندا کێشەی ئێعتیاد و مادده هۆشبەرەکان هەر بووەو رابردوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا یەکجار زۆرو لە ڕادە بەدەر پەرەی ئەستاندوە. ئێران یاسای بەربەرەکانیی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانی پەسند کردووەو ستادێکی بۆ بەربەرەکانیی لەگەڵ ماددەی موخەددیر دامەزراندووەو بۆ ئەو مەبەستەش کەڵک لە هێزە نیزامیی و ئینتزامییەکان وەردەگرێ. تا ئێستا بە سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە بەربەرەکانیی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بەتایبەت لە بەلووچستان گیانیان لەدەست داوە. ئەگەر بە وردیی سەرنج بدەینە ئەودیوی مەسەلەکە بۆمان دەردەکەوێ ئەوە ڕواڵەتی مەسەلەکەیە، بەڵام ڕاستییەکان شتێکی دیکەن.

دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر هەرچەشنە حەرەکەتێکی ئازادی خوازانە و دێموکراسی خوازانەدا چەند ئۆرگان و دام و دەزگای سەرکوت کردن و داپڵۆسین و رایەڵکەی جاسووسی و سیخوڕیی لە سەرانسەری ئێراندا دامەزراندووە کە لە زووترین کاتدا لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو وەدەست دێن و بە ئاگرو ئاسن وڵامیان دەدەنەوەو دەستە دەستە ڕەوانەی گرتوخانەکانیان دەکەن. بەڵام لەراست پەرەگرتنی مادده هۆشبەرەکاندا سەر لێشێواون و پێشیان پێ ناگیرێ. لەڕاستیدا چونکە ئاوەکە لەسەرەوەڕا قوڕا و لێڵە. بەشێکی زۆر لە مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم و فەرماندەکانی سوپای پاسداران دەستیان لەگەڵ قاچاغچییەکانی ماددەی موخەددیردا هەیەو لەگەڵیان شەریکن و لەوکارەدا قازانجێکی زۆریان وەدەست دەکەوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەک وترا بەهۆی هەڵکەوتوویی ئێران لە ناوچەیەکی تایبەتیی جوغرافیاییدا کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکیی قاچاغی ماددە هۆشبەرەکان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی هەم قازانجی ئابووریی زۆری لێ دەکا و هەم لەباری سیاسیشەوە کەڵکی پێویستی لێ وەردەگرێ. چونکە ئەو شەڕو پێکدادانانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بەتایبەت لە پارێزگای بەلووچستان دا ڕوودەدەن و ڕێژیمی ئێران هات و هاوارو تەبلیغاتێکی زۆری لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیدا وەڕێ دەخا. دیارە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوو مەبەستی سەرەکی تێدا:

ئەلف: بە بیانووی شەڕ لە گەڵ قاچاغچی‌یەکانی موادی موخەددیر، نەیارانی سیاسیی خۆی بە تایبەت جووڵانەوەی میللی گەلی بەلووچ کە بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن، سەرکوت دەکا.

ب: بەربەرەکانی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان کە وەک ڕووپۆشێک بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی مەسەلەی سیاسیی بەلووچەکان بەکاری دێنێ و، بە وڵاتانی دەرەوە بەتایبە بە ئورووپاییەکان دەڵێ کە بەربەرەکانی لەگەڵ سەوداگەرانی مەرگ دەکا ڕێگا نادا کە ماددە هۆشبەرەکان لە سنوورەکانی ئەوان ڕا بەرەو وڵاتانی ئورووپا دزە بکا، منت لەسەر ئورووپاییەکان دەکاو داوای یارمەتیی ماڵیشیان لێ دەکاو لەو ڕێگایەوە داهاتێکی زۆری ماڵی وەدەست دێنێ.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنەگۆڕێ ئەری ئەگەر ئەو ڕێژیمە دڵسۆزی گەلانی ئێرانەو ئاوا بە توندی لەگەڵ موادی موخەددیر بەربەرەکانی دەکا بۆ ڕۆژبەڕۆژ ئەو ئافەتە زیاتر پەرەدەستێنێ و ڕێژەی موعتادەکان لە ئێراندا لە زیادبوون دایە؟ ئەوە چۆنە تورکیە و بولغارستان وەک ئێران لەسەر ڕێگای ماددە هۆشبەرەکانن، بەڵام ڕێژەی موعتادیان زۆر کەمە؟ بە بڕوای من پێش ئەوەی بە وردی لێک دانەوەمان لەسەر گۆشەنیگای خەسارناسیی ئێعتیاد هەبێ، دەبێ چاو لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە بکەین کە بۆ ئێعتیاد ئاوا بەخێرایی پەرەدەستێنێ، بەتایبەت لەنێو توێژی لاو و مێرمنداڵ دا؟

دیارە وەزعی شپرزەی ئابووریی، بێکاری، هەژاریی، نارەحەتیی دەروونی و فکریی لە لایەک و هەرزانیی موادی موخەددیر لە لایەکی دیکەوە لە ئێراندا لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی ڕاکێشانی لاوان بۆ لای ئێعتیادن. چەند ساڵە ستادی بەربەرەکانیی لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان بۆ لەنێوبردنی ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە خەبات دەکا، بەڵام کارەکەیان زۆر لاوازە، وەدەست هێنانی موادی موخەددیر بۆوان زۆر ئاسانترە لە بەربەرەکانیی لەگەڵ مەوادو کەم




**لەڕاستی‌دا چونکە ئاوەکە لەسەرەوەڕا قوڕا و لێڵە. بەشێکی زۆر لە مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم و فەرماندەکانی سوپای پاسداران دەستیان لەگەڵ قاچاغچی‌یەکانی ماددەی موخەددیردا هەیەو لەگەڵیان شەریکن و لەوکارەدا قازانجێکی زۆریان وەدەست دەکەوێ.**

کردنەوەی ئەو دیاردە دزێوە. سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە پێوەندی لە گەڵ کڕین و فرۆش و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا جیاوازە. ئەگەر ڕێژیم لە شارو ناوچە غەیرە کوردنشینەکاندا وانیشان دەدا کە لەگەڵ قاچاغچیان و تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەربەرەکانی دەکا و سزای توندییان بۆ دیاری دەکا لە شار و گوندەکانی کوردستان مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکەیە.

لە کوردستاندا ڕێژیم ماددە هوشبەرەکان وەک چەکێک بە دژی خەڵکی کوردستان بەکار دێنێ، بەتایبەت بۆ بە لارێدا بردنی لاوان و موعتاد کردن و دوورخستنەوەیان لە بیرو هەستی کوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتی لە هەموو ڕێگایەک کەڵک وەردەگرێ، چونکە ڕێژیم دەزانێ کە لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستاندا، لاوانی کورد هێزی سەرەکی و چالاکی شۆڕش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بزووتنەوەی گەلی کوردن، بەشی هەرە زۆری قورسایی و ئەرکی ئەو خەباتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شانی لاوانە و، لاوان لە بنیات نانەوەو ئاوەدان کردنەوەو پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دیموکراتیک و سێکۆلاردا رۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەیە. بۆیە رێژیم ئاگاهانە ئەو کارە دەکا و دەیەوێ ریشەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان ویشک بکا لە باری روحیی و جەستەییەوە زەبری کاریگەر لە لاوانی کورد بوەشێنێ. چونکە ئەوکەسەی تووشی ئەو مادده دەبێ، لە ئینسانێکی ساغ، چالاک و وشیارو و ئاگاهەوە دەبێتە ئینسانێکی حۆل و بێ کەڵک و پەک کەوتە. لەلایەکی دیکەشەوە کەسێکی کە گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان دەبێ، بۆ دابین کردنی پێداویستیی خۆی بەو مادده ئامادەی ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی دزێو و نایاساییە. تەنانەت هێندێک لە تووش بووان نەک هەر ئامادەن بۆ وەدەست هێنانی موادی موخەددیر پشت لە بنەماڵەی خۆیان بکەن، بەڵکوو دەبنە داردەستی رێژیم و پشت لە گەلەکەیان دەکەن و رێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ مەبەستەکانی خۆی وەک دامەزراندنی رایەڵکەی سیخوڕیی، تیرۆر و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

ئێستا بە راشکاویی لە زۆربەی گوندو شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شوێنە گشتیی و قەرەباڵغەکان وەک بەندیخانە، زانکۆ و قوتابخانەکان ئەو مادده زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێ. چونکە عامیلانی رێژیم بە بێ‌ترس مەوادی موخەددیر لە نێو لاوان و قوتابییاندا بڵاودەکەنەوەو تەنانەت رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا لە رێگای رایەڵکە سیخوڕییەکانی خۆیەوە ئەگەر بۆی بکرێ لەو بارەوە دەست بخاتە باشووری کوردستانیشەوە.

بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەنفال، کیمیاباران و ژینۆساید لە رێگای مەوادی موخەدیرەوە دەستی کردوە بە ئێلمیناسیۆن و قەلاچۆکردن و ئەنفالی سپی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. کە بەداخەوە ئەم سیاسەتە کاولکارانە ئاکامی زۆر ترسناک و مەرگ هێنەری بەدواوەیە. ئەم رێژیمە بە گوێرەی سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆی هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاریدا بەهۆی بەکرێگیراوان و عامیلەکانی خۆی بەراشکاویی لە شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مادده هۆشبەرەکانی بڵاو کردۆتەوە بە گشتی کارێکی وای کردووە کە کۆمەڵگای تووشی موعتادو نەخۆشی و چارەڕەشی کردوە.

**با هەموومان وەك تاكی كورد لە هەركوێ كە هەین بیكەینە ئەركێكی نیشتمانی بۆ بنیادنانی كۆمەڵگایەكی سالم و بێ گێرە و كێشە، كە لەودا بۆ بنبڕكردن و لەنێوبردنی مادده هۆشبەرەكان خەبات بكەین.**

● ●

کۆمەڵگای موعتاد کۆمەڵگایەکی نەخۆش و لاوازە کە لەودا خەلاقییەت و تواناکان لەنێو دەچن، تاک ناتوانێ پشت ئەستوور بە ئیرادە و توانایی خۆی بێ. ململانێ و بەربەرەکانیی بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا ئاستی دێتەخوارێ. بە تایبەت لە حاڵەتێکی ئاوادا لاوان هەست بە بەرپرسایەتی ناکەن و، لە بەرانبەر نیشتمان دا خۆیان بە وەڵامدەر نازانن. چونکە ئەو لاوانەی کە موعتاد دەبن لەبەر بەدبەختی و ئازاری ئەو دیاردە دزێوو قێزەونەی کە پێی گرفتار دەبن توانایی و مەجالی بیرکردنەوەیان نامێنێ تووشی لەش بەباری و نەخۆشی دەبن. ئەوە شتێکی سروشتی‌یە کە لەش ناساغ بوو مێشکیش کارایی نامێنێ. لەراستیدا وەک دەڵێن: "عەقڵی ساغ لە لەشی ساغ و بە توانا دایە". “Right reason is in a healthy body”

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ئێعتیاد تەنیا تریاک، هێرویین، حەشیش، بەنگ، کۆکایین و شیشە نیە، بەڵکوو ئەلکۆل و خواردنەوە ئەلکۆلییەکان و سیغاریش هەرکامیان لە روانگەی لەش ساغییەوە زیانبار و مەترسیدارن و سلامەتی مرۆڤ دەخەنە مەترسی‌یەوە. ئەورۆ ئەلکۆل بە یەکێک لە گەورەترین کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەناسرێ. بۆیە ئەوە ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکی کوردە کە خۆ لە هەمووی ئەوانە بپارێزێ، چونکە جیا لە ماڵ وێرانی و چارەڕەشی هیچ ئاکامێکی دیکەیان نییە.

با هەموومان وەک تاکی کورد لە هەرکوێ کە هەین بیکەینە ئەرکێکی نیشتمانی بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی سالم و بێ گێرە و کێشە، کە لەودا بۆ بنبڕکردن و لەنێوبردنی مادده هۆشبەرەکان خەبات بکەین. چونکە ئەوکات نەتەنیا رێگامان نەداوە کۆمەڵگای کوردیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی قەیران و چەرمەسەری بێ، بەڵکوو بە لەنێوبردنی ئەو دیاردە دزێوو نەگبەت بارانە، رێگامان بۆ ئازادی تاک لە کۆمەڵگادا خۆش کردوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# ئیعتیاد (خوگرتن) بە سێکس

محموود شەریفی

لە گەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان و گەشە و پێشکەوتنی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، یەکێک لەو نەخۆشی و گرفتانەی کە بەرۆکیان بە مرۆڤ گرتووە بابەتی خوگرتن بە سێکسە، چەمکی خووگرتن بە سێکس لە ڕاستی‌دا لە دەیەکانی ٨٠ی زایینیدا خۆی پێناسە کرد.

ئەم دەستەواژەیە بۆ کەس گەلێک بە کار دەهێنرێ کە بە شێوازی ڕاڕایی (وسواس) شوێنکەوتووی ئەزموونی سێکسین و ئەگەر نەیان توانی نیازە سێکسییەکان دەستەبەر بکەن، ئەوە لە گەڵ تەنگژەی دەروونی بەرەوڕوو بوون. خووگرتن بە سێکس بە واتای بەستراوەیی لایەنی سایکۆلۆژیایی لە گەڵ کۆمەڵێک نیشانەی جەستەیی‌یە.

گەلێک کەس هەن کە هەوڵ و توانا و هەڵس و کەوتەکانیان لە ژیاندا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سێکسی‌یەکانیان دایە. ڕەنگە زۆرێک لە خوێنەرانی ئەم بابەتە یەکەم جار بێ کە دەستەواژەی خووگرتن بە سێکس دەبیستن، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەم بابەتە وەکوو تێک چووی باری دەروونی جەستەیی لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارەوە پێناسە کراوە. پێ دەچێ زۆر بن ئەو کەسانەی کە بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگادار بن لە تەک ئەم گرفتەدا بەرەوڕوون.

سەرکوت کردنی حەزە سێکسی‌یەکان لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگا کلاسیکەکاندا لە سەرەکی‌ترین هۆکارەکانی ڕێگە خۆش کردن بۆ نووسینی تاک بەم نەخۆشی‌یەوە هەبوونی شەرم و حەیا لەم کۆمەڵگایانەدا لەمپەرن لە بەردەم دەربڕینی ئاشکرا و ئازادانەی مەیلە سێکسی‌یەکان لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بە تەمەنی باڵغ لەم کۆمەڵگایانەدا تێک چوون بە شێوازی شاراوە دەمێنێتەوە و زیاتر دەبێتە هۆی خۆ ڕەحەت کردن (دەستپەڕ).

دەرەنجامەکانی توێژینەوەیەکی مەیدانی لە وڵات و کۆمەڵگا کلاسیکەکاندا دەری خستووە کە ٩٠ لە سەدی پیاوان لە قۆناغێک لە ژیان دەسپەڕیان کردووەو بە وتەی توێژەر ئەو ١٠ لە سەدەی‌تریش درۆیان کردوە، واتە شەرم و حەیا بۆتە هۆی ئەوەی کە دان بە ڕاستی‌یەکاندا نەنێن. دەرەنجامە نەرێنی‌یەکانی دەسپەڕ لە پاش پێک هێنانی ژیانی هاوبەش دەردەکەێ. کەم مەیلی و بێ مەیلی بە سێکس، ژن و شوو حەز بە ئازار دانی سێکسی (سادیسم)، حەز بە ئازارخوازی سێکسی (مازوخیسم)، زوو ڕەحەت بوون، حەز بە لەبەرکردنی جلی ڕەگەزی بەرامبەر، منداڵ بازی، حەز بە پڕکردنی سێکسی، حەز بەخۆ نواندنی سێکسی، حەز بە تۆمار کردنی بیرەوەری سێکسی و.... لە دەرەنجامە نەرێنەکانی ئاکامی خووگرتن بە سێکسی‌یە.

زۆرجار خووگرتن بە سێکس دەرەنجامی هاوبەشی تێک چوونی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. سەرباری چەواشە سێکسی‌یەکان دەتوانێ سەرەکی‌ترین تیک چوونە دەروونی‌یەکانی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ (ترس و ڕاڕایی)ی لێ بکەوێتەوە.

خووگرتن بە سێکس لە ژناندا بە واتای حەزی زۆر و نەخۆشینی ژنان بە جووت بوونە. بە شێوەیەکی باو، ژنان تووشی یەک یان چەندین جۆر تیک چوونی توانایی سێکسی دەبن (زۆرترین تێک چوونی ئۆرگاسمی ژنان مەبەستە).

ژنانی تووش بوو زۆر جار ترس و دڵەڕاوکێیی لە دەست چوونی ئەوین و خۆشەویستی هەیە و هەوڵ دەدا بە ئەنجام دانی ئەم کردەوە نیاز و بەستراوەیی‌یەکانی لەو بوارەوە دەستەبەر بکا. گشتگیربوونی نەخۆشی خووگرتن بە سێکس یەکەم دەبێتە هۆکاری تێک چوونی بنەما فەرهەنگی‌یەکان و سپی بوونەوەی ڕێساکانی بنەماڵە. دان پیانانی ئەم چەمکە وەک نەخۆشی‌یەک و هەوڵی بەردەوام بۆ دەرمان و سڕینەوەی، هەنگاوێکی گرینگە لە پێناو گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگادا، چونکە ئەم جۆرە نەخۆشانە بە هۆی سەرقاڵ کردنی تاک خلەتێنەرە سێکسی‌یەکان، هۆکاری قەتیس مانەوەی کۆمەڵگان.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

www.lawan.com




# وەڵامی مرۆڤ کوشتن ئێعدام نیە، کوشتن، کوشتنە!

ئا: ڕەسووڵ سێڵەکە

ڕێکخراوی لێ بووردنی نێونەتەوەیی هەر لە سەرەتاوە بەبێ هیچ مەرجێک دژی سزای ئێعدام بوو و هەیە. ئەم دژایەتییە بەشێکە لە کۆی کارەکانی ڕێکخراوێک کە چالاکییەکانی لە چوارچێوەی زیندانییە سیاسییەکان چڕ بۆتەوە. لێ بووردنی نێونەتەوەیی خوازیاری ئازاد کردنی ئەو زیندانیانەیە کە بە هۆی جیاوازی بیروڕا، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، نەتەوە، زمان یان ئایینەکەیان و بێ ئەوەی هیچ چەشنە توندوتیژییەکیان بەکار هێنابێ یان پڕوپاگەندەیان بۆ کردبێ، خراونەتە زیندان. لێ بووردنی نێونەتەوەیی تێدەکۆشی بۆ دادگایی کردنی بە پەلە و دادوەرانە بۆ هەموو زیندانییە سیاسییەکان. لێ بووردنی نێونەتەوەیی لەگەڵ سزای ئێعدام و ئەشکەنجە یان هەر جۆرە سزا و ڕەفتارێکی نامرۆڤانەی دیکە دەرهەق بە زیندانییە سیاسییەکان بە تەواوی دژایەتی هەیە.

پێشێل کردنی ڕێسا مرۆڤایەتییەکان

کۆی جاڕنامە، بەڵێن نامە و پەیمان نامە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ ئەوە دووپات دەکەنەوە کە "ژیان، ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی" مافی هەر کەسێکە. بابەتی سەرەکی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە سزای یاسایی ئێعدام لە هەموو وڵاتەکان بە تەواوی لا ببرێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاوانانەی کە سزای ئێعدامیان بۆ دیاری کراوە بە زووترین کات سزاکەیان بۆ کەم بکرێتەوە. ڕێسا نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ بەولاوە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناوچەییەکانەوە دانراوە، هەموو سزاو ڕەفتارێکی دژە مرۆڤانەی ڕەت کردۆتەوە.

داخوازی لابردنی سزای ئێعدام لە لایەن ڕێکخراوی لێ بووردنی نێونەتەوەیی بە پێی ئەو بەڵگەیەیە کە ئەو شێوە سزایە لەگەڵ ڕێسا مرۆڤایەتییەکان ناتەبایە. بە لەبەر چاو نەگرتنی ئەوەی کە حکوومەتەکان بۆ ئێعدامی زیندانییەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چ بەڵگەیەک دەهێننەوە و چ شێوەیەک بە کار دەهێنن، سزای ئێعدام لە مەسەلەی مافی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە و خەبات بۆ لابردنیشی لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە.

لابردنی سزای ئێعدام

زۆربەی حکوومەتەکان دانیان بەوەدا ناوە کە سزای ئێعدام لەگەڵ مافی مرۆڤ دژایەتی هەیە. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە دەبێ لا ببرێ. ئەمڕۆکە **٣٥** وڵات لە جیهان سزای ئێعدامیان بە نیسبەت کۆی سزاکانی دیکە لا بردووە. **١٨** وڵاتی دیکەش سزای ئێعدامیان لە هەموو بوارەکاندا جگە لە مەسەلەیەکی تایبەت وەکوو جنایەتەکانی شەڕ لا بردووە. لە **٢٧** وڵات و حکوومەتی هەرێمی دیکەش جێبەجێ کردنی ڕاگیراوە. بەو پێیە ٨٠ وڵات واتە زیاتر لە ٤٠٪ی وڵاتانی جیهان، چ بە کردەوە و چ بە دیاری کردنی یاسا، سزای ئێعدامان لا بردووەو هەڵوەشاندۆتەوە.

لە شەڕی دووهەمی جیهانی تا ئێستا کە بزووتنەوەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بەرەوپێش چووە، هەوڵدان بۆ لابردنی سزای ئێعدامیش ژیانێکی تازەی بە خۆوە گرتووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە تێکڕایی لانی کەم یەک وڵات لە هەر ساڵێک لە سزای ئێعدامی بۆ تاوانە بچووکەکان یان بۆ هەموو تاوانەکان لە کۆی یاساکانی خۆی لا بردووە.

ئیرادەی سیاسی بۆ لابردنی سزای ئێعدام لە هەر وڵاتێک، لە هەمان وڵات دا گەشە دەکا. ڕێککەوتننامەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بەو وڵاتانەوە خەریکە و سنووریان بۆ دادەنێ و گرەنتیان لێ وەردەگرێ کە هێشتا ئەو سزایەیان لا نەبردووە. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە ئەو سزایەیان لابردووە بە ڕوونی ئەوە دەردەخا کە ئەو جۆرە سزایە نە کەڵکی هەبووە و نە پێویستیشە. کەچی ئەوە خەڵک و ڕێبەرانی ئەو وڵاتانەن کە دەبێ بزانن، بەڵێن و پەیمانی ئەوان بە مافی مرۆڤ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دروست، کۆتایی هێنان بە سزای ئێعدام دەچێتە سەر.

لابردنی سزای ئێعدام هەندێک جار بە خێرایی روو دەدا، هەندێک جاریش ئاڵ و گۆڕی سیاسی لەناکاو لەوانەیە ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ بردنە سەری ڕەوتی مافی مرۆڤ. وڵاتانێکی وەک ئارژانتین، برێزیل، هایتی، نیکاراگوئە، پێرۆ و فیلیپین لە ماوەی دەیەی ڕابردوو پاش تێ پەڕاندنی ماوەیەک سەرکوتی سیاسی ئێستا سزای ئێعدامیان لا بردووە. لە شوێنەکانی دیکە هێشتا ئەو ئامانجە بەدی نەهاتووەو پێویستی بە ڕاوێژ و بوێری ڕێبەرایەتیی سیاسی هەیە. هەر یەکە لە هاووڵاتیان، ڕێکخراوەکان و ڕێبەرانی دەست ڕۆیشتوو ڕۆڵێکی گرینگیان لەو بارەوە لە سەر شانە.

ئێعدام، فاکتەرێکی پێشگری کاریگەر نیە:

لە ساڵی **١٩٨٨**دا یەکێک لە دوایین



ڕۆژهەڵاتی کوردستان : ئێعدامی بە کۆمەڵ بە دەستی ڕێژیم ١٣٥٨ی هەتاوی سنە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**له دادگا نافەرمی‌یەکان بابەتی وا هەبووە کە لەودا تاوانبار لە بەرامبەر دادوەرەکاندا، خاوەنی هیچ جۆرە پێداویستی‌یەکی یاسایی بۆ بەرگری لە خۆی نەبووە و لە هەندێك بابەتی دیکە هەر بە هیچ شێوەیەك مافی بەرگری لە خۆی نەبووە**

لێکۆڵینەوەکان لە بارەی رادەی کوشتنی مرۆڤ و هاورێژەیی لەگەڵ سزای ئێعدام، بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادە کرا. لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە کە "لە روانگەی زانستی‌یەوە بەڵگەیەک نیە کە سزای ئێعدام وەکوو فاکتەرێکی پێشگر، کاریگەری زیاتری هەبێ بە نیسبەت زیندانی هەتاهەتایی‌یەوە. بەڵگەکان بە گشتی ئەوە ناسەلمێنن کە ئێعدام فاکتەرێکی پێشگرە".

ئەگەرچی ئێعدام، ناهێڵێ کەسەکە چیتر تاوان ئەنجام بدا، بەڵام ناتوانرێ ئەوە بسەلمێندرێ کە ئەگەر ئەو کەسە ئێعدام نەکرابا ئایا ئەو تاوانەی ئەنجام دەدایەوە یان نا؟ سزای ئێعدام بە پێچەوانەی زیندان، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی رێگرە لە ئەنجام دانی تاوان لە لایەن کەسی زیندانی، مەترسی بێ گەڕانەوەی هەڵەی دادوەری بە دواوەیە.

ئەگەر "قەساس" بکرێ بە پاساو بۆ سزای ئێعدام، یاسا و رێسای دادوەریش دەبێتە ئامرازێک بۆ تۆڵە سەندنەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم مەبەستەش شیاوی بروا پێکردن با، دیسانیش سزای ئێعدام ئەنجامێکی دادوەرانەی لێ ناکەوێتەوە.

هیچ دەزگایەکی دادوەری ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە لە هەموو بوارەکاندا توانیویەتی بە شێوەیەکی دادوەرانە و بە بێ هەڵە بریار بدا کە چ کەسێک شیاوی مردنە و چ کەسێکیش شیاوی زیندوو مانەوەیە. بە پێی ئەزموون دەرکەوتووە کە لە هەر شوێنێک حوکمی ئێعدام لە ئارادا بووە کەسانێک کوژراون و لە هەمان کاتیشدا کەسانێک کە هەمان تاوان بگرە زۆر خراپتریشیان هەبووە زیندوو ماونەتەوە. سەرەڕۆیانە، زاڵمانە و قەرەبوونەکراو

لە راستی‌دا لە بارەی ئێعدام، نەتەنیا سروشتی تاوانەکە بەڵکوو پێشینەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ماڵی یان بیرو بروای سیاسی تاوانبارەکان زۆر جار رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لەوەی کە چ کەسێک ئێعدام بکرێ یان نا.

دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە ئەگەری ئەوە هەیە هەموو دەزگاکانی دادوەری تووشی ئەگەری هەڵاواردن یان هەڵە بن. هۆکارە مرۆییەکان، وەکوو بەرژەوەندی، هەبوونی مافی بڕیاردان و رای گشتی دەتوانن هەر قۆناخ لە بەدواداچوونی دادوەری، لە سزانامەوە بگرە هەتا دادگایی کردن و دەرچوونی بڕیاری سزادان یان ئازادکردن، بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان.

ئەوەی کە چ کەسێک دەبێ ئێعدام بکرێ و چ کەسێک مافی ژیانی هەیە، لەوانەیە لە ئەنجامدا بە پێی هەندێک هۆکار دیاری بکرێ کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە تاوانباربوون یان بێ تاوانی کەسەکەوە نیە: هەڵە، خراپ لێک گەیشتن، لێک دانەوەی جیاوازی یاساکان، سروشتی جۆراوجۆری دادستانەکان و دادوەرەکان و شۆڕای لێژنەی دادپەروەری دەتوانرێ بەو هۆکارانە بزانرێن. دۆزینەوەی هەر جۆرە هەڵەیەک کە کاربەدەستانی پۆلیس، لێکۆڵەر و دادوەرەکان تووشی دەبن، لەوانەیە گومان بخاتە سەر دروستی بڕیارەکە. تازەکاربوونی پارێزەر یان تاخیربوون لە دەست پێ ڕاگەیشتن بە بەڵگەکان، زۆر جار کەسەکە بەرەو ئێعدام دەبا.

لەو شوێنانەی کە کەڵک وەرگرتن لە پارێزەری شارەزا هۆکارێکی چارەنووس سازە لە ئەنجامی دادوەری‌یەکەدا، کێشەی رەگەزی، چینایەتی و ماددی دەتوانێ شێوەی پێ ڕاگەیشتنەکە بە توندی بخاتە ژێر کاریگەری خۆی. ئەو تاوانانەی کە یەک سزایان هەیە، دەوڵەمەندەکان و ئەو کەسانەی کە دەست ڕۆیشتوویی سیاسیان هەیە یان گرێدراوی گرووپە ئایینی و رەگەزی‌یەکانی دەسەڵاتدارەکانن، بە نیسبەت چینی هەژار، لایەنگرانی گرووپە بەرهەڵستکارە سیاسی‌یەکان و گرێدراوەکانی ئایین و رەگەزە لادراوەکان کەمتر لە ژێر مەترسی سزای ئێعدام و بەرێوەچوونەکەی دان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێعدام سزایەکی بێ گەڕانەوەیە، رەنگە هەڵەی دادوەری، بە هەر هۆیەک بێ، لە بابەت بەرکەوتووی ئەو سزایە گرنگی‌یەکی زیاتری هەبێ.

بێ گەڕانەوە بوونی ئێعدام دەبێتە هۆی جیاوازی چۆنیەتی ئەو سزایە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی سزادان. بە ئەنجام دانی حوکمی ئێعدام ئیتر ناکرێ بیر لە گەڕانەوەی بکرێ. سزای ئێعدام چەمکە نوێ‌یەکانی سزاناسی ڕەت دەکاتەوە. ئەو چەمکانە لە سەر ئەو بنمایە دامەزراون کە چاک بوونەوەی تاوانبارانی تاوانە جناییەکان مەیسەرە.

رەهەندی تەواوی بێ گەڕانەوە بوونی ئێعدام بە تایبەت لە وڵاتانێک بەرچاوە کە حوکمدانی نارازییان و دژبەرانی سیاسی بە مردن، رەوڵێکی ئاسایی دەگرێ. لەو جۆرە بابەتانەدا دەرکردنی حوکمەکانی ئێعدام دەبێتە هۆیەک بۆ بە کاربردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە رێگای ئەو دادگایانەی کە سەربەخۆیی دادوەری‌یان زۆر کەمە. لەوەها دۆخێک دا تاوانەکانی سیاسی بەرکەوتووانی سزای مردن هەر شێوە چالاکی‌یەکی سیاسی دەگرێتە خۆ کە لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت ناتەبا بێ.

ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسی

روونە کە تاوانبارانی ئەو دادگایانەی



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

**هیچ دەزگایەکی دادوەری ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە لە هەموو بوارەکاندا توانیویەتی بە شێوەیەکی دادوەرانە و بە بێ هەڵە بڕیار بدا کە چ کەسێك شیاوی مردنە و چ کەسێکیش شیاوی زیندوو مانەوەیە. بە پێی ئەزموون دەرکەوتووە کە لە هەر شوێنێك حوکمی ئێعدام لە ئارادا بووە کەسانێك کوژراون و لە هەمان کاتیشدا کەسانێك کە هەمان تاوان بگرە زۆر خراپتریشیان هەبووە زیندوو ماونەتەوە.**

ئەگەری دەرکردنی بڕیاری ئێعدامیان هەیە، دەبێ بە مانای تەواوی وشە پێ ڕاگەیشتنی دادوەرانەیان هەبێ. ئەگەر ڕێساکانی فەرمی بەدواداچوونی دادوەرانە لەبەر چاو نەگیرێ، سزای ئێعدام دەبێتە ئامرازێک بۆ کەڵک خراپ وەرگرتن لە سیاسەت و مەترسی ئێعدام کردنی ئەم کەسە.

سەرەڕای ئەوەی کە گرەنتی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی دادپەروەرانەی هەموو ئەو سزا ئێعدامانە لە ئاستی جیهانی بە بێ مەرج پەسند کراوە، بەڵام هەزاران زیندانی لە ڕێگای دادگایی‌یەکی ئاشکرا و نادادپەروەرانەوە ئێعدام کراون. لە دادگا نافەرمی‌یەکان بابەتی وا هەبووە کە لەودا تاوانبار لە بەرامبەر دادوەرەکاندا، خاوەنی هیچ جۆرە پێداویستی‌یەکی یاسایی بۆ بەرگری لە خۆی نەبووە و لە هەندێک بابەتی دیکە هەر بە هیچ شێوەیەک مافی بەرگری لە خۆی نەبووە. لەو جۆرە دادگایانە پێ ڕاگەیشتنەکەیان خێراتر کردووە و ڕێگایان بە تاوانبار نەداوە کە کاتی پێویستی لە بەر دەست دابێ بۆ ڕێکخستنی بەرگری‌یەکەی خۆی. هەروەها مافی داخوازیی پێداچوونەوە لە مەڕ حوکمەکە یان سزاکەیان لێ زەوت کراوە.

لە دوای کودیتا نیزامی‌یەکان، هەمیشە سزای ئێعدام لە دژی ئەو کەسانە بەڕێوە چووە کە پێوەندی‌یان بە دەوڵەتی پێشووترەوە هەبووە. لە هەندێک جێی دیکەدا کا کودیتاکە شکستی هێناوە، هەر ئەو شێوەیە بۆ تاوانبارانی کودیتاکە بە کار هاتووە. لەو بابەتانەدا تاوانبارەکان زۆر بە پەلە و بێ هیچ گەرەنتی‌یەکی پێویست لە مەڕ دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە، دادگایی کراون. جاری وایە تەنانەت سزای ئێعدام بە پێی یاسایەک دەدرێ کە بە پەلە داڕێژراوە.

دوو بابەتی جیاواز، "قاچاخی مادە هۆشبەرەکان و تیرۆریزم"

بە سەدان زیندانی بە تۆمەتی قاچاخی ماددە هۆشبەرەکان ئێعدام کراون. ئەو بەڵگەیەی کە بۆی دەهێنرێتەوە ئەوەیە کە زیاتر لە هەر سزایەکی دیکە، بۆ دژایەتی قاچاخی ئەو ماددەیە کاریگەرترە. بەڵام لەگەڵ ئەو سەدان ئێعدامەشدا، هیچ نیشانەیەک لە نزم بوونەوەی ئاستی قاچاخ کردنی ماددە هۆشبەرەکان بەدی ناکرێ کە بتوانرێ پەیوەندی بدرێ بە هەڕەشە یان دەرکردنی سزای ئێعدامەوە.

جاری وایە بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە سزای ئێعدام ئامرازێکی بەکەڵکە لە دەست دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژی سیاسی، بەو مانایە کە ترس لە ئێعدام، بەرهەڵستکارەکان لە پەنا بردنە بەر توندوتیژی دەگێڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک کە بڕوایان بە ڕاست و دروست بوونی ئامانجەکانیان زۆر قووڵە و ئامادەن گیانیشیان فیدای بیروباوەڕیان بکەن. هەر ئەو جۆرەی کار بەدەستانی فەرمی بەرپرسی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم جۆرە تاوانانە بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە، ڕۆڵی ئێعدام لە پێشگرتن لە تیرۆریزم هەر ئەوەندەیە کە زیاتر بوونی هەیەتی.

لێ بووردنی نێونەتەوەیی کوشتن و ئەشکەنجە بە هۆی سیاسی، چ لە لایەن دەوڵەتەوە بێ و چ لە لایەن دژبەرانی‌یەوە، ڕەت دەکاتەوەو مەحکوومی دەکا. بە ئێعدامی زیندانیان ناتوانرێ ئەو دژە نۆڕمانەی کە دەبنە هۆی ڕوودان و پەرەپێدانی توندوتیژیی سیاسی لەنێو ببرێن. هەروەها بە نیشانەی هۆشداری خاڵێکی بنەرەتی ئاماژە پێ دەکا کە ئەو ترسان و تۆقاندنەی لە تووش بوون بەو تاوانانە سەرچاوە دەگرێ نابێ ببێتە ئەمرازێک بۆ پاساوی پەنا بردن بۆ ڕەفتاری ناشایست و سزادانی دژە مرۆڤانە.

سەرچاوە: بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی لێ بووردنی نێونەتەوەیی

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# سەیران مەعرووفی

## پێوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوی لاوانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی زۆر بەهێزو پتەوە. ئەو ڕێکخراوە ١٦٤ ئەندامی هەیە ، ئێمە وەک یەکیەتی لاوان بە بێ ئەوەی ببینە ئەندامی ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆ بووینە ئەندامی فەڕمی، چونکە ئیمتیازی چالاکی‌یەکانمان لە بەر چاو بوو.

دیمانە: ئازاد محەممەدزادە

# وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ سەیران مەعرووفی بەرپرسی کۆمیتەی نۆروێژ



**لاوان**: سەرەتا خۆتان بەخوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنن؟

ناوم سەیران و شۆرەت مەعرووفی، تەمەنم ٢٦ ساڵە و ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ دەژیم. دەرچووی زانکوی ئۆسلۆم بەشی کلتوور و کۆمەڵ ناسی و ئێستاش بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتی لاوانم لە وڵاتی نۆروێژ و هەروەها بەختەوەرم بۆ ئەو دەرفەتەی بەمنتان دا.

لاوان: لەکەیەوە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی و چالاکیت لەم ڕێکخراوەیەدا لەکەیەوە دەستی پێ کردوە؟

**سەیران مەعرووفی**: من لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە ئەندامی یەکیەتی لاوانم و ئەو کاتە کە لە کوردستان بووم. چونکە بنەماڵەکەم بنەماڵەیەکی حیزبی بوون و لە ڕێگای ئەوانەوە یەکیەتی لاوانم ناسی و بووم بە ئەنداو و چالاکیم لە شانەی یەکیەتی لاوان لە کەمپی جێژنیکان دەست پێ کردو لە شانۆ و سروود و لە زۆربەی هەرە زۆری کووبوونەوەکانی یەکیەتی لاوان دا بەشداریم کردووە. دوای ئەوە ڕووم کردە وڵاتی نۆروێژ و لەوێش لە کار و چالاکی‌یەکانی یەکیەتی لاوان دا بەشدار بووم. ئەوکاتە یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە چەندین کۆمیتە و شانەی پێک هێنابوو و منیش لە یەکێک لەو شانانەدا بەشداریی کاروچالاکی یەکیەتی لاوان بووم.

**لاوان**: لە دەرەوەی وڵات زیاتر لەکام چالاکیانەدا بەشدار بووی؟

**سەیران مەعرووفی**: لە دەرەوەی وڵات کاروچالاکی زۆرە، بەڵام لە بەشێکی هەرەبەرچاوی چالاکی‌یەکان‌دا بەشداریم کردووە بە تایبەت لە بۆنە و مەراسیمەکانی حیزبی و لاواندا و هەروەها چەندین بۆنەی نەتەوەیی وەک دووی ڕیبەندان، ١٠ی خاکەلێوە، ٢٥ی گەلاوێژ... هەروەها لە سیمینارو بۆنە و فێستیواڵی تایبەت بە یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات بەشدار بووم. بۆ وێنە لە „ئیتس گریشین" لەکۆمەڵگەی ڕوژئاوا کە لە کاتی ڕێکخستندا و بە بەشداری کردن لەم کۆمەڵەیەدا بە پێی ڕادەی تەمەن دیاری دەکرێ کە من تێیدا بەشداریم کردووە.

**لاوان**: چالاکیەکانتان لە ئورووپا لە چە ئاستێک دا بوون دەتوانی ئاماژە بە هێندێکیان بکەن؟

**سەیران مەعرووفی**: ئێمە بەرێوەبەر و ڕێکخەری خۆپیشاندانەکانی دژی ئێعدام و پێشێلکارییەکانی مافی مروڤ لە کوردستان و ئێراندا بووین. هەروەها چەند خولێکی ڕاهێنانی زمانی کوردی و شانۆ و هونەریمان بۆ لاوان و منداڵان کردۆتەوە و، هەندێک چالاکی هاوبەش و گشتیمان وەک پێک هێنانی سەیرانی گشتی و چوون بۆ سینەما، بەشداری کردن لە هەندێک بۆنە و فێستیواڵی تایبەت بە فرەکلتووری نەتەوەکان بە مەبەستی لێک تێگەیشتن و لێک نزیک بوونەوەو هاوپێوەندی گەلان بۆ ڕێزدانان بۆ فەرهەنگ، زمان، داب و نەریت لە نێوان نەتەوەکاندا. چەندین چالاکی دیکەمان وەک هەڵپەڕکێ، سروود و شانۆ





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دروست کردنی کەل و پەل و پێشانگای کەرەستە و ئاسەوارە مێژوویی‌یەکان و جل و بەرگی کوردی پێک هێناوە.

**لاوان**: تا چەندە توانیوتانە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئورووپا و کۆڕ وکۆمەڵ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکاندا بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان پێوەندی و هاوکاریتان هەبێ؟

**سەیران مەعرووفی**: ئێمە پێوندی باشمان هەیە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان هەم لە ئورووپا و بە تایبەتی لە وڵاتی نۆرویژ لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە لە لایەنی پێوەندی و هاوکاری لە ئاستێکی باش داین. ئێمە بەشداری زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکان بووین. ئێمە بەشداری هاوبەشمان هەبووە لە کاروچالاکی ئەم ڕێکخراوانەدا و لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە هەم هاوکاری مەعنەوی و هەم هاوکاری ماددیی و پشتیوانیش دەکرێن. بە تایبەت پێوەندیمان لە گەڵ ڕێکخراوی لاوانی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستی نێودەوڵەتی زۆر بەهێز و پتەوە. ئەو ڕیکخراوە کە ١٦٤ ئەندامی هەیە کە ئێمە وەک یەکیەتی لاوان بە بێ ئەوەی ببینە ئەندامی ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆ بووینە ئەندامی فەرمی لەو ریکخراوەیەدا و چونکە ئیمتیازی کارو چالاکی‌یەکانمان بەرچاو بووەو هەروەها لە گەڵ ڕێکخراوی لاوانی جیهانی و ڕێکخراوی UN پێوەندی باشمان هەیە.

**لاوان**: چالاکی‌یەکانی لاوان لە دەرەوی کوردستان چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟

**سەیران‌مەعروفی**:
کار و چالاکی‌یەکانی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە ئاستێکی باش دان و ئەوە جێگای خۆشحاڵی ئێمەیە و سەرکەوتنێکی باشە بۆ یەکیەتیی لاوان بە گشتی و ئێمە یەکێک لە ڕێگاکانی سەرکەوتنمان لە دەرەوەی وڵات بوونی ئیمتیازە لە لایەن حکوومەت و گرینگی دان بە ڕێکخراوەکانە، ئێمە بە بەرنامە پرۆژەی کاروچالاکی دادەڕێژین و داوا لە حکوومەتی نۆرویژ و بە تایبەت دەزگا و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دەزگای پشتیوانی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین کە ئەوانیش بە پێی ئەو پرۆژانە بوودجەمان بۆ دیاری دەکەن کە ئێمە سەرفی کارو چالاکی‌یەکانمانیانی دەکەین. هەر ئەو هاوکاری‌یەش وای کردووە کە ئێمە لە لایەنی ماددیی‌یەوە زۆر دەست کورت نەبین و بتوانین بە باشی و بە شێوەیەکی سەردەمیانە کاروچالاکی باش بەڕێوە بەرین. ئێمە بۆ ناساندنی یەکیەتیی لاوان هەوڵێکی زۆرمان داوە و توانیومانە سیمای لاوی کورد پێشان دنیای دەرەوە بدەین و هەروەها خزمەتێکی بەرچاومان لەو ساڵانەی دواییدا بە فەرهەنگ و کلتووری کوردی کردووە.

**لاوان**: سەیران خانم پەیامی ئێوە ڕوو بە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی‌یە؟

**سەیران مەعرووفی**: من لێرەوە سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو لاوێکی کورد بە تایبەت لاوانی شۆڕشگێر و نیشتمان پەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هیوادارم کە ئەو ئەرکە قورسەی کە کەوتۆتە سەر شانیان بۆ خزمەت بە خاک و گەل تەنەخی نەکەن و ئاواتەخوازم کە ڕۆژێک بێ لاوانی کوردستان بتوانن وەک هەموو لاوانی دیکەی وڵاتان لە چالاکیە گەورەکاندا بەشدار بن و ئاڵای وڵاتەکەمان لە پەنا ئاڵای گەلانی دیکەدا بشەکێتەوە.

زۆر سپاس سەیران خانم بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەتان دا کە ئەم وتووێژە پێک بێنین

سپاس بۆ ئێوەش هەر بژین و ماندوو نەبن.

***





بەشێک لە کاروچالاکی‌یەکانی یەکیەتی لاوان لە دەروەی وڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# با لە دەلاقەی سووریەوە تەماشای جیهان بکەین

ڕێبوار مەعروف زادە

بە پێداگری و گیان فیدایی خەڵکی سووریە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ تەمەنی حکوومەتی ئەسەد ڕوو لە تەواوبوون دایە. ڕێژیمی ئەسەد لە دەسپێکی نارەزایەتی‌یەکانەوە بۆ پاشەکشە کردن و شکستدانی خەڵک بە شێوەیەکی بەردەوام توندوتیژی بە کار هێنا. بەڵام خۆپێشاندانەکانی خەڵک نە تەنیا ڕانەوەستا، بەڵکوو بەربڵاوتر و بەردەوامتر بووە. وڵاتی سووریە لە ساڵی ١٩٦٣ بەولاوە بە یاسای ڕەوشی نائاسایی بەڕێوە چووە. ئەو یاسایە ڕێگە لە پێک هێنانی گرووپ و حیزبی سیاسی دەگرێ و دەستی دەزگا ئەمنی‌یەکانی وڵات لە تۆقاندن و گرتنی خەڵک ئاوەڵا دەکاتەوە. زاڵ بوونی ڕەوشی نائاسایی بە سەر سووریە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وای کرد ئۆپۆزیسیۆنێکی پرش و بڵاو لەو وڵاتە پێک بێ کە چ لە ئاستی پێوەندی نێوخۆیی و چ لە ئاستی پێوەندی جیهانی‌دا بێ ئەزموون و ناچالاک بێ. بەم شێوەیە گوشار بۆ سەر ڕێژیمی ئەسەد زیاتر دەبێ، بەڵام چونکە ئەو ڕێژیمە لە باری سیاسی‌یەوە هەروا بێ ئاڵترناتیوە کەوایە ئەو هەل و مەرجە ڕەوشی نێوخۆیی سووریە بەرەو ئەو ئاقارە دەبا کە قۆناغێکی دیکە لە سەرکوتی دەوڵەتی لەو وڵاتە ڕووبدا. لەو قۆناغە نوێ‌یە لە سەرکوتی دەوڵەتی‌دا ئەگەری دەست بردنی خەڵک بۆ چەک و هاتنە ئارای شەڕی نێوخۆیی لە سووریە زۆرە. دیارە چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەسەد ڕێگەی چاکسازی بگرێتە بەر، بابەتێکی سەرسووڕهێنەرە چونکە سیستمی سیاسی سووریە خاوەنی هەڵکشان و داکشانێکی پڕ مەودایە بە چەشنێک کە لەو سیستمەدا ئەو کەسەی دابەزێ تازە نابێتەوە سوار. هەروەها ئەو سیستمە سیاسی‌یە ئەخلاقیات و کولتوورێکی بەرهەم هێناوە کە تەنیا لە نێو یاسای بنەڕەتی‌دا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە نێو بیر کردنەوە و هەڵس و کەوتی بەرپرسان و بژاردەکاندا جێگر بووە. بەم پێ‌یە چاوەڕوانی ئەوەی کە دیکتاتۆرێ چەندین ساڵە کرنۆش بۆ خواستی خەڵک بەرێ لە شێوازی بەربوونەوەی ئاسمان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەوی دەچێ، دیارە بابەتی پڕ بایەخ لەم بەینەدا ئەوەیە کە ئەگەر ئەسەد بڕوا لە ئاستی ناوچە و جیهاندا چ ڕوو دەدا؟ هەوڵدان بۆ کردنەوەو وەڵام دانەوە بەو پرسیارە، ڕوانینی ئێمە لە هەمبەر سیاسەتەکانی هەنووکە و ڕۆژانی دوایی زل هێزەکانی ناوچە و جیهانی بەنیسبەت رەوشی سووریەوە بەرفراوانتر دەکا. ئەگەر ئەسەد بڕوات ٦ وڵاتی ناوچە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کورت خایەن و درێژخایەن‌دا کاریگەری بەرچاو وەردەگرن کە بریتین لە:

١: فەلەستین: بە هۆی بەردەوام بوونی نائارامی‌یەکانی سووریە، حەماس و فەتح داوایان لە وڵاتی ئێران و کووەیت کردوە تا ڕێگەیان پێ بدەن لەو وڵاتە نوێنەرایەتی بکەنەوە. چوونی نوێنەرایەتی لایەنە سیاسی‌یەکانی فەلەستین بۆ جوگڕافیای ئێران و کووەیت بەو واتایەیە کە پشکی سووریە لە پرسی فەلەستین لەمەوبەدوا بۆ تاران و کووەیت رادەگوازرێ.

٢: لوبنان: لە هەل و مەرجێک‌دا کە لە نێو خۆی لوبنان هێزی حیزبوڵڵا و سەعد حەریری لە یەکتر نزیکە، دەرەوەی ولاتێکی چڕی وەک سووریە دەتوانێ لە یەکلاکردنەوەی ڕکابەری ئەو دوو لایەنە ڕۆڵی گرینگ بگێڕێ. وتەکانی حەسەن نەسرووڵلا لە پشتگیری کردن لە مانەوەی دیکتاتۆڕی ئەسەد دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی داهاتووی سووریە لە پێوەندی لەگەڵ لوبنان لە بەرامبەر حیزبوڵڵا و لە بەرژەوەندی سەعد حەریری‌دا ڕۆڵ بگێڕێ.

٣: ئیسرائیل: مانەوەی ڕێژیمی ئەسەد نفووز و ڕەوایی‌یەکەی دوای ئەو نائارامیانەی سووریە بە توندی دابەزیوە باشترین هەڵبژاردنە کە ئیسرائیل خوازیاریەتی، بەڵام هەنووکە خواستی خەڵکی ناڕازی نێوخۆی سووریە، بنەمای شکڵ‌دان بە سیاسەتی وڵاتانی دەرەکی لە هەمبەر جوگڕافیای سوریەیە. خواستی خەڵکی ناڕازی سووریە نەمانی بەشار ئەسەدە، کەوایە ئیسرائیل دەبێ لە نێوان خراپ و خراپتردا یەکێکیان هەڵبژێرێ. ئەگە ڕەوشی ئێستای سووریە درێژە بکێشێ، ڕێژیمی ئەسەد ناتوانێ سنووری وڵاتەکەی بپارێزێ کەوایە دەستی حیزبوڵڵا و سوپای پاسداران لە سنوورەکانی ئیسرائیل ئاوەڵا دەبێتەوە. ئەگەر ئەسەد بە هێزی جەماوەری ناچار بکرێ دەسەڵات جێ بێلێ، لەمەو بەدوا فاکتەری خەڵک لە نێو سیاسەتی سووریە فاکتەرێکی هەمیشەیی دەبێ. پێک هێنانی سووریەیەکی




www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەروەها ئەو سیستمە سیاسی‌یە ئەخلاقیات و کولتوورێکی بەرهەم هێناوە کە تەنیا لە نێو یاسای بنەڕەتی‌دا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە نێو بیر کردنەوە و هەڵس و کەوتی بەرپرسان و بژاردەکاندا جێگر بووە. بە پێی چاوەڕوانی ئەوەی کە دیکتاتۆڕێ چەندین ساڵەی کڕنۆش بۆ خواستی خەڵك بەرێ لە شێوازی بەربوونەوەی ئاسمان بۆ زەوی دەچێ، دیارە بابەتی پڕ بایەخ لەم بەینەدا ئەوەیە کە ئەگەر ئەسەد بڕوا لە ئاستی ناوچە و جیهاندا چ ڕوو دەدا؟**

● ●

دێموکراتیک‌تر لە دێموکراتی‌تر بوونی جیهانی عەرەبی ڕۆڵ دەگێرێ. دیارە جیهانی عەرەبی دێموکراتیک‌تر توانایی ڕاکێشانی پشتگیری بیرورای جیهانی بۆ پرسی فەلەستین و گوشار خستنە سەر ئیسرائیل پەیدا دەکا. هەرچەند کە ئەسەد بە هۆی پشتگیری لە پرسی فەلەستین خۆی بە قارەمانی عەرەب دەزانێ، بەڵام ماوەی ٤٦ ساڵە کە بەرزایی‌یەکانی گوڵان لە چنگ ئیسرائیل دایە و هیچ هەوڵێکی بۆ ئەستاندنەوەی ئەو بەشە لە خاکی وڵاتەکەی ئەنجام نەداوە. بابەتێکی ئەستەم نیە ئەگەر لە درێژخایەن‌دا لە سووریەی نوێدا سیاسەتی ئەستاندنەوەی بەرزایی‌یەکانی گوڵان وەپێش سیاسەتی پشتگیری پرسی فەلەستین بکەوێ.

٤: تورکیە: ڕۆیشتنی ئەسەد لە هەموو بوارێکەوە لە بەرژەوەندی تورکیە دایە جگە لە یەک بابەت کە لەنێوان سووریە و تورکیەدا هاوبەشە. ڕۆژئاوا بۆ پێشگرتن بە نفووزی کۆماری ئیسلامی و بڵاوبوونەوە بەسەر جوگرافیای سووریە ناچارە لە تورکیە کە نزیکایەتی کلتووری و جوگرافیای لە گەڵ سووریە هەیە کەڵک وەربگرێ. بێ گومان ڕۆژئاوا ئەو یارمەتی‌یەی تورکیە لە ناوچەدا بە هاوکاری کردنی ئەو وڵاتە بۆ دەستەبەرکردنی شوێن پەنجەیەکی گرینگتر لە ئاستی جیهان‌دا قەرەبوو دەکاتەوە. هەروەها لاچوونی ئەسەد کۆتایی بە هاوپەیمانی‌یەتی درێژخایەن و هەمەلایەنەی ئێران و سووریە دێنێ کە ئەو بابەتە بالانسی هێز لە ناوچەدا لە بەرژەوەندی تورکیەدا دەگۆڕێ. لە هەل و مەرجێکی بەم شێوەیەدا ڕۆژئاوا بە شوێن ڕێگەیەک بۆ کۆنترۆڵی گەشەی دەسەڵاتی تورکیە لە ناوچەکەدا دەگەڕێت. دیارە کوردێکی پڕ ئەژمار لە سووریە و تورکیە بوونی هەیە، کەوایە ڕۆژئاوا هەوڵ دەدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی تورکیە لە ناوچەدا پرسی کورد بەرجەستە بکاتەوە. ئەو بەرجەستە بوونی ڕۆڵی کورد بە پێی ئاستی وشیاری و خواستی نەتەوەیی کورد دەکرێ وەک بوون بە "داردەست" یان "کەوتنە سەر نەخشەی جیهان" دەربکەوێ.

٥: ئێران: سووریە تاکە وڵاتێک بوو کە لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا بە تەواوەتی پشتگیری لە ئێران دەکرد. هەروەها ئەوڕۆکەش ئێران تاکە وڵاتێکە کە بەبێ دڕدۆنگی و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە پشتگیری ڕێژیمی سووریە دەکا. بەردەوام بوونی هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و سووریە لە سێ دەیەی ڕابردوودا دەرخەری قووڵایی و ستراتژیک بوونی ئەو پێوەندی‌یەیە. لە ڕاستی‌دا قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بە جوغرافیای سووریەوە بەستراوەتەوە. سووریە بۆ کۆماری ئیسلامی دەروازەی چوونە نێو کێشەکانی جیهانی عەرەب و زنجیرەی پێوەندی نێوان حیزبوڵلا و حەماسە. دیارە

**بەڵام هەنووکە خواستی خەڵکی ناڕازی نێوخۆی سووریە، بنەمای شکڵدان بە سیاسەتی وڵاتانی دەرەکی لە هەمبەر جوگرافیای سوریەیە. خواستی خەڵکی ناڕازی سووریە نەمانی بەشار ئەسەدە، کەوایە ئیسرائیل دەبێ لە نێوان خراپ و خراپتردا یەکێکیان هەڵبژێرێ**

● ●

لاچوونی ئەسەد بە گەورەترین شکستی سیاسەتی دەرەوە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە قەڵەم دەدرێ. بەم پێ‌یە بازنەی دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ڕەوشی سووریە لە پشتگیری هەمەلایەنەی ئەسەد تا دروست کردنی لیبی‌یەکی دیکە لە سووریە و تەنانەت دەست پێ کردنی شەڕ لە جوگرافیای سووریە دەگرێتەوە.

٦: عەرەبستان: سیاسەتی دەرەوەی عەرەبستان سیاسەتێکی کۆنەپارێزە بەو واتایە کە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا ڕیسک

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لە ڕاستیدا قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بە جوغڕافیای سووریەوە بەستراوەتەوە. سووریە بۆ کۆماری ئیسلامی دەروازەی چوونە نێو کێشەکانی جیهانی عەرەب و زنجیرەی پێوەندی نێوان حیزبوڵلا و حەماسە. دیارە لاچوونی ئەسەد بە گەورەترین شکستی سیاسەتی دەرەوە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە قەڵەم دەدرێ.**

ناکا و خۆ ناوێتە نێو کێشە یەکلانەبووەکان و لە گەڵ ئەو لایەنە لە پێوەندی و دۆستایەتی دایە کە براوەیە. دیارە بانگ‌کردنەوەی باڵوێز لە سووریە و گوشار خستنە سەر ئەو وڵاتە لەو دوایانەدا لە لایەن عەرەبستانەوە هەر درێژەی سیاسەتی کۆنەپارێزەکەیەتی، چونکە نیشاندانی هەڵوێستێکی ئاوا توند و لە ناکاو لە شێوە بانگ کردنەوەی باڵوێز لە سووریە بە مەبەستی پشتگیری لە خەڵکی نارازی سووریە نیە، بەڵکوو بە هۆی دڵنیابوون لە نەمانی ئەسەدە، هەوڵدانە بۆ کەم کردنەوەی کاردانەوەی ئەو گۆڕانە سیاسی و کلتووری‌یەی سووریە بە سەر عەرەبستان دا. دواجار شانشینی عەرەبستان بە پێی ئەوەی خاوەنی سیستەمی دێمۆکراسی نیە، گۆڕان بە هێزی جەماوەری لە سووریە لە بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیدا نابینێتەوە. دیارە ئەو گۆڕانانەی لە سووریە ڕوو دەدا بە هۆی زمان و کلتووری هاوبەش لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا، زیاتر لە هەر شوێنێک کار دەکاتە سەر جیهانی عەرەبی و بە تایبەتی عەرەبستان (ڕووگەی موسوڵمانان).

ئەمڕۆکە لە ئاستی جیهاندا پێک هێنانی دوو بەرە لە هەمبەر ڕەوشی سووریە، دابەش بوونی جیهان بەسەر دوو بلووکی تازە ڕوونتر و زیاتر لە هەمیشە هەست پێ دەکرێ. بەڵام ئەو دوو بەرەیە بە پێچەوانەی ڕابردوو لە سەر ئایدۆلۆژی شەڕ ناکەن، بەڵکوو شەڕ شەڕی بەرژەوەندی‌یەکانە.

١: بەرەیەک ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپا (ئاڵمان، فەڕانسە، بریتانیا): ئەگەر ئەسەد بڕوا بەرەی ڕۆژئاوا شوێن پەنجەی دەخاتە سەر سووریە و یەک هەنگاوی دیکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان بەرەوپێش دەڕوا. ئەو پێشڤەچوونەی ڕۆژئاوا بە واتای بەربڵاوتربوونی زیاتری سیاسەت، کلتوور و ئابووری لیبڕاڵی و ڕۆژئاوایی‌یە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهاندا.

**٢**: بەرەی چین، ڕووسیە، هێند و برزیل: هەنووکە ئەسەد چەک و چۆڵی خۆی لە ڕووسیە دابین دەکا. هەروەها بازاڕی سووریە لە چنگ چین و ڕووسیە دایە بە واتایەکی دیکە سووریە وەک جوگڕافیای ڕێبەری بەرەی چین و ڕووسیە لە قەڵەم دەدرێ.

بەم پێ‌یە سروشتی‌یە کە بەرەی ڕۆژئاوا لە پێناو بەرژەوەندی زیاتر پشتگیری لە گۆڕان لە سووریە دەکا. هەروەها سروشتی‌یە کە بەرەی چین و ڕووسیە بۆ پاراستنی جوغڕافیای ڕێبەری خۆیان پستگیری لە مانەوەی ئەسەد بکەن. بەم شێوەیە کاتێک گۆڕان جوغڕافیایەک (سووریە) دەگرێتەوە، بەسەر هەموو جیهاندا تێ دەپەڕێ و زل هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان بۆ قۆستنەوەی ئەو گۆڕانە و بەدەست هێنانی بەرژەوەندی زیاتر تا سەر ئێسقان ململانێ دەکەن.

***








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئایا بە بێ توندوتیژی ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی دەکرێ



ئا : سۆران شێرزاد

دەتوانین بەبێ توندوتیژی هیوامان بە ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی هەبێ؟ نووسەری ئەم کتێبە دەیهەوێ بە هێنانەوەی ڕاپۆڕتی زانستی و بەڵگەیی لە دوو ڕووداوی گەورەی مێژوویی هاوچەرخ کە یەکەمیان لە رۆژهەڵات و ئەوی تریشیان لە رۆژئاوا ڕووی داوە، وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. نووسینی ئەم کتێبە لە سەر داوای بەڕێوەبەری گشتی ئەوسای یۆنسکۆ لە ساڵی **١٩٩٩**دا نووسراوە کە دەقی ئینگلیزی‌یەکەی زیاتر لە **٥٠٠** لاپەڕەیە و نووسەری ئامریکایی جیا لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی سەربەخۆیی هێند و بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکانی ڕەش پێستەکانی ئەمریکا بەشێک لە کتێبەکەی تەرخان کردووە بە وتەکانی ماهاتما گاندی و مارتین لۆتیرکینک کە لە پێشڕەوانی خەباتی مەدەنین.

لە بەشێک لە کتێبەکەش بە کورتی باسی حەوت بزووتنەوەی رزگاریی خوازی کردووە کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا ڕووی داوە. وەرگیڕانی هەموو بابەتەکانی ئەم کتێبە قورسایی و گرینگی ئەم کتیبە بە تایبەت بۆ خوێندکارانی زانکۆ زیاتر دەردەخا. هەر بەو هۆیەش دوو بەشی یەکەمی کتێبەکە واتا بەشەکانی تایبەت بە خەباتی هێند و بزووتنەوەی رەش پێستەکانی ئامریکا بە کورتی و بە شێوازی تایبەتی نووسەر و بە شێوەیەکی چڕ و پڕ وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی، بەشێکی تایبەتیش دانراوە بۆ وتەکانی ڕێبەرانی ئەو دوو بزووتنەوەیە، هەر بەو هۆیەشەوە بە لێک تێگەیشتن لە فەلسەفەی ئەو شێوە خەباتانە دەخەملێندرێ و بە بێ کورت کردنەوە وەرگێردراوە و ڕاپۆڕتەکانی تایبەت بە بەرگری نەرم(بەبێ توندوتیژی) وەرنەگێردراوەتەوە.

**چەند وتەیەکی نووسەر**

ماوەیەک لەوە پێش کاتێک داوام لە مێری کینگ کرد تا ئەو کتێبە وەک پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیی بۆ ڕێکخراوی یونسکۆ ئامادە بکات. ئامانجم گەیاندنی پەیامی دوور لە توندوتیژی بە خوینەران بە تایبەت لاوەکان بوو، خاتوو مێری کینگ لە دەیەکانی **٥٠** و **٦٠** ئەو کاتیک ژنێکی لاو بوو لە ڕاستی‌دا لە گەڵ هزری دوور لە توندوتیژی ژیاوەو لە بزووتنەوەی مافە مەدەنیەکانی ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگرتووە. ئەو ڕووداوانە کە لە ساڵانی ڕابردوو لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئێمە نموونەی شێوە خەباتی ماهاتما گاندی و مارتین لۆتێرکینگ و ئەو کەسانەی لەو ئەزموونە کەڵك وەردەگرن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆیان لە بەڵێنیدان بە ریکخراوی یونسکۆ لە ڕاستای دروست کردنی هزری ئاشتەوانی وەك بەرگری کارێك لە ئەندێشەی ژنان و پیاوانی سەرانسەری جیهان بە پێویستێکی بێ ئەملاو ئەولا دەزانین، چونکە ئێمە جیا لە دڵ و زەینمان شك نابەین کە تۆوی ئاشتی تێیدا بنیات بنێین.**

● ●

جیهان ڕووی داوە لەم کتێبەدا ڕەنگی داوەتەوە ئەمەش خۆی بەڵگەیە بۆ جێگە و پێگەی دوور لە توندوتیژی لە سەدەکانی پڕ لە توندوتیژی ئێستادا. ئێمە نموونەی شێوە خەباتی ماهاتما گاندی و مارتین لۆتێرکینگ و ئەو کەسانەی لەو ئەزموونە کەڵک وەردەگرن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی خۆیان لە بەڵێنیدان بە ریکخراوی یونسکۆ لە ڕاستای دروست کردنی هزری ئاشتەوانی وەک بەرگری کارێک لە ئەندێشەی ژنان و پیاوانی سەرانسەری جیهان بە پێویستێکی بێ ئەملاو ئەولا دەزانین، چونکە ئێمە جیا لە دڵ و زەینمان شک نابەین کە تۆوی ئاشتی تێیدا بنیات بنێین.

کلتووری ئاشتی هیچ کات هاوشانی کلتووری پاسیفیستی نی‌یە، خەباتی دوور لە توندوتیژی ڕێگایەکە بۆ جووڵە نەک بیانۆیەک بۆ فەرمان بردن. تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم شێوازە ڕووهەڵاوەیی، ئینتما بە نەزم و دیسیپلین، هەڵوێستی لیبڕاوانە ئەو ویستەی کە زۆربەی کاتەکان لە بیرمان دەچێتەوە، سەرکەوتنی ئەم شێوازەیە لە خەبات. بنەماکانی لە سەر هزری گەورە و یاسای بەرزی ئەخلاق بنیات نراوە، گاندی کە بەرەو دەریا ئەچێ و لە بێدەنگی‌دا لۆچێک خوێ هەڵ دەگرێ، مارتین لۆتێرکینگ دەبینین کە لەگەڵ هەزاران کەسی تر سوار پاس نابن و ناچنە سەرکار.

کلتووری ئاشتی، کلتوورێکی هەمیشەیی و لیبڕاوانەیە و خۆشەویستی هاوڕێکان و بەشداری لە خۆشی و ناخۆشی بیانی‌یەکان دایە. ئەمە وانەیە کە گاندی و مارتین لۆتێرکینگ فیری ئێمەی دەکەن و چارەنووس و خەونی هەتاهەتایەشیان هەر ئەوەمان پێ دەڵێنەوە.

ئەو کەسایەتی‌یانە بۆ نەزمی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرچاوەگرتوو لە نایەکسانی و توندوتیژی بە کۆسپ دەبینران، ئەندیشەی دووری کردن لە توندوتیژی و پەیامی ئەوین و ئازادی کە لە حەقیقەت‌دا ئەوان پەیام بەری بوون نەک لە یاسای جیهانی دەوروبەرمان و شێوەی حکومەتداری دەسەڵاتداران، بەڵکوو لە ناخی مرۆڤەکان‌دا ئاڵ و گۆڕیان پێک هێنا تەنانەت ئەرکی ئەوان زیندوو بوونەوەی باوەڕەکانیان بوو.

ڕێکخراوی یونسکۆ ئەو دوو کەسایەتی‌یە گەورەیە کە لە دنیای نائارامی ئێستادا بە هێمنی باس لە ڕاستی و حەقیقەت دەکەن ڕێزیان لێ دەگرێ. لە سەدەی ئێستادا دەبینین میتۆدە دوور لە توندوتیژی‌یەکان وەک هێزێکی نوێ بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئامانجە سیاسی‌یەکان و گەیشتن بە دێموکراسی، یەکسانی و ئاشتی هاتوونە مەیدان. کاتیک کە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی یونسکۆ لە نووسراوەکانی خۆیان‌دا باسی بە هێزکردنی ئەخلاق و بنەما رووحی‌یەکانیان لە نێو مرۆڤەکاندا بۆ هەنگاونان بەرەو ئازادی و یەکسانی و دێموکراسیان دەکرد لە ڕاستی‌دا گەشەی هێزی بیرکردنەوەیان بە ئەڵترناتیڤی هێز دەزانی هەر بۆیە پێویستە بزانین کلتووری ئاشتی خاوەنی مێژوو و هەروەها داهاتووشە.

سەرچاوە: مبارزه عاری از خشونت ماهاتماگاندی و مارتین لۆتێر کینگ.

***





www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# مێژووی پەیدابوونی زەوی و ژیان و ڕۆڵی مرۆڤ



ئا : ئازاد محەممەدزادە

بۆ هەمووومان ئەم پرسیارە هاتۆتە پێش کە دیرۆکەی گۆی زەوی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و تەمەنی ئەم هەسارە چەندە؟ بەڵام وەڵامی تەواو لە بەر دەستمان دا نیە. لێرەدا و بە پێی ئەو هەموو لێکۆڵینەوە بەدواداچوون و ئەو هەموو وردەکاری و تاقیکاری‌یانەی کە زانایان و شارەزایان لەم بوارەدا کردوویانە هێندێک ڕێ‌خۆشکەرن و دەتوانین بڵێین شت‌گەلێکمان دەکەوێتە بەردەست و چەندین بەڵگەشمان سەبارەت بەوەی کە تەمەنی زەوی و پەیدابوونی ژیان لە سەری بۆ کەی دەگەڕێتەوە. مێژووی پەیدابوونی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤ ملیارد ساڵ پێش کە ئەو تەمەنەش لە هەسارەیەکی پیر و کۆنی وەک زەوی دەوەشێتەوە. بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە کە زەوی چۆن لە دایک بووە و چی وای لێ کردووە کە ببێتە شوێنێکی لەبار و بەکەڵک بۆ ژیانی ملوێنان جۆر ڕووەک، بەکتریا و زیندەوەری وەک باڵندەکان، شیردەرەکان، خشۆکەکان و بە تایبەتی مرۆڤەکان کە ئەمڕۆ خاوەنداران و داگیرکەرانی زەوین! پەرەپێدانی ژیان و زیادبوونی گیان لەبەران و ئاو و خاک و باران و بەفر و سەرما و گەرما و هەوا و ئەو هەموو مەخلووقاتە دەبێ مێژوویەکی لە پشت بێ.

لێرەدایە کە بۆ ئێمە سەدان و بگرە هەزاران پرسیار بێ وەڵام دەمێننەوە کە وامان لێ دەکەن و هاندەرمانن بۆ ئەوەی کە ئاستی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی خۆمان بەرەوسەر پاڵ پێوە بنێین و بچینە ناخی شتە ون بووەکانەوە لە سەرچاوەکەی



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جامیلکەیەکی لێڵیان لێ هەڵێنجین. ئەوەی کە یەکەم سەرچاوەو بناخەی زەوی لە کوێوە دروست بووە، دەتوانین بڵێین لە وردەکاری‌یەکانی لیکۆڵەرەوان و شوێنەوارناسان و پسپۆرانی تایبەت بەم بوارە تەنیا توانیومانە چەند سەرچاوەیەکی گرینگ وەدەست بێنین کە بێ گومان برێک لەو بۆشایی‌یەی کە لەنێو مێشکمان دا بۆ ئەم بوارەمان تەرخان کردوە پڕ دەکاتەوە و تەقریبەن بە قەناعەتمان دەگەیەنێ.

زەوی لە ١٤ ملیارد ساڵ لەوە پێش لە گەڵ دروست بوونی گەردوون و کەهکشانەکان و هەسارەو ئەستێرەکانی دیکەدا دروست بووە، بەڵام ئەو کات تەنیا لە چەندین جۆر گازی وەک هایدرۆجین و هیلیۆم و نیترۆجین و ئۆکسجین و هێندیک گازی دیکەی ژەهراوی و کیمیایی پێک دەهات کە بەرەبەرە گۆڕان بەسەر کەشی کۆمەڵی خۆر داهات و ئەم گازانە لە یەک نزیکتر بوونەوەو بەدەوری یەکتردا دەخولانەوە. بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ چەند جۆر کانزای وەک مەگنەزیۆم، ئاسن، کوباڵت و نیکڵ کە لە هەوادا سەرگەردان بوون و ئەو بەردە ئاسمانیانەی کە لە هەسارەکان و کەهکشانەکانی دیکەڕا هاتبوون لە شێوەی هەورێکی خۆڵەمێش و تەپ و تۆز و گاز کە بە دەوری خۆردا دەخووڵانەوە و شکڵ و شێوەیەکی ئەتۆیان نەگرتبوو. بەڵام بە هۆی لەباربوونی کەشی کۆمەڵی خۆر بەرەبەرە زەوی شکڵ و شێوەیەکی تەقریبەن نارێکی بەخۆیەوە گرت. زەوی تەنیا هەسارەیەکی وشک و گەرم بوو کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بوونی لە خۆر و نەبوونی ئەتمۆسفێرێکی جێگر لە دەوری‌دا. دوابەدوای ئەو تەقینەوەی کە لە کەهکشانی ڕێگەی شیری دا ڕوویدا ڕێخۆشکەری دابەزینی پلەی گەرمی لە ناو هەسارەکانی کۆمەڵی خۆر و بەتایبەتی زەوی دا بوو کە بە تێکەڵ بوونی چەند گازێکی نوێ کە لە دەوروبەری زەوی دەخولانەوە گۆڕانێکی گەورە بە سەر کەش و هەوای زەوی داهات و لە کارلێکی دوو گازی ئۆکسیجین و هایدرۆجین ئاو پەیدا بوو. ئەو ڕووداوەش بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە ١/٥ ملیارد ساڵ لەوەپێش ڕووی داوەو یەکەم هەنگاوی بوو بۆ دەست پێ کردنی ژیان لە سەر زەوی. ئەم ڕووداوە شتێک بوو کە لە کۆمەڵەی هەسارەکانی دەوری خۆردا بێ وێنە و چاوەڕوان نەکراو بوو.

لەگەڵ دروست بوون و جێ گرتنی کەشی لەبار بۆ ژیان یەکەم زیندەوەران لە



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوابەدوای ئەو تەقینەوەی کە لە کەهکشانی ڕێگەی شیری دا ڕوویدا ڕێخۆشکەری دابەزینی پلەی گەرمی لە ناو هەسارەکانی کۆمەڵی خۆر و بەتایبەتی زەوی دا بوو کە بە تێکەڵ بوونی چەند گازێکی نوێ کە لە دەوروبەری زەوی دەخولانەوە گۆڕانێکی گەورە بە سەر کەش و هەوای زەوی داهات و لە کارلێکی دوو گازی ئۆکسیجین و هایدرۆجین ئاو پەیدا بوو.**

نێو زەریاکان دا شکڵیان گرت کە ئەوانیش پلانگتۆنەکان و بەکتریەکان و قەوزەکان و لە دوای وانیش ڕووەکان بوون. وای لێ هات کە بەشێکی بەرچاو لە ژینگەی نێو ئاوی زەوی داگیر بکەن، بەڵام گۆڕانکارییەکان زۆر لەسەرخۆ ڕوویان دەدا ئەوەش دەرفەتێک بوو کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم زیندەوەرانەدا پەیدا بێ و بە هۆی کارلێکی کیمیایی و ئاوێتە و پیتاندنی DNA نێو خانەکانی لەشیان گۆڕان بەخۆیانەوە ببینن و شکڵی نوێ و جۆری نوێ‌تر و زەبەلاحتر بگرنە خۆ. ئەم وەرچەرخانەش ماوەی ٤٠٠ ملوێن ساڵی خایاند و یەکەم زیندەوەرانێک کە دروست دەبن جۆرە مارماسی‌یەک بوون کە شێوەیان نە لە ماری ئەمڕۆ دەچوو و نە لە ماسی. ئەوە دەست پێکێک بوو بۆ ئەوەی کە ژیانی زیندەوەران لەسەر ئەم هەسارەیە شکل بگرێ و ڕەوتی خۆی بپێوێ. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە چۆن ئەو گۆڕانکاریانە ڕوویاندا و کارلێکی چ ماددەیەک بوو کە زیندەوەران لە نێو ئۆقیانووس(زەریا)، دەریا، ڕووبار وگۆلەکان دا ڕوو بکەنە سەر وشکانی؟! هەروەک شارەزایان و پسپۆڕان لەم بوارەدا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون و بۆیان دەرکەوت کە ژیانی نێو زەریاکان بە ڕادەی ڕێژەیی گونجاو نەبوو، چونکە گیان لەبەران و ڕووەکەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیادبوون و پەرە ئەستاندن دا بوون و چەندین و هەزاران جۆری ئاویان لێ شکڵ گرت. گەیشتنی ڕووەکەکان لە نێو زەریاکانەوە بۆ سەر وشکانی و گۆڕان لە پێکهاتەکەیان دا وای کردبوو کە ڕووەکەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو خۆراک بەرهەم بێنن. بەدوای ئەوەدا زیندەوەرانی نێو ئاوەکان ڕوویان کردە وشکانی و دوای چەند ملوێن ساڵێک لە گەڵ کەش و هەوای سەر بەشی وشکانی زەوی ڕاهاتن و پەرەیان ستاند و بە سەدان و هەزاران جۆری جیاوازیان بە هۆی گۆڕانکاری‌یەکانی کەش و ژینگەیەکی جیاواز لە سەر وشکانی لێ پەیدا بوو. ئەم پەرەسەندنە و جۆری جیاواز وای لێهات کە تێکڕای گۆی زەوی واتە لە ناوچە وشک و کەم ئاوەکان و ناوچە سارد و بەستەڵەکەکانیش زیندەوەر بژین. ئەو زیندەوەرانەش لەق و پۆی ئەو مارماسی‌یە بوون کە هاتە سەر وشکانی! سەرەتا ژیان بۆ ئەم جۆرە مارماسی‌یانە زۆر دژوار بوو، بەڵام وردە وردە توانیان خۆ لە گەڵ جەوەکە سازگار بکەن و دوای ساڵانێک هەزاران جۆر خشۆکی سەیر و سەمەرە کە لە بنەماڵەی ئەو مارماسی‌یە بوون شکڵ بگرن. هەروەها توێژینەوەکان دەری دەخەن کە لەگەڵ خشۆکەکان شیردەرەکان، ڕەق پێستەکان و باڵندەکان شکڵ بگرن ئەوەش بەکارلێکی کیمیای ئەو جەوە بوو کە یەکەم زیندەوەر توانی لە سەر وشکانی لە گەڵی سازگار بێ.

بێ گومان زانایان وەڵامێکی گونجاویان بە هۆی پێشکەوتنی زانست داوەتەوە ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە نێوان زیندەوەران لە سەر زەوی ڕووی داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان چەندین شێوە

**گەیشتنی ڕووەکەکان لە نێو زەریاکانەوە بۆ سەر وشکانی و گۆڕان لە پێکهاتەکەیان دا وای کردبوو کە ڕووەکەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو خۆراك بەرهەم بێنن.**

پەیوەندی گۆڕانکاری پێکیانەوە گرێ دەدا و چەند لایەن دەگرێتەوە. ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە لەو گۆڕانکاریانە دەکەین.

ئەلف: کارلێکی کیمیایی جەوی زەوی بە پێی ناوچە.

ب: سێکسە ڕژێنەکان لە نێوان زیندەوەرانی جۆری جیاوازدا.

ج: بوونی کەشێکی لەبار بۆ ژیان و جۆری وزە.

ئەم ڕەوتە وای لێ هات کە لە ماوەیەکی بەرچاودا هەزاران جۆری زەبەلاح و بچووک پەیدا بین. یەکێک لەو جۆرە گیان لەبەرە زەبەلاح و بێ وێنە و سەیر و سەمەرانە "دایناسۆرەکان" بوون کە گەورەترین و بەتەمەنترین جۆری زیندەوەران بە ئەژمار دێن. دایناسۆرەکان ٣٥٠ ملوێن ساڵ لەوە پێش پەیدا بوون و نزیک بە ٣٠٠ ملوێن ساڵ بەسەر زەوی‌دا فەرمانڕەوا و حاکم بوون کە بە ملیۆنان ساڵ زیاتر لە زیندەوەرانی‌تر و بە تایبەتی مرۆڤەکان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر زەوی دا ژیانیان بەسەر بردووە. بەڵام با ئەوەش بڵێین کە ئەو جۆرە زەبەلاحانە چۆن و بە چ هۆکارێک لە نێو چوون. ڕێک شتەکە لێرەدا دەست پێ دەکا کە ٦٥ ملوێن ساڵ لەوە پێش بە هۆی کەوتنە خوارەوە هێرشی بەردە ئاسمانیەکان بۆ سەر زەوی توێی ئۆزۆن دەپچڕێ و پلەی گەرمی زەوی لە ١٠٠ پلەوە تا ١٠٠٠ پلە بەرز دەبێتەوە کە ئەمەش تەنیا ٢ تا ٣ ساڵ دەخایەنێ. لەو ماوە کەمەدا تەواوی زیندەوەر و ڕووەکەکان لەنێو دەچن. زەریا، دەریا و گۆلەکان ویشک دەبن و خۆراک کەم دەکا و بەشێکی زیندەوەران لەسەر زەوی لە نێو دەچن.

وشکە ساڵی ڕوودەدا و گەرما هێرش دەکاتە سەر زەوی و دایناسۆڕەکان لەو نێوەدا بە تەواوی کۆتایی بە وەچەی دوور و درێژیان دێ و تەنانەت ئاسەوارێکی ئەوتۆیان لێ نامێنێتەوە کە ئەم لەنێوچوونەی دایناسۆڕەکان بە شەڕی "ژووراسیک" یان "شەڕی وشکەساڵی گەورە" بەناوبانگە کە لە نێوان سەدان جۆر لەو زیندەوەرە زەبەلاحانە ڕوویان دا. لێرەدایە کە کۆتایی بە ژیان لە سەر زەوی دێ و ئەم ڕەوتەش ٤ ملوێن ساڵ دەخایەنێ کە تەنیا بەشێکی کەم لە زیندەوەران دەمێننەوە و پلەی زەوی بەردەوام بەرزی و نزمی بەسەردادێ. بەڵام چۆن ژیانی دووبارە لە سەر زەوی دروست دەبێتەوە لە دوای ئەو شەڕەی کە زەوی لە گەڵ فەزا کردی و بە قەول زەوی دۆڕاندی، چۆن زەوی توانی خۆی نۆەژەن بکاتەوە. توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کارناسان و زانایان بەم جۆرەیە کە لە ٦٠ ملوێن ساڵ لەوە پێش دووبارە گۆڕانێکی گەورە لە پێکهاتەی کۆمەڵی هەسارەکانی خۆر و کەشی زەویدا ڕوویدا. زەوی لە خۆر دوور کەوتەوەو کەوتە سەر ڕاستە هێڵێکی تەریب بەدەوری خۆردا و دەست پێ کردنی خولانەوەیەکی جێگیر. هەسارەی موشتەری کە بە زبڵدانی فەزایی کۆمەڵی خۆر بە ناوبانگە چەندین کیلۆمەتر نزیک

**گرینگترین چەشن لە نێو ئەو هەموو زیندەوەر و ڕووەك و گیان لەبەرانەدا مرۆڤەکان بوون کە بە دەیان ڕەنگ و نژاد و سەدان زمان و نەتەوەیان لێ کەوتەوە. مرۆڤ ئەو زیندەوەرەی کە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە حاکم و جێگای دایناسۆڕە زەبەلاحەکانی گرتەوە و لەو ماوە کەمەدا توانی دەستکاری سروشت لە سەر زەوی بکا.**

● ●

زەوی بۆوەو تەواوی ئەو بەردە ئاسمانیانەی کە هێرشیان دەکردە سەر زەوی بەرەو خۆی دەکێشان و بوو بە دیوارێکی باش بۆ زەوی. ئەو گازە سووودبەخشانە یەکتریان گرتەوە، پلەی گەرمی دابەزی و گۆڕانێکی بەرچاو و خێرا لە ژینگەی زەویدا ڕوویدا ئەوەش بە هۆی ئەو گازانەوە بوون کە لە هەسارەی موشتەری و هەسارەکانی دیکەی نێو کۆمەڵی خۆر پێک هاتبوون. کارلێکی ئەمانە وای کرد کە ئەتمۆسفێر لە کەشدا شکڵ بگرێتەوەو توێی ئۆزۆن بەهێزتر بێ و وەک پەردەیەک دەوری زەوی دابگرێ. کەش سازگار بوو و باران و گەردەلوول و بەفر و تەرزە سەرانسەری گۆی زەوی داگرت، تیشکە بەسوودەکانی خۆر گەیشتنە زەوی و ڕووەکەکان سەریان هەڵ دایەوەو وزە دروست بوو. ئەو زیندەوەرانەی کە مابوون دووبارە ژیانیان دەست پی کردەوە.

زەوی هاتە سەر ڕەواڵی ئاسایی خۆی و وەرزەکان ڕێک کەوتن، زەریاکان پڕ بوون و زیندەوەرانی تر شکڵیان گرت و چەندین جۆر و لەق و پۆیان لێ بۆوە.

گرینگترین چەشن لە نێو ئەو هەموو زیندەوەر و ڕووەک و گیان لەبەرانەدا مرۆڤەکان بوون کە بە دەیان ڕەنگ و نژاد و سەدان زمان و نەتەوەیان لێ کەوتەوە. مرۆڤ ئەو زیندەوەرەی کە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە حاکم و جێگای دایناسۆڕە زەبەلاحەکانی گرتەوە و لەو ماوە کەمەدا توانی دەستکاری سروشت لە سەر زەوی بکا، بەڵام وەکی لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤەکان ڕوون نیە و ساڵ و مانگ و ڕێکەوتەکەی هێشتا هەر پێویستی بەوەیە کە زانایان و پسپۆڕانی شارەزا لەم بوارەدا زیاتر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکەن. ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستان دایە ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤەکان لە دوای لەنێوچوونی دایناسۆڕەکان واتە ٦٠ ملوێن ساڵ لەوە پێشەوە تا ئێستا پەیدا بوون. هەروەها هێندێک بەڵگەی دیکە هەن کە مێژوویەکی نە چەندان دوورمان لە ژیانی مرۆڤەکان نیشان دەدەن لەوانە ئاسەوارە کۆنەکانی مرۆڤی نیاندرتاڵ، جاوە و کرۆمانیۆم کە یەک لە دوای یەک لە ناو تاشە بەرد و ئەشکەوتەکان دا ژیاون. بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کە دەڵێ مرۆڤەکان ٨٠٠ هەزار ساڵ لەوە پێش لە وڵاتانی ئێستای هێندووستان، کوردستان، ئێران و بەشێک لە ئەفریقادا ژیاون. ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەست دان ئاماژە بە سەردەمی چاخی گەورەی بەستەڵەک دەکەن واتە لە ٢٠ ملوێن ساڵەوە تا ١٨ هەزار ساڵ پێش ئێستا، ئەو سەردەمە زەوی لە بەفر و سەهۆل دا نوقم بووە. شتگەلێکی زۆر لە شارستانیەتی ئەو سەردەمەدا لە بەر دەستدا نیە، بەڵام لە ١٥ هەزار ساڵ لەوە پێشەوە لە هێندێک شوێنی وەک دۆڵی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

مرۆڤەکان ژیاون و ئاسەواریان هەر ماوە. ئەم مرۆڤانە لە ئەشکەوت و پەنا بەردەکان دا ژیاون، دواتر ڕوویان کردۆتە پێدەشتەکان و سەر رۆخی رووبارو دەریاکان و دەستیان کردووە بە کشت و کاڵی، پیشەسازی دەستی و ئاژەڵداری. گۆڕانکاریەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان خێرا و زۆر بەتوندی ڕوویاندا، کانزا دۆزرانەوە ژیان هەرهات و پەرەی سەند و پێشکەوتنی شارستانییەت بە خێراییەکی کتوپر هەنگاوی هەڵ دێنایەوە. مرۆڤ بە یەکجاری دەستی بەسەر زەوی داگرت و نوقمی بەرژەوەندی و هەوا و هەوەسی خۆی کرد. هەر نەتەوەیەک و هۆزیک بۆ خۆی بەشێکی لە گۆی زەوی داگیر کرد و دەسەڵات پەیدا بوو و مرۆڤ و خاک و زیندەوەران بوون بە قوربانی و کۆیلە و کەرەستەی بەردەستی مرۆڤی تر. بە سەدان ئایین و مەزهەب و ئایدۆلۆژی پەیدا بوون، مرۆڤ داوای پلەی خواوەندی کرد. سەرۆک هۆز، میر، شا و ئیمپراتۆڕی گەورە و زەبەلاح بەدەستی مرۆڤ دروست بوون. کۆشک و قەڵاکان هەرهات گەورەو گەورەتربوون. گەل بەدەستی گەل، هۆز بەدەستی هۆز و برا بە دەستی برا چەوسانەوەو مافیان پێشێل دەکرا و دەبوون بە کۆیلە. تەماح بوونی بەشێکی بەرچاوی مرۆڤایەتی داگرتبوو، زەوی بەدەستی خاوەندارەکانیەوە کە مرۆڤەکان بوون پچڕپچڕ و دابەش بوو.

ژینگەی سەر زەوی ئەو رووخسار و سیما جوانە و دڵ ڕفێنەی پێشووی خۆی لە دەست دا، ئەمەش بە هۆی دەستکاری مرۆڤ لە ژینگەی سەر زەوی دابوو. زەریاکان، وشکانی، ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان هەموو کەوتنە بەر دەستی مرۆڤ و ئاڵ و گۆری سەودایان پێ کرا. جیاوازی چینایەتی و رەگەزی کەوتە نێو مرۆڤایەتی. ڕەنگ، زمان، نژاد، نەتەوەو ڕەگەزەکان مافیان پێشێل کرا. زەوی هەرهات و بچووک و بچووکتر دەبۆوەو مرۆڤ گۆڕانی بەسەرداهات تا گەیشتە ئەو جێگایەی کە بە یەکجاری توانی هەر چوار دەوری زەوی بگرێ و بچێتە سەرچاوەکانی دروست بوونی زەوی و ژینگە کە ئەویش گەردوون بوو. کەهکشان و هەسارەکان و هەوا و بۆشایی ئاسمان ئەوانیش کەوتنە خزمەت مرۆڤایەتی.

***


سەرچاوەکان.

تاریخ بشریت: مهندس زهره عظیمی

ما کجا هستیم: استون هاوکینگ

تاریخچه ژوراسیک تا نیاندرتال و جاوه و کرومانیوم : ویکی پیدیا

پیدایش حیات: سایت دانشمندان




www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەو خونچانەی کە پێش پشکوتن هەڵوەرین

## ن: قادر وریا



### شەهید مراد عەزیزی

هەژدە ساڵە لەگەڵ کولانەوەی زامی لە دەست دانی دوکتور قاسملووی ڕێبەرماندا، دەکەومەوە یادی ئەو لاوەی ـ بڕواتان بێ ئەگەر وا زوو گیانی لێ نەستێندرابا ـ دەبوو بە یەکێک لەوانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبوو هیوای گەورەی پێ ببەستێ.

باسی مرادی عەزیزیتان بۆ دەکەم. ئەو لاوە ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕەی تەنیا چوار ڕۆژ بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی جەرگ‌بڕی تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملوو دا، لەگەڵ دوو هاورێی هەتاسەری(حەمە ساڵە حەسەن پوور و سمایل محەممەدی)دا، گیانی خۆیان لە پێناوی سەربەرز مانەوەی نەتەوەکەیان دا بەخشی.

ڕۆژانی "بێمزۆرتێ"ش وەک هەموو دەشتی شنۆو دەشتی شنۆش وەک سەرانسەری کوردستان "کوڵی گریانێکی خەست" و باری خەمێکی گرانیان پێ بوو. ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕ سێ ڕۆڵەی بەوەجی حیزبی دێموکڕات کە لەبەر سروشتی نهێنی و تەشکیلاتی کارەکەیان، لە چەکی شانیان دوور کەوتبوونەوەو تەنیا دەمانچەیان پێ بوو، لە پڕ بە هۆردوویەک جاش‌و پاسدارو بەسیجی دەوریان دراو داوای خۆبەدەستەوە دانیان لێ کرا. مرادو حەمەساڵە و سمایل دوو ڕێگا زیاتریان لە بەر نەبوو: یا لەم ساتە وەختەدا کە کوردستان بە بۆنەی لە دەستدانی پێغەمبەری ئاشتی‌یەوە یەکپارچە تووڕەیی و نەفرەت بوو، بە نرخی خۆبەدەستەوەدان گیانیان دەرباز بکەن، یا بە دەمانچە تا دوا هەناسە شەڕ بکەن و بەو مردنە سەری خۆیان‌و حیزبەکەیان و نەتەوەکەیان بەرز بکەنەوە. ئەوان بە بێ هیچ دوو دڵی‌یەک ڕێگای دووهەمیان هەڵ بژاردو لە لیستی دوورودرێژی شەهیدانی نەتەوەکەیان دا، دراوسێ‌یەتی ڕێبەرو گەورە پیاوێکی وەک

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوویان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

مرادم لە سەردەمی قوتابخانەوە دەناسی. لە قۆناغی دواناوەندیی‌دا پێکەوە بووین. لە "بابخالاویێ"را بۆ خوێندن هاتبووە شاری شنۆ. جگە لەوەی هەردووکمان منداڵی لادێ بووین، هەردووشمان ئۆگری شێعرو ئەدەبیات و خوێندنەوە بووین و ساڵی ١٣٥٧، بە تایبەتی بە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و بووژانەوەی هەست و بیری نەتەوەیی لە نێو لاوانی کوردستان دا، پتر رووومان کردە خوێندنەوەی شێعرو باسی شاعیرانی کوردو شەن‌و کەو کردنی فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی. هێندێک ئێوارانی یەکەم بەهاری ئازادی لەگەڵ چەند هاوپۆل و برادەری دیکەدا بە لێواری چۆمی شاردا هەڵ دەکشاین و تا درەنگانێک کاتمان بە باسی ئەدەبی‌و گرۆگاڵی ئەدەبی‌یەوە تێ‌پەڕ دەکرد. بۆ پاییزو زستانی داهاتوو کە بنکەکانی رێکخراوی لاوانی دێموکرات بوون بە ناوەندی چالاکیی سیاسی و فەرهەنگی، بووین بە لایەنگرو ئەندامی هەڵسووڕی ئەو رێکخراوەیە. مراد ئەگەرچی زۆر بەمایە بووو بە تێگەیشتنی ئەو کاتم زۆر باش دەیتوانی ئەوەی مەبەستیەتی دەری ببڕێ و روانین و، بیرکردنەوەی ئەدیبانە و جوانی هەبوو، بەڵام کەمتر بە لای نووسیندا دەچوو. ئەو پێی خۆش بوو هەست‌و بیر کردنەوەو روانینی، هەروەها ئەوەی لە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیران‌و نووسەران دەستی کەوتوە، بە زمان دەری ببڕێ. بەڵام لە هاندانی من‌و "دڵسۆز"ی هاوڕێمان بۆ بەردەوام بوون لە سەر شێعرو نووسین غافڵ نەبوو.

ساڵی ٦٠ ـ ١٣٥٩ بە دوای جیا بوونەوەی "پەیرەوانی کۆنگرەی چوار" لە حیزبی دێموکرات، مرادیش ڕەگەڵیان کەوت. ئێمە دۆستانی مراد لە نێو حیزبی دێموکرات دا، سەرەڕای جیاوازی‌و دووریی بۆچوون و هەڵوێستی سیاسیی حیزبیمان، نەمان دەتوانی رقمان لێی بێ و خۆشمان نەوێ. ئارەزوومان دەکرد جارێکی دی لە کۆڕی خۆمان دا ببینینەوە. چەن ساڵ رابردو ئاگامان لێی نەما تا سەرەنجام، رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٥ کە بە سەفەرێک رێم کەوتە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب، مرادم دیتەوە. لەبەر لێهاتوویی‌و پوختە بوونی بە ئەندامی شوورای پێشمەرگەکانی دەورەی سەرەتایی هەڵیان بژارد بوو و، مامۆستاکانی رێزێکی تایبەتیان بۆ دادەناو زۆریان شایی پێ بوو. مراد بە زوویی لە هێزی کێلەشین‌و کومیتە شارستانی شنۆدا جێگای خۆی کردەوەو بوو بە یەکێک لە کادرە هەرە باشەکانی ناوچەی شنۆ. بە ئاگایی بەرز، بە هەوڵدانێکی رۆژ بە رۆژ زیاتر بۆ خۆیێگەیاندن، بە سادەو خاکی‌و کۆمەڵایەتی بوونی، بەسەراحەت‌و ئازایی سیاسی‌و، بە پێشرەوە بوونی لە مەیدانی تیئۆری و کردەوەداو سەرەنجام بە شەوقیکی بێ سنووری بۆ کاری شۆڕشگێرانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، ببووە هومێدێک کە داهاتوویەکی پڕ لە پێشکەوتنی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەڵام مەخابن، لە بیست و شەشەمین ساڵی تەمەن دا گوڵی ژیانی هەڵپرووکا. ئەگەرچی بەش بە حاڵی خۆم هێشتا باوەڕم بە مردنی نەکردووە هەر چاوەڕێی گەڕانەوەیم.

یادی مرادی عەزیزی و هاوسەفەرانی بۆ نێو کاروانی نەمران بەخێر

***

## زیزم لێت

چەند رۆژێکە لە پێکەنین زیزم
چەند رۆژێکە غم دای‌پۆشیوم

گریان میوانی شەوانی تەنیایی منە
دڵیش هەر وەکوو ناڵێك گرۆگاڵم بۆ دەکات
بەڵام بۆ هەتا هەتایە لێت زیزم
وەکوو پاییز زەردبووم لە تەنیایدا

چەند رۆژێکە لە پێکەنین زیزم
تازە قەت نابێتەوە میوانی شەوانی ژیانم

تازە نە سروشت و نە گوڵی بەهاری
جوانیت ناتوانن میوانم بن

زیزم لێت لە وڵاتی بێ باران دا
تەنیا گوڵێکە شادی

لێت زیزم خونچە گوڵم تۆ بێ وەفایت
بەهارو پاییزو هاوین و زستان شادی

لێت زیزم من کە غەمبارو دڵ شکاوم تۆش
ئەوەندە مەدە ئازارم مەدە ئازارم...

ئەحمەد قازی ١٣٩٠/٢/١٢

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کلیلەکانی کردنەوەی دڵی "ژنان" کامانەن

نووسین و ئامادەکردن : چیمەن بارام میرزا

کلیلی دڵی ژن زۆر ساکارن کە بریتی‌یە لە چەند گفتوگۆیەکی ئاسایی کە ژن ئارەزووی بیستنیان دەکا و هەستیان پێ دەکات ئەوانیش:

**کلیلی یەکەم: گوێ گرتن:**

گرینگترین موجامەلەیەک کە لە گەڵ ژن دەکرێ. بە گوێ گرتن بۆی هەستێکی وای دەدەیتێ کە تۆ گرینگی پێ دەدەی، گرینگیدانێکی ورد بۆ ژیانی، چونکە ژن پێی خۆشە ئەو هەڵوێست و چالاکیانەی لە ژیانی دا هەبوون هەمووی بە وردی باس بکا، بە گۆێ گرتنت بۆی و دانیشتن لە گەڵی، هەستێکی قووڵی لا دروست دەبێ کە دەبێتە مایەی تێگەیشتن و زیاتر نزیک بوونەوە لە یەکتر.

**کلیلی دووەم: پشت گرتن یان تەئید کردنی:**

زۆر خۆشە بۆ ژن کاتێ هەست دەکا کە هاوسەرەکەی لەگەڵیەتی و یارمەتی دەدا و قورسایی‌یەکانی لە سەر شان لا دەبا و، لە هەموو بارودۆخێکی نائاسایی دەی پارێزێ. ئەمەش وای لێ دەکا کە هەستی هێز و دەسەڵاتی لا دروست ببێ بەرامبەر ئەو بارودۆخانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

**کلیلی سێەم : ئیعجاب بوون پێی:**

ژن عاشقی ئەوەیە کە هەست بکا هاوسەرەکەی موعجیبە پێی، بە شێوازی بیرکردنەوەی بۆ نموونە.

بە جوانی ڕێک‌خستنی جل و بە رگی، خۆ رازاندنەوەی، بە بۆن خۆشی و کەسایەتی، ڕۆح سووکی، ئازایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی و زانستی و ... هتد، ئەو هەمیشە چاوەڕێی بیستنی چرپەکانی ئیعجابی هاوسەرەکەیەتی بۆی.

**کلیلی چوارەم: گرنگی پێدانی:**

هەمیشە خۆت وا دەربخە کە خێزانەکەت جێی گرنگی پێدانی تۆیە، هەوڵ بدە وتەی "پیاو گرینگی نادات" رەت بکەیەوە، بە پێی توانای خۆت هەوڵ بدە گرنگی پێدانتی بۆ دەربخەی بە جۆریک کە تەوەری ژیانی تۆ

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەوەیە، ئەوە زۆر دڵ خۆشی دەکا و هەستێکی گەورەی متمانە بە خۆبوونی پێ دەدا، ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەوەی کە ئەو شتانەی لە لای هەر دوولا گرینگن هاوبەش دەبێ و زیاتر لێک نزیک بوونەوە و تێگەشتنی هەر دوولای بە دواوەیە. لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی دەروونی لە ژیانی دا.

**کلیلی پێنجەم: هاندانی:**

هەمیشە بە دوایەوە بە، هانی بدە کە ببێتە ئەو کەسایەتی‌یەی کە خۆی خەونی پێوە دەبینێ، بە مەرجێک خۆت لە سایەی دا بمێنیتەوە هەوڵ بدە لە سەر ئاستی سۆز و خۆشەویستی بۆی دەربخەی. ژن هەرچەندە خاوەنی کەسایەتی‌یەکی بەهێز بێ پێی خۆشە کە هاوسەرەکەی بیپارێزێ و لە گەڵی بێ.

**کلیلی شەشەم : شانازی پێوە بکە:**

وای لێ بکە هەمیشە هەست بکات کە تۆ شانازی پێوە دەکەی، جار نا جارێک ئەو هەستەی بۆ ئاشکرا بکە، بە تایبەتی لە بەردەمی منداڵەکانتان دا، ئەوەش دەبێتە هۆی هەست کردن بە خۆشی‌یەک لە ناخیەوە کە هەست بە بوونی خۆی دەکا.

لە کۆتایی‌دا لە پێناو ئەوەی هەستی بە هەموو ئەوانەی باسمان کرد مەرجێک هەیە لە کاتی بەکارهێنانی کلیلەکانی دڵی ژندا، ئەویش ئەوەیە

کە بەوپەڕی ڕاست گۆیی و نییەت پاکی‌یەوە هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدە تاکوو بۆی دەرکەوێ کە تەنیا قسە ناکەی و عەمەلیش بە قسەکانت دەکەی نەک تەنیا قسەی سەر زارانن و درۆی لە گەڵ دەکەی و دووڕووی.

بە هیوای بە ختەوەری هەموو خێزانێک

***

# سێدارەم شانازی بێ

چۆن نەسووتێم وەکوو ڤیان بۆ سەربەرزیی کوردستانم
چلۆن نەمرم بە بێ نازی لە چوار دەوڵەت سەرگەردانم

چلۆن بژیم لە خاکی خۆم بە بێگانە حیسێب بکرێم
چۆن نەکوژرێم بۆ نیشتمان کە بە ناهەق ڕیسوا دەکرێم

چلۆن نەگریم کە "قازی"یەکان بە ناحەق دران لە سێدارە
چۆن پێ‌بکەنم کە دەبینم هەر چوار دەورم گورگی هارە

چۆن بیابانم خۆش بوێ کە تابووتی تەرمی کوردە
چۆن نەبمە دوژمنی کەسێ بۆ بێگانە جاش و پردە

چلۆن بژیم بە زەلیلی لەژێر چەنگی دوژمنانا
با سێدارەم شانازی بێ لە ڕێی خاک و نیشتمانا

" ڕێبوار تەنیا ـ کۆیە "

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەونە Z

ئا: هەژیرعەبدوڵلاپوور

## قەڵای والی ئیلام




قەڵای والی یەکێک لە بینا کولتووری ـــ مێژووییە گەورەکانە کە لە ناو شاری ئیلامدا هەڵ کەوتووە. ئەم بینایە مێژووییە کە یادگاری میران و سەردەمانی پێشوو و لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە، لە ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی مانگی‌دا بە بڕیاری "غولام ڕەزاخانی والی" لە گەڕەکێک بە ناوی حسێن ئاوای فەیلی کە بە "دە باڵا" بەناوبانگ بوو و لە سەر تەپۆڵکەیەک بە ناوی چقامێرگ، ساز کراوە. ئەم قەڵایە بەشی جۆراوجۆری وەک حەرەم سەرا، ژووری شانشین، ژووری ئاوێنە و بەندیخانە هەڵکەوتوو لە ژێرخانی قەڵاکە، لە خۆدەگرێ. غولام ڕەزاخانی والی کە ئەو شوێن و بینایەی لە سەر تەپۆڵکەیەکی ڕۆژهەڵاتی ساڵحاوای نە هێندە بەرز بنیات نا و زیاتر لە وەرزی هاویندا وەک هاوینەهەوار کەڵکی لێ وەردەگرت.

سەبارەت بە کورتەمێژووی قەڵای والی هەروەک لە بەردەنووسی تەختی خان هەڵکەوتوو لە ١٥ کیلۆمیتری باکووری ئیلامدا هاتووە، دەردەکەوێ کە غولام ڕەزا خان دوای چەند دێڕ لە کارەکانی خۆی دەنووسێ: "دەستووورم دا بە سازکردنی قەڵای حسێن‌ئاوای فەیلی ناسراو بە "دە باڵا"، تەلارسازی قەڵا و باغەکە لە لایەن حاجی دەروێش عەلی کرماشانی و بەرد تاشی‌یەکەشی لە لایەن ڕەزا قولی‌یەوە لە ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی مانگیدا کۆتایی هات.

قەڵای والی لە زەوی‌یەک بە ڕووپێوی ٤٦٨٧ میتری چوارگۆشە ساز کراوە کە لەو ڕووپێوەش، فەزایەکی سەوز بە ڕووپێوی ١٧٩٢،٤ میتری دووجا لە لای باشوورەوە ماوە. ژێربینای قەڵاکە ١٤٦٦،٠١ میتری دووجایە و پێوەری حەوشەکەی دەرەوەشی ١٣٦٣،٤ میتری دووجایە و بەرزایی ئێستای کەفی حەوشەکەی لە دەوروبەرەکەی ٣،٥ تا ٤ میترە.



ئەم قەڵایە لە کاتی سازکردنی‌دا لە فەزایەکی بە تەواوی ئاوەڵدا سازکرابوو، بەڵام بە گەورەبوونەوەی شار، دەوروبەرەکەی بە خانووبەرە و یەکەی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیداری تەنرا. هەڵکەوتی قەڵاکە بە جۆرێکە کە لە باکوورەوە بە کۆڵانێکی ٦ میتری و لە لای خۆرئاواوە بە شەقامێکی ٨ میتری لە خانووبەرەکانی دەوروبەری خۆی جیا کراوەتەوە. لە خۆرهەڵاتیشەوە بە هۆی بینای ئیدارەی گشتی کاروباری ئابووری و دارایی ئیلامەوە دەورە دراوە.

لە لای باکووری قەڵاکەوە تالار(ژووری شانشین)ێکی جوان هەیە کە لە باری ئەندازەوە لە ژوورەکانیتر گەورەترە. لە ناوەڕاستی تالارەکەدا حەوزێکی چووکە هەیە کە ناوەوە دەوروبەرەکەی بە بەردی مەرمەڕ رازاوەتەوەو لە کاتی نۆژەن کردنەوەدا بە کاشی رەنگی رازێنراوەتەوە.

ئەم حەوزە لە دەوروبەری کانییەک ساز کراوە کە لەو سەردەمەدا ئاوی زۆری هەبووەو بە تێپەڕینی کات ئەو کانییە وشک و کەم ئاو بووەو بۆ ئەوەی حاڵەتی سەمبولیکی کانییەکە بپارێزرێ، لە کاتی بنیات نانەوەی قەڵاکەدا لوولەکێشی بۆکراوەو ئەو بەشەش کەڵتەکراوەتەوە تا هێما سەرەتاییەکانی هەروا بمێنێتەوە.

بوونی نەردەگەلی تۆڕی لە خشت بە رەنگی ئاسمانی، هەیوانە سەرداپۆشراوەکانی لای باشووری قەڵاکە لە گەڵ پەنجێرە تۆڕییەکانی تێکەڵ بە شووشە رەنگییەکان، کۆڵەکە ستوونییەکان، سەرەکۆڵەکە نەخشێنراوەکانی هەیوانەکە، کەوانە رازێنراوەکان بە کاشی رەنگی، دارە بەرز و بە تەمەنەکانی وەک کاج و حەوزی ناو تالارەکە، دوورەدیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیری بە قەڵا و جۆری تەلارسازییەکەی داوە.

قەڵاکە هەروەها ٦ ژێرخان(ژێرزەمین)ی هەیە کە وێ دەچێ بە دانانی شوومینە و جوانکاری تایبەت وەک شوێنێک بۆ پشوودان لە بەهار و هاوین‌دا سازکرابێ و هەروەها سەردەمانێک وەک زیندان کەڵکی لێ وەرگیرا بێ.

## نۆژەن کردنەوەی قەڵاکە

قەڵای والی لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا تا نزیکەی سەدا پەنجا خراو و کاول ببوو کە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە هاوکاری رێکخراوی میراتی کولتووری و بۆ ماوەی ٢ ساڵ بنیات نرایەوە و لە کاتی نۆژەن کردنەوەیدا سەرەڕای ئەوەی قەول درابوو کە تەلارسازی و شێوازی دێرینی قەڵاکە بپارێزرێ، بەڵام بە دانانی تیرئاسن لە بن‌میچی هەیوانەکانی قەڵاکە و لابردن یان زیادکردنی چەند دیوارێکی ژوورەکان و چەند شوێنێکی دیکەی قەڵاکە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە قەڵاکەدا کرا کە پێچەوانەی ئەو بەڵێنە بوو کە بەرپرسان دابوویان و بەم جۆرە تەلارسازی و شێوازی دێرینی قەڵاکە وەک خۆی نەما.

## تایبەتمەندییەکانی تەلارسازی قەڵای والی

زۆربەی هۆدەکانی قەڵاکە بە شێوەی پێچەڵاوپێچ ساز کراون، ئەم قەڵایە ٢٠ ژووری گەورە، ٥ ژووری چووکە، ٤ هەیوان و دوو بەرهەیوانی چووکە لە لای باشوورەوە لەخۆدەگرێ. لای خۆرهەڵات و خۆرئاوای قەڵاکە بە تەواوی هاوخشت(قرینە)ن و ٨٠ سانتی‌میتر لە کەفی حەوشەکەوە بەرزن و بە ٤ پلیکانی بەردینە بە کەفی ژوور و هەیوانەکانەوە بەستراوەتەوە. لەم قەڵایەدا بە هۆی ٣ پلیکان و بە سوورانی ٩٠ پلە دەگەیە سەربانی قەڵاکە. هەروەها دوو بورجی نیگابانی لە لای باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوا ساز کراوە، دەوروبەری ئەو بورجانەش چەند کۆنگرەیەک بۆ دیدەوانی چێ کراوە.

لە ناو رێڕەوەکاندا شوێنگەلێک بە شێوەی تاق نما لە ناو دیوارەکاندا دروست کراوە کە شوێنی جێگیربوونی نگابانەکان بووە. لەنێو رێڕەوی چوونە ژوورەوەی لای خۆرهەڵاتەوە، هەروەها لە ناو ژووری شانشین و بەشی چوونە ژوورەوەی نگابانی، بن‌میچەکان بە کاشی رەنگی و گەچبڕییەکی جوان رازێنراوەتەوە. لەو قەڵایەدا شەش ژێرخان






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سێ لای باکوور، خۆراوا و خۆرهەڵاتەوە دروست کراون که دوو میتر قووڵن و رووناکی‌یەکەیان بە هۆی پەنجێرە تۆڕی‌یەکانی ناو حەوشەکەوە دابین دەکرێ. بۆ رازاندنەوەی درگا دارینەکان و هەروەها پەنجێرەکان لە شووشەی رەنگی کەڵک وەرگیراوە.

زۆربەی ئەو ماددانەی کە لە سازکردنی قەڵاکەدا بە کار براون، خشت و تا رادەیەکیش بەرد بووە. لە کاتی نۆژەن کردنەوەی قەڵاکە لە بن‌میچ و کەوانەکاندا لە قوڕ و گەچ و لە دیوارە و ژێر خشتفەڕشەکاندا لە گڵ و قسڵ و هەندێک جاریش لە زیخ و چیمەنتۆ کەڵک وەرگیراوە.

قەڵای ناوبراو سێ درگای چوونەژوورەوەی لە لای باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەیە کە درگای سەرەکی چوونەناوەوە لە لای باشوورەوە هەڵ کەوتووە کە بە یازدە پلیکانی ٢٠ سانتی‌میتری دەچێتە بەردەم ژووری نیگابانی و دواتر بە هەشت پلیکانی‌تر دەچێتەوە ناو حەوشەی قەڵاکە. رێگەی چوونەژوورەوە بە شێوازی یوونانی سازکراوە. درگاکانی دیکەی قەڵاکە بۆ کاری تایبەتی بووە یان بۆ هات و چۆی میوانەکان دروست کراوە کە بە هۆی رێڕەوگەلێکی تایبەتەوە دەچنەوە ناو حەوشەی قەڵاکە.




بن‌میچی تەواوی ژوورەکان بە گەچ و خشت و بە شێوەی کەوانەی بارەبەر یان تەنیا بۆ رازاندنەوە و بە شێوازی رۆمی سازکراوە. ئاوێنەکاری لە بن‌میچی ژوورەکانیش‌دا باو بووە کە ئاسەوارگەلێک لەو هونەرنواندنە لە یەکێک لە هۆدەکانی لای خۆراوای قەڵاکەوە هەروا وەک خۆی ماوە. گەچبڕی سەر دیوارەکان و میچی ژووری شانشین لە قاڵبی گوڵ و گیادا نەخشێنراوە. هەروەها بەردی ئێزارەی نمای دەرەوەی دیوار بە شێوەی بەردی تاشراوی لاکێشەییە کە بە شێوەی زەق و دیار بە کار هێنراوە.

## مووزەی خەڵکناسی قەڵای والی ئیلام

پێویستە بگوترێ تا بەر لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی شوێنی ئیدارەی کەلەپووری فەرهەنگی ئیلام لە قەڵای والی دابوو کە هەر لەو ساڵەدا بۆ پاراستنی قەڵاکە و پێشگیری لە خراپبوونی ئەو ئاسەوارە مێژووییە، ئەو ئیدارەیە راگواسترا و قەڵاکە خاڵی کرا. بوونی ژووری جۆراوجۆر لە ناو قەڵاکە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرکام لەو هۆدانە گۆشەیەک لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئیلامی‌یەکان بخاتەڕوو و هەروەها شوێنی لەباری قەڵاکە، خەمخۆرانی کولتوور و مێژووی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە مووزەی خەڵکناسی ئەو دەڤەرە لە ناو ئەو قەڵایەدا وەڕێ بخەن.

بەڵێ! لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی‌دا دڵسۆزان و خەمخۆرانی کولتوور، مێژوو و داب و نەریتی ئیلام، وردەوردە کەوتنە بیری وەڕێخستنی مووزەی خەڵکناسی پارێزگای ئیلام و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٨٧ ئەو مووزەیەیان لە قەڵای والی دا کردەوە کە تێیدا بێجگە لە پیشانگای پیشە دەستی‌یەکان، خستنەڕووی جل و بەرگی ئێڵ و هۆزەکانی ئەو پارێزگایە، بەڕە و قاڵی‌چنین، لمەد سوونەوە و ئاشی ئاوی لە بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو ئەنتیکەخانەیەیە، کە بە گشتی دەوڵەمەندی و سەرنجڕاکێشی مووزەکە بواری ئاشنایەتی گەشتیار و توریستەکانی لە گەڵ کولتوور و مێژووی ئەو پارێزگایە خۆش کردووە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە مووزە یان ئەنتیکەخانە نوێنگەی بایەخە لەنێوچووەکانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی‌یە.

بەشێک لە دیکۆراسیۆنی ناوەوەی مووزەی قەڵای والی: خەڵک ناسی، داب و نەریتی کوردەواری



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مووزەکان ئەو بایەخانە وەک پاشماوە و کەلەپوور بە خەڵکی دەناسێنن و ناسینی ئەو کەلەپوورانەش خۆی لە خۆیدا بۆ ژیان و زیندووومانەوەی کولتوور یان فەرهەنگ پڕبایەخ و گرینگە و لە راستیدا، مووزەکان بەرپرسی پاراستنی کەلەپووره هەستپێکراو و هەستپێنەکراوەکانی سروشتی و کولتوورین.

بە شێوەی گشتی مووزەکان بە سەر سێ گرووپی مێژوو، هونەر و زانستەکاندا دابەش دەبن و لەم نێوەدا مووزەگەلی خەڵکناسی دەکەونە گرووپی مووزە مێژووییەکانەوە، کە چوارچێوەی چالاکی ئەم جۆرە مووزانەش موتاڵا و تاوتوێی ئەو کولتوورانەیە کە بۆ سەردەمی پێش لە هاتنی سەنعەتی ماشێنی بۆ ئەو ناوچەیە یان سەردەمی دەست پێکردنی بە سەنعەتیبوون دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی ئێستادا بە توندی کەوتۆتە بەر مەترسی تەوژمی شارستانەتیی سەنعەتییەوە.

مەبەست لە شکڵ گرتن و دانانی مووزەی خەڵکناسی قەڵای والی کە یەکەمین مووزەی پارێزگای ئیلامە، پێک هێنانی ناوەندێکی مێژوویی و کولتووری بۆ هێشتنەوەی پێوەندیی نێوان پاشماوەی بایەخە سوننەتییەکان و بە سەنعەتیبوون و هەروەها گرینگی کەلەپووری مەعنەوی و فەرهەنگی کۆمەڵگایە. بە وتەی دانەرانی مووزەکە راگرتن، پاراستن و ناساندنی کەلەپووری مەعنەوی و کولتووری بە لاوان و نەسڵەکانی داهاتووی ئەو بەشە لە نیشتمان لە مەبەستەکانی دیکەی وەڕێخستنی مووزەکەیە.

لە پۆلێنبەندی کەل و پەلەکانی مووزەی خەڵکناسی پارێزگای ئیلام سێ ئەسڵی ژینگە، ژیان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕەکان وەک بنەما دانراوەو هەر لە سەر ئەو سێ ئەسڵەش کەل و پەلەکانی مووزەکە بە سەر ٦ گرووپی تێکنیکەکانی بژیوی؛ ئایینزا و بۆنەکان؛ خانووبەرە؛ هونەرەکان و سەنعەتە دەستییەکان؛ خواردەمەنی و؛ جل و بەرگ و باوەڕەکاندا دابەش دەبێ.

بە گشتی بەشی کشت و کاڵ یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی مووزەکە پێکدێنێ کە خۆی قۆناغەکانی توو چاندن و کێڵان، رنینەوە یان درووونەوەو گێرە و شەنکردن و سەرەنجام هەڵگرتنەوە لەخۆ دەگرێ. بەشێکی دیکەی مووزەکە بەشی باوەڕ و داب و نەریتەکانە کە لەو بەشەشدا کەل و پەلی جۆراوجۆر لە نێو جامخانە یان ویترینەکاندا خراونەتەڕوو. هەروەها لەو مووزەیەدا بەشێکی دیکە کراوەتەوە کە تێیدا ماکێتگەلێک لە ژن و پیاوانی کورد، لەک، لوڕ و عەڕەب بە جل و بەرگی تایبەتی خۆیانەوە خراونەتەڕوو. پیشاندانی ناوداران، ژیانی هۆزەکان، دیمەنی زەماوەند بە شێوازی ئەو ناوچەیە، پیشە دەستییەکان، رێ و ڕەسمی چەمەر، راوە کەو و زۆر بابەتی دیکە بەشەکانیتری ئەو مووزەیە پێک دێنن.

پێویستە بگوترێ شارستانەتی ئیلام بە مێژینەی دە هەزار ساڵە یەکێک لە کۆنترین و دەوڵەمەندترین شارستانەتییەکانە کە ئاسەوارێکی زۆر لەو شارستانییەتە لە پارێزگای ئیلام و بە تایبەت لە مووزەی ناوبراودا بەرچاو دەکەوێ.

مووزەی خەڵکناسیی شاری ئیلام لە کاتی کردنەوەی لە ساڵی ١٣٨٧ەوە تاکوو ئێستا لە لایەن گەشتیاران و هۆگرانی کولتووری ئیلامەوە گرینگی و بایەخی تایبەتی پێ دەدرێ و هەروا توریست و گەشتیاران لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران و تەنانەت جیهانەوە بە تایبەت لە ڕۆژانی پشووی نەورۆزدا رووی تێ دەکەن.

ڕەنگبێ غوڵامڕەزاخانی والی هیچ کات بە زەینیشیدا نەهاتبێ کە ڕۆژێک نەسڵەکانی داهاتوو ئەو قەڵایە بکەنە گەنجینەیەک تا بە هۆی ئەوەوە هێمایەک لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەکەی لە بەشی شانشینی قەڵاکە بخرێتە بەر دیدەی بینەران و ئەو ئاسەوارە مێژووییە بکرێتە مووزەیەک کە کولتور و مێژووی ئەو پارێزگایەی تێدا پیشان بدرێ.



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هومێد و ناهومێد



و: محەممەد سادق

١: هومێد دەرگاگەلێک دەکاتەوە کە ناهومێدی گاڵەی داون.
٢: هومێد دەبێتە هۆی دۆزینەوەی کارگەلێکی ڕەخساو و گونجاو کە ناهومێدی بە نەلوانیان لە قەڵەم دەدا.
٣: هومێد دەسەڵاتی خۆی لە باوەڕێکی بەهێز بە خوا وەردەگرێ.
٤: هومێد مۆمێک دادەگیرسێنێ کە ناهومێدی کوژاندویەتیەوە.
٥: هومێد ئاریشەکان "چ چووکە و گەورە" وەک هەلەکانی ژیان دەخاتە بەرچاو.
٦: هومێد گوتەی وەهماوی و خەیاڵاتی پووچ و بێ مانا سەرکوت دەکا و هەستێکی خۆش دەخاتە نێو دڵەوە.
٧: هومێد مەبەست گەلێکی بەرز لە زەین دا سەقامگیر دەکا و بە هۆی لەمپەرەکانەوە، لە دژواری و شکستەکان بێ هیوا نابێ.
٨: هومێد کاتێک مایەی سەرەکی‌یە و دەبێتە هاندەر کە ڕەها و تەرک بوونی هەموو شتێک ساکار دەکاتەوە.
٩: هومێد هەوراز و نشێوەکان تەخت دەکا و نیشان دەدا کە تەنانەت درێژترین و دژوارترین سەفەرەکان بە یەکەم هەنگاو دەست پێ دەکەن.
١٠: هومێد خاڵە ئەرێنی‌یەکان لە ناخی مرۆڤەکان دا زەق دەکاتەوەو ئەو خاڵە نەرێنی‌یانەی کە بوونە ناهومێدی، ڕیشەکێش دەکا.

سەرچاوە:
ڕاەزندگی. شمارە ٣٠٣

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چریکە
# çrîke



ئازادعەباسیان

## سپاس بۆ ئەو هەوڵە بەنرخەی کاك سەید جەلال ساڵحی

سەید جەلال ساڵحی کە نزیک بە ١٥ ساڵە لە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرِات دایە و هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بتوانێ خزمەت بە زمانی کوردی بکا و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زمانەوانی دا تێ بکۆشێ. فارس وتەنی "خواستن، توانستن است"، سەید جەلال لە گەڵ بەجێ گەیاندنی ئەرکە حیزبیەکانی هیچ کات نەی هێشتووە لە خزمەت کردن بە ئەدەبیات و رێزمانی کوردی جێ بمێنێ. هەردەم بیری لەوە کردۆتەوە کتێب گەلێک کە بە زمانی فارسی نووسران و پرِ نێوەرِۆکن و بە کەڵکن بۆ خوێنەری کورد وەریان بگێرِێتە سەر زمانی کوردی و بیخاتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم جۆرە هەوڵانە خزمەتێکی پیرۆز و جێگەی رێزە، چونکە بەو جۆرە کارانە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر و رِازاوەتر دەبێ.

کتێبی "اصول و تفسیر آزمایشهای سرولوژی بالینی" کە بە قەڵەمی دوکتور پەرویزی پاکزاد نووسراوەو لە لایەن سەید جەلالی ساڵحی‌یەوە کراوە بە کوردی و لە ژێر ناوی "بنەماو لێکدانەوەی تاقیکارییە سێرۆلۆژی‌یەکان) خراوەتە بە دیدی خوێنەران و ئۆگرانی زانستی پزشکی. ئەم کتێبە لە لایەن ناوەندی بڵاو کردنەوەی خانەی وەرگێرِان لە سلێمانی چاپ کراوە.

دیارە جیا لەم کتێبە، کتێبێکی دیکەشی لە ژێر ناوی "ئیدز، نەخۆشیی سەدەی بیستەم" لە زمانی فارسی‌یەوە وەرگێرِاوەتە سەر زمانی کوردی و خراوەتە بە دەستی خوێنەران. لە گەڵ ئەوەی کە زۆر دەمێکە خەریکی نووسین و وەرگێرِانە و لە بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی نێو خۆی حیزبی و تا رِادەیەکیش دەرەوەی حیزبی وتار و بابەتی بڵاو بۆتەوە ئێستاش هەروا خەریکە و بەرهەمێکی دیکەشی لە ژێر چاپ دایە.

دەست و پەنجەت خۆش بێ و هیواداریـن کە نموونەی وەک جەنابت زۆر بن.

سەید جەلال ئەم کتێبەی پێشکەش کردوە بە برای جوانەمەرگی خۆی، کاک سەید جەماڵ کە پاییزی پارەکە بە یەکجاری ماڵاوایی لێ کرد. ئەمەش دەقی پێشکەش کردنەکەیە:

پێشکەشە بە:

"برای زێدە ئازیز و خۆشەویستم، برای جوانەمەرگم کاک سەید جەماڵی ساڵحی (جەمال سەید حەسەن شێخ ساڵح) کە لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢ی سەرماوەزی ١٣٨٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ی زایینی لە تەمەنی لاویدا ماڵئاوایی لە خێزان (شادی) و دوو کۆرپە نازدارەکەی ( محەممەد سادق و سۆهەیلا) و دایک و باوک و خوشک و برا و کەس و کار کردو چۆوە بەر دیوانی خودای خۆی.

هەر بە یادی رۆژی یەک شەممە ٩ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی دواییـن دیدار و ماڵئاوایی پاش زیاتر لە ١٣ ساڵ یەکتر نەبینین. رۆحی شاد و جێگەی بەهەشت بێت.

***







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکی فیرعەون و شەیتان



و: ئەدیب عوسمان حەسەن

فیرعەون پاشای میسر لافی خوایەتی لێ دەدا.

ڕۆژێکیان پیاوێک هاتە لای و بە بەرچاوی دەوروبەرەکەیەوە هێشووە ترێیەکی دایە دەستی و گوتی:

ئەگەر تۆ خوای و داوای خوایەتی دەکەی، ئەم هێشووە ترێیەم بۆ بکەرە ئاڵتوون؟!

فیرعەون ڕۆژێکی مۆڵەت لێ خواست. شەو لە بیری ئەوەدا بوو کە چ بکا و چ ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە، دۆش دامابوو کە لەپڕ کەسێک لە دەرگای دا. پرسی کێیی؟!

لەنەکاو کە دیی، شەیتان وەژوور کەوت.

شەیتان گوتی:

قوڕ بەسەر ئەو خوایەی کە نازانێ کێ لە پشت درگاوەیە. دواتر جادوویەکی لە هێشووە ترێکە کرد و کردییە ئاڵتوون. دوایە بە فیرعەونی گوت:

من بەو هەموو توانامەوە لیاقەتی بەندەیی خوام نەبوو تۆ بەو هەموو زەبوونیەتەوە لافی خوایەتی لێ دەدەی؟! لەو قسانەدا بوو شەیتان ویستی بڕوا کە فیرعەون لێی پرسی: کەواتە بۆچی سوجدەت بۆ مرۆڤ نەبرد تا نەکەویە بەر غەزەب و نەفرینی خوا؟

ـ وەڵامی داوە:

چونکە دەم زانی کە لە وەچەی مرۆڤ هی وەکوو تۆی لێ دەکەوێتەوە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# گەش بین و رەش بین
# لە ژیانی مرۆڤەکان دا

شەونم یەزدان پەناهی

## گەش بین کێیە؟

ژیان کە خۆی لە خۆی دا لە کۆمەڵێک ئەهرامی پاڵنەر بە تایبەتمەندیی دەروونی و کردار و هەڵس و کەوت و تێڕوانینی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە ئەو تێڕوانینەیە کە لە بیرو هەستی مرۆڤەکان بەرامبەر بە ژیان و ئامانج و ڕووداو پێشهاتەکاندا هەیانە شتێکی نوێ نی‌یە، بەڵکوو بە درێژایی پەیدا بوونی مرۆڤ هەر هەبووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بە تێ‌پەڕبوونی زەمەن گۆڕانی بە سەر داهاتووە. ئەم تێڕوانینە و هەڵسەنگاندنیشی تا ئەمڕۆ گەلێک گۆڕانی بەسەر ژیانی تاکەکەسی مرۆڤدا هێناوە هەر دوو جەمسەری چاک و خراپی لە یەک جیا کردۆتەوە. مرۆڤی گەش بین بڕوای بە سەرکەوتن لە ژیانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی‌دا هەیە. کاتێک کە ڕووداو، کێشە یا هەر پێشهاتێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەست بە شکست ناکا و لە بەرامبەریان دا خۆڕاگرەو و بە وردی مامەڵەیان لە گەڵ دەکا. ئەو جۆرە مرۆڤانە شکستەکان بە کۆتایی ئامانجەکانی دانانێ و دەتوانێ ڕێ و شوێن و چارەسەری بۆ گرفت و کێشەکانی بدۆزێتەوە. بێ گومان هەر ئەوەندەی بنەماڵە کار لە مرۆڤ دەکا، کۆمەڵگە و دەوروبەر زیاتر کاریگەریان لە سەر بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتی مرۆڤەوە هەیە. واتە دەوروبەر مرۆڤ لە زۆر شت و مەسەلەی دیکە کە چاوەڕوان نەکراون ئاگادار دەکاتەوە. مرۆڤی گەش بین ئامانجدارەو باوەڕی بە گۆڕانکاری ژیانی کەسایەتی خۆیان و دەوروبەریی هەیە، واتە هەر مرۆڤیک کە باوەڕی بە گۆڕانکاری لە ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی دا هەبوو و لێک دانەوەی باشی بۆ مەسەلەکان





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنایە گۆڕی ئەوە ئەو کەسە بە مرۆڤێکی گەش بین پێناسە دەکەن. کەسی گەش بین خوو و ڕەوشتی بەرزە، خۆیان لە هەڵس و کەوت و کرداری نارەوا دوور دەخەنەوە. کەسانی گەش بین مرۆڤگەلێکن کە بیرو هەستێکی ئازادیان هەیە، لە ژیاندا سەربەستن و وردبینن لە بڕیاردان دا، بە تێگەیشتن و وردبوونەوەیەکی زۆر مامەڵە لە گەڵ ڕووداوەکان دەکەن. چۆن ببین بە مرۆڤێکی گەش بین؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە بڕێک ئیرادە و هێز و بیرو دەروون و نییەتێکی پاک و لێ بووردەیی دەتوانن ببن بە باشترین و کاراترین بنچینە و بناغەکانی گەش بینی. ئێمە دەبێ هەر شتێک بە کەڵک و قازانجێکی کە بۆ خۆمان ویستمان بۆ دەوروبەریشمان بوێ. باش بین لە گەڵ خەڵک تا خەڵکیش لە گەڵمان باش بێ. ڕێز لە مرۆڤەکان بگرین تا ڕێزمان بگرن. کێشە و ڕووداوەکان لە بیر بکەین و هەستی لێ بووردەییمان هەبێ. ئەو ئاواتانەی کە وەدیهاتن و گەیشتن بۆیان ساکار و مەحاڵە نابێ کۆڵیان پێوە هەڵگرین و خۆمانیان پێوە ماندوو بکەین. بڕیاری باش بدەین تا دەستکەوتی باشمان هەبێ. لە گەڵ مرۆڤی باش و دڵسۆز و تێگەیشتوو هەڵس و کەوت بکەین. دەبی چالاک و هەڵسوور بین تا وشیاری و ئاگایی و لێهاتوویی و لێوەشاوەیمان زیاتر بێ. دڵێکی ئاوەڵا و بیرێکی قووڵ و جەستەیەکی بەهێز و باوەڕ بە سەرکەوتن لە ژیانمان دا زۆر گرینگن. خۆڕاگر بین و لە ڕووداو، کێشە و پێشهاتەکان ترسمان نەبێ. دوارۆژێکی ڕوون و پرشەنگدار بۆخۆمان و دەوروبەرمان مسۆگەر بکەین و ئاواتەکانمان لە ئەندازەی توانا دەروونی و جەستەیی‌یەکانمان دا بن تا بتوانین هەوڵی بەدیی هاتنیان بدەین. هەست بە خۆشی بکەین لە بەرامبەر سەرکەوتنی هاوڕێیان و دەوروبەرماندا و خراپ و بەرتەسک بیر نەکەینەوە. سۆز و خۆشەویستی خۆمان بەرامبەر بە خۆشەویستان و هاوڕێیان چەند قات و توند و تۆڵتر بکەین. مرۆڤەکانی‌تر هان بدەین تا ڕێگایەکی باش بگرنە پێش و باوەڕیان بە ژیان هەبێ و بتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. لە ڕووی تەندروستی‌یەوە زۆر گرینگی بە جەستەی خۆمان بدەین و پاک و خاوێن بین لە کاتێک کە خراپەمان بەرامبەر دەکرێ لە هەوڵی تۆڵە سەندنەوەدا نەبین و لێ بووردەیی و لەخۆ مایەدانمان تێ‌دا هەبێ.

## ڕەش بین کێیە؟

هێندێک مرۆڤ هەن کە لە ژیاندا بێ هیوان و بڕوا بە گۆڕانکاری‌یەکان ناکەن. لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا بیر دەکەنەوە. بیریان ئاوەڵا نیە، دوارۆژ لەبەر چاو ناگرن. واتە ترسیان لە ڕووداو و پێشهاتەکان هەیە و ڕەش بینانە بەرامبەر ڕووداوەکان بیر دەکەنەوە. ڕەش بینن بەرامبەر خۆیان، دەوروبەرو داهاتوویان. کاتێک هەڵەیەک دەکەن و تووشی شکست و گیروگرفت و ڕووداو کێشەکان دەبنەوە، ناتوانن خۆڕاگری و بە باشی مامەڵەیان لە گەڵ بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

لەگەڵ دەروونی خۆ و دەوروبەریان سازشیان نی‌یە. خۆیان لە ژیان دەدزنەوەو گۆشەگیر دەبن. هیواو ئامانجەکانیان دووراودوور دەبینن. بە نیسبەت دەوروبەریان بەم جۆرە بیر دەکەنەوە کە بۆچی ئەو هەیەتی من نیمە! چونکە هەوڵ بۆ وەدەست هێنانی شتەکان نادەن و دەیان هەوێ بە بێ ماندووبوون و زەحمەت بەدەستیان بێنن. نایان هەوێ کەسانی دیکە لە ژیانیان دا سەرکەوتن بەدەست بێنن و بە ئامانج و هیواکانیان بگەن. ئەو جۆرە مرۆڤانە شتەکان بە بیرو لێک دانەوەیەکی خراپ هەڵ دەسەنگێنن و لە دادوەری دا دروست قەزاوەت ناکەن. لە ژیانی خۆیاندا هەست بە هیج جۆرە سۆز و خۆشەویستی‌یەک ناکەن، گرژو توورەن. چونکە بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتیان بێ کەڵک و بێ مانایە. دەڵێن تازە کار لە کار دەرچووە و گەیشتووینە کۆتایی و سەرکەوتوو نابم و ناتوانم بە ئامانج و ئاوات و ویست و حەز و خولیا و ئارەزووەکانم بگەم. تواناکانی خۆیان هەڵ ناسەنگێنن و متمانەیان بە خۆیان نیە. بە جۆریک کە کاتێک دەیان هەوێ کارێک بگرنە پێش ترسیان لە ئاکامەکەی هەیە. هەموو شتەکان بە چاو و بیرێکی بچووک دەبینن و والێک دەدەنەوە و دەڵێن کە ژیان هەمووی فشەیە، دوارۆژی چی و داهاتوو و ئامانج و سەرکەوتنی چی، چونکە خۆیان بە کۆمەڵێک شتی ساکار دەبەستنەوە. ئەو مرۆڤانە جگە لەوەی لەگەڵ خۆیان سازگار نین بگرە ڕێگە لە مرۆڤەکانی دیکەش دەگرن و دەبنە لەمپەر لە سەر ڕێگەیان و بە هێندێک قسەی پڕوپووچ و بێ مانا و تانەو تەشەر دەیان هەوێ کەسانی دیکەش وەک وان بڕوانە داهاتوو و چارەنووس و ژیانیان و دوورکەونەوە لە ئامانج و ئاواتەکانیان و خوو و خدەی وان بگرن.



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدە هات سەدە ڕۆیی چرکە چرکە مرگ لێی دەدام

و ژیانم

پەیتا پەیتا هەڵوەرین بوو

وەرزەکانم

ژیانەوەم هێشتا و هەتا ...

بەفرهات و شاڵاوی مرگ و زریان

و من ڕەگم پتەو تر چەقی

پێغەمبەران یەکە یەکە ئایەتی تەسلیمیان هێنا

هەرەشەی گەرمی جەهەنەم ڕێبەندانی زەمهەریر...

موژدەی تایبەتی بەهەشتیش

سوورەی سوورم بە خوێن نووسی...

مێژوو ... مێژوو سەر بەرزیم هەتا هەتایەم

هێشتا بای بوونەوەی شەو، هێشتا بای بوونەوەی شەو

بە بڕیاری مەرگ بەرەو مە دێن .......؟

دێن و دەمانی ڕابردوو، بە داهاتوودا دەبارێنن.

مەسعوود فەتحی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# چیرۆکی ژیانی کچێکی سەر شەقام

## و: چیمەن بارام میرزا

زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە ڕاکردنی کچانی سەرشەقام بۆ؟ چۆناوچۆن و راکردنی کچێک لە ماڵەوە چ هۆکارێکی لە پشتە؟

ئەو کاتەی کە هێشتا لە ماڵی بابم بووم، گەلێ جار گۆڤار و ڕۆژنامەکانم دەخوێندەوە کە چییان نوسیوە؟ کچە بەرەڵای سەرشەقام ئاوا رۆی، بۆ ئەوێ چوو، ئەو کارەی کرد. زۆرجاران بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوانە بۆ لە ماڵێ هەڵاتوون؟ بۆچی لە ڕۆژنامەکاندا پێیان دەڵێن کچانی سەرشەقام و تا ئەو جێگایەش کە لە توانامدا بوو بە دوای هۆکارەکەی دا دەگەڕام و توانی بووم بزانم کە زۆربەیان لەبەر کێشەی خێزانیەوە ڕادەکەن.

کاتێک کە لە گەڕەکەکەمان دا هاوڕێکەم "زوهرە" لە بەر شەڕی دایک و بابی لە ماڵێ رای کردبوو و ناوی کچی سەرشەقامی بەسەردا سەپا، شوکرانە بژێر بووم کە خاوەن پێگەیەکی باشی کۆمەڵایەتی بووم و قەت نەم دەتوانی بیر لەوە بکەمەوە کە رۆژیک بۆ خۆم ببمە کچێکی سەرشەقام. بەڵام ئەدی بۆ وای لێ هات؟ بۆ تووشی ئەو چارەنووسە بووم؟ بەڵێ من ئێستا کچێکی راکردووم و دەمەوێ بەسەرهاتی تاڵی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە، بەسەرهاتێک کە بە مردنی دایکم دەستی پێ کرد.

ئەمن تاقانە کچی ماڵێ بووم و سێ سال پێش ئیستا کە پازدە ساڵم تەمەن بوو، دایکم بە نەخۆشی شێرپەنجە تێدا چوو. دایکم بە مردنی خۆی ئەمنی بە تەنێ بەجێ هێشت و من مامەوە و باوکم و خانوویەکی گەورە. باوکم هەموو کەس و هەموو شتێکی من بوو. زۆربەی نزیک بە تەواوی کاتەکانم لەگەڵ بابم دەبردە سەرێ و باوکیشم هەموو هەولێکی خۆی دەدا تا لە بواری دەروونەوە کەمایەسی هەست پێ نەکەم. بابم دووکانی لۆستێرفرۆشی هەبوو، کار و کاسبی باشی هەبوو. ماڵێکی گەورەمان لە زەعفەرانیەی تاران بوو، ماشینێکی مۆدێل باڵاش ..... بەداخەوە کە دایکم زۆر زوو بەجێی هێشتین و خەمێکی گەورەی خستە سەر دڵمان. بەڵێ دەم گوت. هەموو شتێک باش دەچووە پێشێ تا ئەوەی بابم بڕیاری ژن هێنانی دا، یانی ئەمن دەبوا زڕ دایکم هەبی، زڕ دایکێک کە نەم دەزانی کێیە و چۆنە؟ بەڵام باوکم زۆری تاریف دەکرد، دواجاریش لە سەر ئیزنی ماڵەوە ژیانی هاوبەشیان لە گەڵ مینا پێک هێنا. مینا ژنیکی ٣٦ساڵان و خاوەن کوڕێکی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٦ساڵان بوو کە هاوتەمەنی من بوو. حەمید، کوڕەکەی مینا لە ئیسفەهان دەژیا، یانی هەر لەو جێیەی کە لێی لەدایک ببوو و هەر لەو جێیەی کە باوکی دایکی تەڵاق دابوو و چووبووە دەرەوەی وڵات.

باوکی دووکانەکەی بۆ حەمید بەجێ هێشتبوو و لەوێ کاری دەکرد. مینا لە ئیسفەهان دەژیا و جاروبارە بۆ کڕینی کەل و پەلی دووکانە لوستێر فرۆشەکەیان ڕێی دەکەوتە تاران و لەو هات و چۆکردنەی دووکانی باوکم لە گەڵ یەکتر ئاشنا بوون و دوای ماوەیەکیش بڕیاریان دا کە ژیانی هاوبەش پێک بێنن. بەڵام وا دیار بوو کە حەمید زۆری پێ خۆش نەبوو. ئەو دەی گوت نابێ دایکم مێرد بکاتەوەو دووکانەکەمان لە ئیسفەهان بەجێ بێلێ و بچێ بۆ تاران. بەڵام مینا وای بیر نەدەکردوە. ئەو دەیەویست لە ماڵێکی گەورەو لۆکس دا ژیان بەرێتە سەر و سەیارەیەکی مۆدێل باڵا بخاتە ژێر پێی. باوکیشم هەموو ئەو شتانەی هەبوو، هەر بۆیەش زۆر زوو وەڵامی بەڵێی بە باوکم دایەوە. باوکم بەر لەوەی مینا بێنێ، جارێکیان منی بردە ڕێستورانێک تا لە نزیکەوە بیبینم و بیناسم.

مینا بە باوەشی ئاوەڵاوە وەری گرتم و پەیتا پەیتا بە "کچم" و "کچەکەم" بانگی دەکردم. ئەوەی ڕاستی بێ لە سەر دڵم نیشت و منیش بڕیارم دا کە پێی بڵێم دایە.

دوو مانگ بوو باکم و مینا پێکەوە دەژیان. بەڵام من هەستم بە هێندێک هەڵس و کەوتی جێی گومانی کردبوو. لە تەلەیفوون کردنەکانی بۆ ئەم و ئەو....

زۆرم پێ خۆش بوو بزانم خەریکی چیە؟ لەو کاتەدا بوو کە حەمید لە ئیسفەهان هاتەوەو چەند ڕۆژێک لە ماڵی ئێمە مایەوە. حەمید کوڕێکی بە ئەدەب و تێگەیشتوو بوو. لە قسەکانی ڕا دیار بوو کە هیچ پێی خۆش نەبووە دایکی مێردی کردۆتەوە. حەمید گوتی کە دایکم بۆتە هۆی هەڵوەشانی ژیانمان. ئەو دەی گوت کە دایکم زۆرکاری سەیر و سەمەرە و گوماناوی دەکرد و بەردەوام کێشەی لە گەڵ باوکم دروست دەکرد، تا ئەوەی کە بابم تەڵاقی داو دووکانێکی بۆ من دانا و بۆ خۆی ڕێی هەندەرانی گرتە بەر.

ئەو هەروەها گوتی کە لەو کاتەوە لە گەڵ دایکی ژیاوە، بەڵام قەت پێی خۆش نەبووە پێی بڵێ دایە. حەمید دەی گوت کە ئێستا دایکی دەیەوێ ژیانی بابم، ئێمە! دەبێ زۆر وریا بین و ئاگامان لە خۆمان بێ. ئەمن بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن کوڕێک ئاوا لە سەر دایکی قسان دەکا. باشە مەگەر مینا چی کردوە؟

حەمید دەستی پی کردەوەو گوتی کە مینا دایکی منە، بەڵام بێ ئەخلاقە و من لە دڵی خۆمدا دەم گوت ئاخر چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەگەر وابایە بابم حەتمەن دەی زانی؟!

حەمید گوتی ئەوە بیر لەچی دەکەیەوە؟ لەوانەیە بابت نەی زانی بێ؟ لێم روونە کە نازانێ؟ چونکە مینا دەڵێی مارەو لە ڕواڵەت دا جوان و لە دەروونیش دا شتێکی دیکەیە. ئەو تەنیا لە بەر پووڵ و سەروەتەکەی باوکتە کە شووی پێ کردوە.

حەمید ڕۆیشتەوە ئیسفەهان و ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت و جارلە گەڵ جارشک و گوومانی من بە مینا زیاتر دەبوو.

شەوێکی مینا لە ماڵێ نەبوو، ئەمنیش هەلەکەم قۆستەوەو بە باوکمم گوت کە مینا لە بەر سامان و سەروەتەکەت شووی پێ کردووی و ئەتۆی خۆش ناوێ. پێم گوت کە ئەو کاتانەی تۆ لە ماڵ نی تەلەیفوونی گوماناوی زۆر بۆ دێ و پێوەندیی جێی گومانی لە گەڵ کەسانێکی دیکە هەیە بابە لێم تێ بگە. بەڵام باوکم بە جێی متمانە پێ کردن بە من بە سەرمدا گوڕاندی کە تۆ لە هیچ تێ ناگەی و ئەو قسانە بیرەوە.

باوکم دەی گوت کە تۆ ئێرەیی بە مینا دەبەی، کوا قەت مینا لە گوڵ کاڵتری پێ گوتوی؟ هەر لە ڕاستیشدا وا بوو. مینا بۆ من زۆر باش بوو. بەڵام وا دیار بوو کە بابم قسەکانی منی بۆ گێرابۆوە. ئیدی مینا بەرامبەر بە من گۆڕا.

بەیانی کە دەمەویست بچمە قوتابخانە وتی: زەڕی خانم بۆ خۆم دەت بەمە قوتابخانە، چونکە بیستوومە بەیانیان لە گەڵ کوڕان سواری سەیارە دەبی، بە باوکیشتم گوتوگە.

ئای خوایە گیان ئەوە دەڵێ چی؟ ئەمن و ئەو جۆرە کارانە؟

ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت تاکوو ڕۆژیک ئەمنی کێشایە شوێنێک و گوتی: زەڕی خانم زەحمەت نەبێ ئەگەر ڕەفیقە کوڕەکانت تەلەیفوونیان کرد بۆ خۆت هەڵی بگرە، چونکە ئەگەر من هەڵی دەگرم قەتعی دەکەن، دیارە ئەوەشم بە بابت گوتووە.

دیار بوو کە تەواو گۆڕاوەو لە گەڵم لەج کەوتووە، بەڵام دەسەڵات نەبوو، هیچم لە دەست نەدەهات. ئەو ڕوانگەی باوکیشمی بە نیسبەت منەوە گۆڕی بوو. نەم دەزانی کە دەبێ چی بکەم تا ڕوانگەی باوکم بە نیسبەت خۆم بگۆڕم.

باشم لە بیرە ڕۆژێکیان لە سەر قسەکانی مینا بە قایشی شەڵوارەکەی بەربوە گیانم و ئەوەندەی هێزی هەبوو لێی دام. لێی دام و گوتی: چاو و دڵم روون. وات لێ هاتووە کە کوڕان بێنە بەر دەرکە و بڵێن کە کاریان بە تۆیە؟

ـــ نا بابە گیان درۆیە، ئەوقسانە چن؟

ـــ بێ دەنگ بە، وست. هیچ نەڵێی نامەوێ گوێم لە هیچ بێ.

شەو هات و ڕۆژ ڕۆیشت تاکوو ڕۆژێکی حەمید هات سەری دایکی بدا، شەوەکەی باوکم و مینا چوونە میوانی و ئەمن و حەمید لە ماڵیماینەوە. زۆرمان قسە کرد. باسی دەرس و دەورو کار و مووسیقا و سینەما و......

بەیانی کاتێک لە خەو هەستام دیتم حەمید لە بەر دەرگا ڕاوەستاوەو دایکی لە گەڵی بە شەڕ دێ و قسەی ناشیرینی پێ دەڵێ. مینا دەی گوت ئەو کچە گەمژە و هیچ و پووچە. تۆ چۆن باوەڕی پێ دەکەی؟

ـــ دایە تۆ دەزانی دەڵێی چی. ئەو قسە قۆڕانە چیە؟





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمید بە تووڕەیییەوە دەرگای پێک دادا و ڕۆیشت. شەو کە بابم هاتەوە وەک هەموو شەوەکان بە بیانوویەک دەهاتە سەرم و بەزمی لێدان و کوتان دەژیایەوە. ئیدی نەم دەتوانی لەوە زیاتر ئەو وەزعە تەحەمول بکەم. ژیانم لێ تاڵ ببوو. چیدی بەرگەی ژان و ئێش و ئازارم نەدەگرت. بڕیارمدا لە ماڵێ بچمە دەرێ. کەرەسەکانم خڕ کردەوەو جانتام دەست دایە و لە ماڵێ هاتمە دەرێ. نەم دەزانی ڕوو لە کوێ بکەم و چیم بە سەر دێ؟

لە پێشدا چوومە ماڵە هاوڕێیەکەم و باسەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو وتی کە تەنیا دەتوانی دوو سێ ڕۆژ لێرە بی و دەڵێم کە دایک و باوکت چوونەتە سەفەر، دەنا زیاتر لەوە شک دەکەن.

دوو ڕۆژان لەوێ بووم و دوایە چوومە ماڵی هاوڕێیەکی دیکەم و چەند ڕۆژێکیش لەوێ بووم و ئیدی هیچ ڕووناکاییەکم شک نەدەبرد. وەبیری نووسینی ڕۆژنامەکان کەوتمەوە کە دەیان نووسی ئەو کچانەی لە ماڵێ ڕا دەکەن، لە پارکەکان دەمێننەوە. ئەمنیش لەرووی ناچارییەوە ڕووم کردە پارکێکی نێوشار. لە بەخت و شانسم هاوین بوو، هەوا سارد نەبوو و دەم توانی لە هەموو شوێنێکی پارکەکەدا بنووم.

یەکەم شەو بە ترس و لەرزەوە خەوتم. دەپاڕامەوە کە هیچ کێشەیەکم بۆ نەیەتە پێش. ئەو شەوە هیچ نەقەوما، چونکە خۆم لە پاسەوانی پارک و خەڵکی گوماناوی دەشاردەوە.



ڕۆژی دووهەم بێ هیچ بەرنامە و مەبەستێک بە شەقامەکاندا دەخولامەوە، لە ناکاو کوڕێک بە سەیارەکەی لە بەر پێم ڕایگرت. پارەم کەم پێ بوو، زۆریشم برسی بوو، وەڕەز و ماندوو بووم. هەر نەم زانی چۆن بوو سواری سەیارەکە بووم. لە گەڵ کوڕە ڕۆیشتم. ناوی کیومەرس بوو. لێی پرسیم لە ماڵێ ڕات کردوە؟

وتم بەچی ڕا ئەوەندە دڵنیایەی؟

گوتی: ئەو کچانەی لە ماڵێ ڕادەکەن باش دەناسمەوە، لە ڕواڵەتت ڕا دیارە کە دوێنێ شەو لە پارک یان لە جێیەکی وا بووی. چاوەکانت ماندوویی و شەکەتییان لێ دەباری. زۆرم پێ سەیر بوو، زوو زوو وەڵامم داوە کە بەڵێ ڕاست وایە و لە ماڵێ ڕام کردوەو زڕ دایکێکی دڵ ڕەق و باوکێکی نەفام وایان لێ کردووم، دەی دەڵێی چی؟

گوتی دەڵێم چی؟ هیچ نالێم. دەڵێم ئێستا کە تۆ کچێکی داماوی دەمەوێ یارمەتیت بدەم، دیارە ئەگەر متمانەت پێم هەبێ. تۆ دەتوانی لە ماڵی ئێمە بمێنیتەوە.

ــــ ماڵی ئێوە؟ ئەدی دایک و باوکت هیچ نالێن؟

ــــ نا خەمت نەبێ. ئەوە کێشە نیە. ئەوان پێیان خۆشە یارمەتی کچێکی تازە لاوی وەک تۆ بدەن.

چووینە ماڵەکەیان. بەڵام دایک و باوکی دیار نەبوون. کیومەرس وتی: دەڕۆم لە گەڵ کردووی و هەر ویستوومە کە بت هێنمەوە ماڵێ.

گوتی: ئەگەر گوت بام لە ماڵێ نین، نەدەهاتی. بەڵام نیگەران مەبە، ئەمن کەسێکی پاک داوێنم و هیچ کێشەیەکت بۆ دروست ناکەم. بە ڕاستیش هەر وابوو. چوار ڕۆژ لە ماڵەکەیان مامەوە هیچ کێشەیەکم نەبوو. دوایە زانیم کە ئەو خەڵکی گورگانە و بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی هەیە و دوای وەرگیرانی لە زانکۆ هاتۆتە تاران و باوکی ئەو ماڵەی بۆ بە کرێ گرتووە.

دوو حەوتوو بوو کە لە ماڵی کیومەرس بووم. کاتی داخرانی زانکۆ بوو. بەڵام ئەو دوای ناسینی من بڕیاری دابوو کە لە تاران بمێنێتەوە. پازدە ڕۆژ بوو کە لە ماڵی ئەو بووم. شەوانە دەچووینە ڕێستۆڕان و شتوومەکی جوانی بۆ دەکڕیم. پاش ماوەیەک ئەو شتەی لێی دەترسام بەسەرم هات. سێ مانگ بە سەرمانەوەم لە ماڵی کیومەرس تێ دەپەڕی و بۆخۆمان دانیشت بووین و ژیانی خۆمان دەکرد هەتا ئەوەی کە ڕۆژێکیان کیومەرس کچێکی هێنایەوە ماڵێ. ئەو کچەش وەک من کچێکی ڕاکردووی سەر شەقام بوو. بەڵام تا بڵێی ڕوودار و بێ ئەخلاق و بەد ڕەوشت. دیار بوو کە لەمێژە ڕای کردوە.

کیومەرس وتی: زەڕی خانم ماوەیەکی زۆرە کە میوانداریت دەکەم. میوانی بەسە و ئیدی بڕۆ لیرە. ئەو هەروا بە ئاسانی منی بەو کچە فرۆشت. منێک کە عاشقی ببوم و زۆرجاران باسی پێک هێنانی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ دەکردم، فڕێی دا و خستمیە لاوە. ئەوانە هەمووی خەیاڵی خاوبوون. جانتاکەم دەست دایە و لە ماڵی کیومەرس هاتمە دەرێ.

ساڵێک لەو ڕۆژانە تێ دەپەڕێ و من ئێستاش نازانم کە کێم؟ هەر شەوێ لە جێیەکەم و ڕۆژەکەش لە جێیەکی دیکە و هەر جارەی بۆ لای کەسێک بە کرێ دەچم.

ئێستا ئیدی من ژنێکی سەرشەقامی کار لێهاتووی ڕاکردوو. ئەمن هەر بەو ساکارییە ئەو ناوە و ناوی ژنی سەرشەقامم بە سەردا سەپا. زۆرم پێ خۆشە بچمەوە ماڵێ و تۆڵەی خۆم لە باوکم بکەمەوە، زۆرم پێ خۆشە بزانم کە مینا چی لە سەروەت و سامانەکەی بابم کردوە، بڵێی دەستی بە سەردا گرتبێ یان نا؟ بەڵام نازانم بە چ ڕوویەک بچمەوە بڵێم کە من........

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان!
میوانە بەڕێزەکان!
بەشدارانی کۆنگرە!
لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە بۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەکەتان پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی ژنانی کوردستان بە گشتی و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتییەکەتان بە تایبەتی دەکەین و ئاواتە خوازین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ بێ و ببێتە نوێنگەی ئیرادەیەکی بە هێز بۆ بەردەوام بوونی کاروانی خەباتی یەکسانی خوازی ئێوە ژنانی تێکۆشەر و هیوا و ئەزموونێکی گەورە و بەنرخ بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان.
بەشدارانی خۆسەویست!
زیاتر لە شەش دەیە بەربەرەکانی بێ پسانەوەی کاروانی خەباتی ڕێکخراوەکەتان دژی ڕێژیمەکانی ئیستبدادی، پاشایەتی و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێک هێنانی ئەزمون، هەوراز و نشێوەکانی خەبات بۆ یەکسانی، و دواکەوتن بە دوای ماف و ئازادی ژنان دەرخەری ئەم ڕاستییە فەرامۆش نەکراوەیە کە یەکیەتیی ژنان توانیویەتی سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانی خۆی، متمانەی کۆمەڵانی خەڵک وەدەست بێنێ و لە نێو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێن دانەربێت و ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی خەباتی ژنان دژی زوڵم و ستەمی نەتەویی و چینایەتی.
بەتایبەتی لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردودا یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵی داوە کە کاروانی خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی مۆدێرن و سازمان دراو لە گەڵ وەزعی‌یەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستا ڕێک بخاو بۆ ئەرک و ئامانجە گشتی‌یەکانی تێبکۆشێ و بەرەوپێشی بەرێ. بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە هەوڵ و هیممەتی ژنانی بوێر و جیابیر توانیویەتی جیا لە ئەرک و داخوازی‌یە سینفی‌یەکانی خۆیان وەک قەڵایەکی بە هێز خزمەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان بکەن و خەباتی ڕزگاریی خوازی گەلەکامانیان بە هێزتر و پڕ جۆشتر کردوە.
ژنانی کۆڵ نەدەر!
ئێستا کە لە بەرەبەری دەستپێکی کۆنگرەکەتان دا ئاواتە خوازین بە یەک ڕیزی و یەک‌دەنگی بە هەموو هێز وتواناتانەوە بتوانن ڕێکخراوەکەتان بەرەوپێش بەرن و بە پێوەندی گرتن بە ژنانی ئازا و یەکسانی خواز لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پردێکی بەهێز دابمەزرێنن و لە ئێستا زیاتر بەرنامە بۆ خەباتی ژنان لە گەڵ ڕێکخراوە هاوشێوەکانی تایبەت بە ژنان دابمەزرێنن تا بتوانن بزووتنەوەی ژنان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە گەشەدا بێ و بەرەوپیش هەنگاو هەڵێنێ تا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم بزووتنەوەیە ئازادی و یەکسانی بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات بەرهەم بێنێ.
لە کۆتایی دا وێڕای پیرۆزبایی هاوکاری و پشتوانی خۆمانتان بۆ دووپات دەکەیەنەوە و ئامادەین هەر وەک هەمیشە هاوکار و هاوبیری یەکیەتی‌یەکەتان بین.

سەرکەوێ خەباتی یەکسانی خوازی ژنان.
سەرکەوێ سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان.
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٧١١/٥/١٣ی کوردی ٢٠١١/٨/٣ی زایینی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆبوونەوەی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە

بەشداری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆبوونەوەی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە

سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردان بە بەشداری بەرپرس و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە شاری کۆیە کۆبوونەوەیەک بۆ باس لە سەر یاساکانی ژمارە یەکی ٢٠١١ و یاسای ژمارە ١٨ کە باس لە دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراو و سەندیکا و چۆنیەتی و کارکردنیان لە هەرێمدا دەکا بۆ پەرلمانتارانی هەرێمی کوردستان پێک هات.

سەرەتا لە لایەن دکتۆر دانا سۆفی سەعید سەرۆکی لێژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی باسێک لە سەر هەموار کردن و دانانی یاسای نوێ کرا و ئەرکی ڕێکخراوە و سەندیکا و کۆمەڵەکان و چۆنیەتی دامەزراندن و کارکردنیان باسی لێوە کرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە زیاتر لە ٣٠ ڕێکخراو بەشداریان تێدا کرد کۆمەڵێک تێ بینی و سەرنجی جوان درایە بەردەم ئەم لێژنەیە لە بەر جێبەجێ کردن و دامەزراندنی دەزگای تایبەت بۆ ئەم بەشە. پەرلمانتاران سدیق هەورامی، خاتوو بەیان ئەحمەد، پەیمان عزەدین، ئاشتی عزیز ئەندامانی لێژنە لە پەرلمانی کوردستان هاوڕێیەتی دکتور دانایان کرد و هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری هەر یەک لە ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان، ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوەندی مناڵ پارێزی کوردستان بەشدار بوون و ڕاو بۆچوونی خۆیان پێشکەش بە لێژنەکە کرد.

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لە مەراسمی دەیەمین کۆنگرەی یەکیەتی گشتی قوتابیان

سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٢ی پووشپەڕی ٢٧١١ی کوردی بەرامبەر بە١٤ی جولای ٢٠١١ی زایینی هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان کە پێک هات بوون لە بەڕێزان: مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی و ئازاد محەممەدزادە جێگری بەشی تەشکیلات و ئەندامی هەڵسووری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میوانداری لە لایەن یەکیەتیی گشتی قوتابیان لە هوتێل مۆدێرن لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بەشداری کردنەوەی دەیەمین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە بوون. لەم نێوەدا یەکیەتی لاوان بە بۆنەی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیە پەیامێکی پیرۆزبایی پێشکەش بە کۆنگرەی دەیەمی یەکیەتیی گشتی قوتابیان کرد کە تێیدا یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشێک لە پەیامەکەیدا هیوای بەستنی کۆنگرەیەکی پێشکەوتوو، بەهێز و پڕ لە دەستکەوت و خزمەت بە چینی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان بە ئاوات خواست و خۆشحاڵی خۆی لە مەڕ بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ هەیئەتی خانە خوێ دەربڕی. مەراسمی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە بە دەیان کەسایەتی و حیزبی و حکوومی و سیاسی و مەدەنی تێیدا بەشدار بوون. جێگای ئاماژەیە کە لەم میوانداریەدا سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان لە گەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی و مەدەنی هەرێمی باشووری کوردستان و عێراق دیدار و چاوپێکەوتن و گفتگۆی ئەنجام و لە سەر مەسەلەی پێوەندی بە هێز و پتەوتر لە نێوان یەکیەتی لاون لە گەڵ ئەم ڕێکخراوانە تاوتوێ کرد و باسێکی لە سەر پرسی قوتابی و ڕۆل و پێگەی ئەم چینە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو توێژە بەیان کرد. ئەم مەراسیمە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی دەستی پێ کرد و نزیک بە ٢ کاتژمێری خایاند.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کۆتایی حەوتەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی **٢٧١١/٤/٥**ی کوردی بەرامبەر **٦/٢٦/ ٢٠١١**ی زایینی حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و مشاویرانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی و نوێنەرانی یەکیەتی لاوان لە دەرەوی وڵات، کات ژمێر **٩:٣٠**ی بەیانی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا بەڕێز مەنسوور سەممار سکرتێری گشتیی یەکیەتی لاوان باسێکی کورتی لە سەر وەزعیەتی لاوان و حەرەکەتە ئیعترازیەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکە بە دژی دیکتاتۆری پێشکەش کرد و لە کۆتایی قسەکانی‌دا باسێکی لە سەر گیران و کۆتایی هاتن بە کۆنگرەی **١٥** حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد و دواتر هەر یەک لە بەشداران لەم کۆبوونەوەیەدا بیروڕاو و هەڵسەنگاندنی خۆیان پێشکەش کرد دوای ئەمە ڕاپۆرتێک لە لایان کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە پێشکەش کرا و ئەرک و سەڵاحییەتی ئەم کۆمیتەیە خرایە بەرباس و کات و شوێنی دەست نیشان کرا.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بۆ نووسینی ڕاپۆرتی سیاسی و کاروتێکۆشانی یەکیەتی لاوان داوا کرا لە چەند کەسێک کە ئەم ئەرکە بە ئەستۆوە بگرن. دوابەدوای باس لە سەر کۆنگرە باس لە سەر چالاکی‌یەکانی لاوان لە وەرزی هاوینی ئەمساڵ‌دا کرا و چەندین دەورەی فێرکاری و کەلاسی جۆراوجۆر و سەیرانی گشتی بۆ ئەم وەرزە دەست نیشان کرا و بەڕێوەری گشتی پێ داگر بوو لە سەر ئەو ئەسڵە کە هاوکات لە گەڵ کاروچالاکی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نێو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری تەبلیغی و تەشکیلاتی چڕ بکەنەوە و شایانی باسە کە ئەم کۆبوونەوەیە تا کات ژمێر **٢:٣٠** دوانیوەڕۆی خایاند.



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کردنەوەی دەورەیەک لە ڤۆرکشۆپی ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی

ڕۆژی یەک شەممە و دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧١١/٤/٢٦ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠١١/٧/١٧ی زایینی لە هۆڵی نەجیبەخان لە شاری کۆیە دەورەیەکی ئاسانکاری و تاقیکاری لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی مەدەنی و کاری گرووپی، ڕاگەیاندن و تکنۆلۆژی ، هەواڵنێری و هەندێک بابەتی سیاسی و ئابووری لە لایەن ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی ئەمریکییەوە بەڕێوەچوو کە تێیدا چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و سەندیکای جۆراوجۆر بەشداریان تێدا کرد و ماوەی ٢ ڕۆژی خایاند. لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەندامی یەکیەتی لاوان و جێگری بەشی تەشکیلات ئازاد محەممەدزادە بەشداری ئەم دەورەی کرد کە بەسەرکەوتووانە لەو تاقیکارییە هاتەدەر و لە لایان مامۆستایانی دەورەکە وێرای بەشداربووانی دیکە خەڵات کرا و ڕێزلێنانی ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی ڤۆرکشۆپی پێ بەخشرا. ئەم ڕێکخراوە کە ڕێکخراوێکی ئەمریکییە و ماوەی چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان کاری خزمەت گوزاری و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کەسایەتی سیاسی و مەدەنی و پێگەیاندنی لاوان لە بوارەکانی هەواڵنێری و ڕۆژنامەنووسی دا خزمەتێکی بەرچاوی لە هێندیک بواردا بە ڕێکخراو و سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کردوە وکادری بە ئەزموون و شارەزای بۆ ئەم ڕێکخراوانە پەروەردەکردووە.





www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ئەندامانی خۆی پێک هێنا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە کات ژمێر ٦ی ئێوارە ڕێکەوتی ٢٧١١/٥/٣ کوردی بەرامبەر بە ٢٠١١/٧/٢٥ زایینی، یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ئەندامانی خۆی پێک هێنا.

له دەست پێکی کۆبونەوەکەدا بەڕێز: مەنسوور سەممار سکرتێری گشتیی یەکیەتی لاوان چەند باسێکی سەبارەت بە یەکیەتی لاوان و چوون بەرەو پیری کۆنگرەی ٦ی ئەم یەکیەتی‌یە و شوێن و بایەخەکانی کۆنگرە کرد و تێیدا کۆنگرەی ٦ی بە هەلێکی زێڕین وەسف کرد و ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی لاوانی ئاگادار کردەوە کە دەبێ ئەم کۆنگرەیە ببێتە فاکتەرێکی پۆزەتیڤ و بەهێز بۆ یەکیەتی‌یەکەمان و بە هاندان و کۆکردنەوەی ئەندامان لەو نێوەدا و بە داڕشتنی بەرنامە و پێڕەو و پرۆژەی نوێ ڕەوتی سەرلەنوێ گەشانەوەی ڕێکخراوەکەمان درێژە پێ بدەین. سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا چەند وتەیەکی لە مەڕ سازماندان و بە هێزکردنی ڕێکخستنەکانی لاوان لە نێو خۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد و لەم نێوەدا ئاماژەی بە گۆڕانکاری‌یەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکە و ئێران و کوردستان و هەل و مەرجی نوێ بۆ قۆستنەوەی دەرفەتی بە کەڵک بۆ چوونە ناو ئەم جەریانانە بە گرنگ زانی و تێیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی لاوان وەک پێشڕەو و ئاڵا هەڵگری ئەم ڕاپەڕینە مەزنانە کرد.








www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کۆچی ناوەختی ئەندامێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ٢٧١١ی کوردی بەرامبەر بە ٧ی جولای ٢٠١١ی زایینی هاوڕێی پێشمەرگە و ئەندامی چالاک و دڵسۆزی یەکیەتی لاوان هاوڕێ سامان ڕەمەزانی بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنی هات و چۆ لە شاری کۆیە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد و چووە نێو ریزی گیان بەخت کردوانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

شەهید سامان ڕەمەزانی لە ٢ی خەرمانانی ١٣٧٠ی هەتاوی لە گوندی گامێشگۆلی سەر بە شاری میاندواو لە بنەماڵەیەکی جوتیار چاوی بە دنیا هەڵێنا، تا پۆلی ٣ی ناوەندی هەر لەو گوندە درێژەی بە خوێندن‌دا، پاشان لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی تێکەڵ بە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو و ئەرکی پێشمەرگایەتی زۆر بە باشی بەجێ گەیاند و لە ئۆرگانی خەدەماتی حیزب سازمان درا، هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک ئەندامێکی هەڵسووڕ و چالاک لەو ڕێکخراوەدا خزمەتی کرد و هەوڵی دا کە پلەی زانیاری خۆی تا ئاستێکی باش بەرێتە سەر، شەهید سامان لە ناو یەکیەتی لاواندا ئەندامێکی کارا و خۆش ناو بوو و هەمیشە لە نیو کۆڕی گەرمی لاواندا جێ پەنجەی دیار بوو، شەهید سامان چەندین بەرپرسیارەتی دیکەشی لە یەکیەتی لاواندا گرتە ئەستۆ، ئەو سەرەتا وەک ئەندامی چالاکی کۆمیتەی قەڵا و دواتر گەیشتن بە بەرپرسی کۆمیتە و پاشانیش وەکوو بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کۆمیتە هەڵبژێردرا و کاری کرد. جیا لەوەی کە لە تیمی فوتباڵ و کیک بۆکسیکی لاواندا بەشداری کرد چەندین جار پلەی یەکەم و دووهەمی بەدەست هێنا و خەلات کرا، لەو ماوەیەدا زۆر زوو جێگای لە نێو دڵی هاوسەنگەران و هاوڕێیانی هەم لە ناو حیزب و هەمیش لەناو یەکیەتی لاوان بەتایبەتی کردەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم بۆنەوە سەرەخۆشی خۆی پێشکەش بە هەموو هاوڕێیان و هاوسەنگەران و بنەماڵەی سەربەرزی دەکا و ئاواتەخوازین کە رۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.





# یەکیەتی لاوان خولێکی پێشبڕکێی وەرزشی ریزگۆڵی بەڕێوە برد

لە چوارچێوەی ئەو کار و چالاکیانەی کە یەکیەتی لاوان ئەمساڵ لە وەرزی هاوین‌دا بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خوی لە کەمپەکانی حیزبدا ڕێکی خستبوون، بەڕێوەچوونی خولێکی پێشبڕکێی ورزشی ریزگۆڵ بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٦دا دەستی پێ کرد و زیاتر لە دە تیم تێیدا بەشداربوون. یاریەکان لە کەشێکی ئارام و وەرزشی دا بەڕێوە چوون و تیمەکانیش لە ئاستێکی باش دابوون. یاریەکان بەو شێوەیە بوون کە هەر تیمێک دوو دۆڕاوی هەبوویایە ئەوا وەدەر دەکرا و لە کۆتایی‌دا دوو تیمی براوە دەمانەوە، یاریەکان‌کە دەستی پێ کرد زۆریک لە تیمەکان دۆڕان، تا ئەوەی کە تیمەکانی گیاڕەنگ و لاوانی ئازادی مانەوە بۆ فینالی یاریەکان و لە فینالی یاریەکانیش‌دا کە لە ڕۆژی ٢٠١١/٧/١٥ بەڕێوەچوو. لاوانی ئازادی توانیان پلەی یەکەم بەدەست بێنن و تیمی گیاڕەنگیش پلەی دووەمی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێک هێنانی سەیرانێکی گشتی بۆ ئەندامانی یەکیەتی لاوان

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٦ی گەلاوێژی ٢٧١١ی کوردی بەرامبەر بە ٢٧ جوولای ٢٠١١ زایینی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی بەرنامەی کاروچالاکی هاوینانەی خۆی وەک سالانی پێشوو سەیرانێکی گشتی بۆ ئەندامانی خۆی پێک هێنا. ئەو گەڕان و گەشتی بە کۆمەڵە زیاتر بۆ لێک نزیک بووونەوە و ئاشناکردنی ئەندامان و بە دەورەوەبوونی ئەوان لە یەکیەتی لاوان و ئاشناکردن بە شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستان پێک هاتبوو. بۆ ئەم سەیرانە ئەم یەکیەتی‌یە ڕووی کردە چەمی ڕێزان لە نزیک شاری سلێمانی کە لە کاتی شۆڕش‌دا ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بوو. ئەندامانی یەکیەتی لاوان بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون لەم شوێنە سەردانی ئەشکەوتی ئەوێیان کرد کە سەردەمانێک شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بوو. لەم سەیرانەدا هاورێی بەرێز نەسرین حەداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی بنیادی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سنفی و دێمۆکراتیکەکان و ڕەحیم مەحموودی بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ زیاتر لە سەد ئەندامی لاوان بەشداری ئەم سەیرانە گشتی‌یەیان کرد. هەر لە سەرەتای ئەم گەشتە تا کۆتایی و هاتنەوەی هاورێیانی ئەندام بۆ خۆشی ژیانی خۆیان بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ بردە سەر و دواتر هەموو هاورێیان بە مەبەستی پاراستنی ژینگە هاوکاری شارەوانی ئەم سەیرانەیان کردو سەرجەم شوێنی سەیرانگاکەیان خاوێن کردەوە.










کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی هێژا و خۆشەویست ژمارەی وەرزی بەهار بە هۆی هێندێک گیروگرفتەوە وەدواکەوت و لە کاتی خۆیدا نەگەیشتە دەستتان، بۆیە ئەم ژمارەمان لە دوو ژمارە پێکهاتووە.**

**دەستەی نووسەران**

فایلی ژمارەی داهاتوو:

# پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## بەڵێن بێ بۆ شەهیدان

ئەمن کوردم بەخوێنی دڵ پەیمان دەدەم
هەتا مردن ڕێگای پێشەوا بەرنەدەم

لەغوربەت بم یان لە بەندیخانەی ستەم
بڕیار دەدەم بڕیار دەدەم بڕیار دەدەم

وتەکانی خودای ئاشتی لەسەر سەر نێم!
نەیارانی خاک و گەلم گشت وەدەرنێم!

مێژووی ونم بە هەموو کەس بناسێنم
کۆشک و تەختی داگیرکەران بڕووخێنم

لەسەر هەموو بستێکی خاك دوژمن ڕاونێم
لەسەر گلکۆی هەموو شەهیدێ گوڵ دانێم

کڕنۆش بەرم بۆ شۆڕش گێرانی وڵات
بۆ پەیکەری شەهیدانی ڕێگای خەبات

وەك کوردێکی پاك و ڕەسەن بریار دەدەم
نەبۆ عەرەب، نەبۆ تورك، نەبۆ عەجەم!!

سوژدە نابەم مافی خۆمیان لێ دەسێنم
سەربەخۆیی وڵاتەکەم بەدەست دێنم

گۆڕغەریبان بۆ کوردستان دەبەمەوە!
لەچوارچرام یادی کۆمار دەکەمەوە!

لە گوند و شار، لە سەربانی هەموو ماڵێ
لە دەشت و شاخ لە داوێنی هەموو یاڵێ

ئاڵای چوار ڕەنگم هەڵ دەدەم، لە لوتکە و بان
باشەکاوەتر بێ بۆ کورد و کوردستان

وەك ئاڵاکەم هەرچوار پارچەی کوردستانم
بە بێ سنوور دەکەمە یەك نیشتمانم...!!!

عارف عەزیزی سوئێد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# LAWAN

The Organ Democratic Youth Uonion of the Kurdistan

No: 42 August 2011

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org